# کوردستان ناسنامەی من






هاوڕێ قەندیل

# کوردستان ناسنامە ی من

کورتەیەک لە ڕاستیەکان بۆ ڕاچڵەکاندنی ویژدانی مرۆڤایەتی
دڵۆپێک لە ناو دەریای پڕناکۆک دا

**ناوی پەڕتوک : کوردستان ناسنامە ی من**

**نوسەر : هاوڕێ قەندیل**

**چاپی یەکەم : بەفرانباری 2706 کوردی**

## دیاریەک بۆ هەموو شۆڕشگێڕان و گیان بەختکەرانی ڕێگای ئازادی وسەربەخۆیی کوردستان

ئەم پەڕتوکە هاوکات بە زمانی ئینگلیسیش بڵاوکراوەتەوە.

مافی چاپ و بڵاو کردنەوەی پارێزراوە بۆ چاپخانە ی سان لەند.

SunLand Publications

Copyright © SunLand Publications 2006

ISBN 0-9552158-1-1 (978-0-9552158-1-0)

First edition January 2006

All rights reserved for this book, and any part thereof, may not be reproduced in any form or by any means, electronic, mechanical, photocopying, recording or otherwise, without the prior written permission of the publisher.

## پێشەکی

**1- ناسنامە چیە؟**

**2- خاڵە گرنگەکانی مێژووی گەلی کورد و شۆڕشەکانی کوردستان**

2.1- ڕەگەزی گەلی کورد لە 6000 ساڵ پێش زاین دا
2.2- حکوومەتی مەدیا
2.3- گەلی پارس
2.4- شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر لەدژی زوحاک لە 700 ی پ.ز
2.5- فروئارتیس سەرکردەی مەدیاکان لە 676 ی پ.ز
2.6- حکوومەتی مەدیا بەسەرکردایەتی کەیخەسرەوی دووهەم
2.7- شۆڕشی ئەترووپات لە 323ی پ.ز
2.8- هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر کوردستان لە 539ی ز.
2.9- ئەمارەتی کوردستان لە 889ی ز.
2.10- دەوڵەتی مەروانی لە 930ی ز.
2.11- دەوڵەتی شەددادی کوردی لە 951ی ز.
2.12- سەلجوقیەکان لە 1049ی ز.
2.13- هێرشی مەغوڵەکان لە سەدەکانی 13 و 14ی ز.
2.14- ئەمیر شەرەفخانی دڕلیسی لە 1597ی ز.
2.15- جنایەتی سەفەویەکانی ئێران لە 1500ی ز.
2.16- پەیمانی قەسری شیرین لە 1639ی ز.
2.17- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە 1880ی ز.
2.18- شۆڕشی بەدرخان پاشا لە 1880ی ز.
2.19- شۆڕشی عەبدولڕەزاق بەدرخان لە 1915ی ز.
2.20- قڕکردنی ئەرمەنیەکانی لە 1920ی ز.
2.21- شۆڕشی سمایلاغای سمکۆ لە 1918ی ز.
2.22- پەیمانی سێڤر لە 1919ی ز.
2.23- کۆنگرەی ئەرزڕۆم لە 1919ی ز.
2.24- شۆڕشی دوکتۆر نووری دەرسیمی لە 1920ی ز.
2.25- شۆڕشی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە 1919ی ز.
2.26- پەیمانی بڕیاری میساقی میللی لە 1920ی ز.
2.27- پەیمانی لۆزان لە 1923ی ز.
2.28- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە 1925ی ز.
2.29- - شۆڕشی ئیحسان نوری لە 1926ی ز.
2.30- - شۆڕشی سەید ڕەزا لە 1937ی ز.

2.31- - شۆڕشی پێشەوا قازی محەمەد لە 1945ی ز.
2.32ـــشۆڕشی ژنراڵ مەلا مستەفا بارزانی 1961ی ز.
2.33- پەیمانی ئەلجەزایر لە 1975ی ز
2.34- .شۆڕشی ئەحمەد تۆوفیق لە 1950ی ز
2.35- شۆڕشی عەبدوڵا ئۆجەلان لە 1970ی ز.
2.36- شۆڕشی جەماوەری گەلی کورد لە 1991ی ز.
2.37- شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی سور لە 1992ی ز.
2.38- شۆڕش و سەر هەڵدانەکانی تری کورستان

3- **خاڵە گرنگەکانی جوگرافیای کوردستان**
3.1- شوێنگەی کوردستان
3.2- چیاکانی هەرەمەزنی کوردستان
3.3- مەودای پلەی گەرمای ساڵانە لە کوردستان
3.4- سەرمایەی ئاو لە کوردستان
3.5- ڕوبارەکانی مەزنی کوردستان
3.6- دارستانی کوردستان
3.7- سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان
3.8- ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان
3.9- ڕووپێوی خاکی کوردستان
3.10- کشتوکاڵ
3.11- ئاژەڵ
3.12- چاڵەنەوتەکانی کوردستان
2.13- کان لە کوردستان
2.14- نەوتی کورد

4- **ئایینەکانی کوردستان**
4.1- زەردوشت
4.2- ئایینی جو
4.3- دیانەکان
4.4- ئیسلام
4.5- یەزیدی
4.6- کەشتی نەوح

5- **چۆنیەتی داگیرکردنی کوردستان**

6- **پێشکەوتوخوازی و شارستانیەتی کوردستان**

7- **هۆیەکانی پێش نەکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری**

8- **کوردایەتی و مافەکانی ڕەوای گەلی کورد**

9- **کولتۆری نەتەوەی کورد**
9.1- زمان
9.2- خو و ڕەوشت

10- **چەند ڕوداوی دڵتەزێن و پڕ لە ژانی گەلی کورد**

11- **چەند کەسایەتی شۆڕشگێڕی کورد و کوردستان دۆست**
11.1- ئەحمەدی خانی
11.2- میقداد مەدعەد بەدرخان
11.3- حاجی قادری کۆیە
11.4- مامۆستا یونس ڕەئوف دیڵدار
11.5 - مامۆستا جگەرخوێن
11.6 – لەیلا قاسم
11.7 - مەستورەی شاسواری
11.8 - مامۆستا هێمن موکریانی
11.9 - موسا حەنتەر
11.10 - مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی

12-**کۆتای**

13- سەرچاوەکان

## پێشەکی

بەگوێرەی زانایان و پسپۆڕانی زەوی ناس وئەستێرە ناس، گۆی زەوی لە تەقینەوەی هێندێک مادەی سەرەتای کە بە تیۆریای" بیگ بەنگ" ناو براون لە چوار بیلۆن ساڵ لەمەو پێش دا دروست بووە. پرۆسەی دروست بوونەکەشی ملیۆنها ساڵی خایاندوە تا سارد بۆتەوە و بەو شکڵەی ئێستا دەرهاتوە.
یەکەم ژیان لە 1.5 بیلۆن ساڵ لەمەو پێش بە گیاندارانی بچکۆڵە کە بە "مێکرۆ ئۆرگانیزم" ناسراون لە ناو دەریاوە دەستی پێکردوە و تاگەیشتۆتە ئیشکاییەکان. دایناسۆرەکان لە 65 میلۆن ساڵ لەمەو پێش لەسەر گۆی زەوی ژیاون و بە کەوتەنە خوارەوەی چەند بەردێکی مەزن لە ئەستێرەکانەوە کە بوونە هۆی گۆڕانی جەو و ئاو هەوای زەوی، کە لە ئاکامی سەرماو و سۆڵ دا ژیانیان تێدا چووە.
مرۆڤ لە 5 تا 8 میلۆن ساڵ لەمەو پێشەوە لە سەر زەوی ژیاوە ولەگەڵ گۆڕانی ئاو و هەوا، خۆی لەگەڵ جوگرافیای ناوچەکەی خۆیی گونجاندوە. ئیشکایەکان کە لەسەر زووخاوی بەردی گەرمن، لێک ترازاون و ئاو ئیشکایەکانی لێک هەڵبڕیوە و بەم شێوەیە تیرە و قەبیلە و نەتەوە و زمانی جۆراو جۆر پێک هاتەوە.
هەر تیرەیەک زمان و کولتووری خۆی پێش خستەوە کە ئەوڕۆ وەک ناسنامەی نەتەوە یان نەتەوەکان دەناسرێن. هەروەک ناسنامەی

ئینگلیسەکان، ئینگلستانی بوونیانە، کوردیش دەبێ ببێتە خاوەن ئەو کەرامەتە کە کوردستانی بوونی بە ناسنامەی خۆی بزانیت .

کێشه ی گه لی کورد به  سالآنه  هه یه  و زۆر نزمی و بلێندی له  ناو ئه و کێشه یه دا به  تایبه ت شۆڕشی چه کداری دا ڕویداوه . گه لی کورد به  چه ک هه ڕه شه ی لێ کراوه  و هێرشی کراوه ته  سه ر و به  خۆشی خۆی نه بووه ، به لآم مه جبور کراوه  به  چه ک وه لآم بداته وه  و به رنگاری بکات. واته  وادار کراوه  چه ک هه لگرێت، چونکه  دوژمنانی کورد و داگیرکه ران ته حه مولی سیاسه تی کوردیان نه کردوه  و ویستویانه  به  کوشتن و له  ناو بردن کێشه که  چاره سه ر بکه ن.

به لآم کێشه که  نه  ته نیا چاره  سه ر نه بووه ، به لکو ڕۆژ به  ڕۆژ زیاتر قولّ بۆته وه . به  تایبه ت له م ده یه ی دوای دا کێشه ی کورد گه یشته  ئاستی به رزی خۆی و له  ناو نه ته وه کانی جیهان دا بوو به  کێشه یه کی سه ره کی، ئه گه رچی هێشتا چاره  سه ریش نه کراوه  به لآم به  ئه نجامێک گه یشت. ئه نجامه که شی ئه وه  بوو که  گه لی کورد هه ستی به وه  کرد و زانی  که  ولآته که ی له  ناو چوار داگیرکه ری دڕه نده  دا دابه ش کراوه  و نه  ته نیا نه ته وه ی کورد کۆلۆنیزه  کراوه  به لکو هه ستی نه ته وایه تیه که شی سه رکوت کراوه  و تا ڕاده کی زۆریش له  به ین براوه .

داگیرکەرانی کوردستان نەیانویستوە کە کورد فێری سیاسەت بێت و تەنیا شەڕ و چەکیان لە کوردستان بەرهەم هێناوە، بۆیەشە کە کوردیش بەناچاری توشی چەک هەڵگرتن و چیا بووە.

کورد تا چەند ساڵ پێش بۆگەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی و چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە زیاتر باوەڕی بە خەباتی چەکداری بووە. دیارە ئەم خەباتە زۆر پیرۆزە و تا ڕادەیەکی زۆریش دەستکەوتی بە دەست هێناوە. چونکە داگیرکەرانی هێناوەتە زاڵە و ئەمڕۆش لە سایەی ئەم خەباتە چەکداریە دایە کە کورد دەتوانێت لە مەیدانی سیاسیش دا خەبات بکات و کێشە نەتەوایەتیەکەی خۆی بەرەو پێش بەرێت. واتە بێ بوونی خەباتی چەکداری پێشو خەباتی سیاسی ئەمڕۆش مەحاڵە. تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆش چەک نەبێت سیاسەت لە کوردستان دا پێش ناکەوێت. واتە خەباتی چەکداری و سیاسی بە یەکەوە گرێ دراون و تەواوکەری یەکترن.

کورد لە تەواوی مێژووی خۆی دا هەردەم ئاشتیخواز بووە و تەنانەت باوەشی بۆ ڕێک کەوتن لە گەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەشی دا ئاوەڵا بووە. بەڵام داگیرکەران نکۆڵیان لە بوونی کورد کردوە و کوردیان بە خراپکار و تڕۆریست ناو بردوە و بەم جۆرە بە جیهانیان ناساندوە. ئەمڕۆ گەلی کورد

هەم لە بواری شەڕی چەکداری و هەم لە بواری خەباتی سیاسی دا زۆر چالاکتر و پێشکەوتوترە و توانیویەتی تا ڕادەیەک باڵانسێک لە ناوچەکە دا بگرێتە دەست.

خەباتی سیاسی ڕوناکبیرانی کورد لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵات گرێدراوە بە خەباتی پارتە شۆڕگێڕەکانی کوردستان کە لە لایەک بۆتە هۆی پێشکەوتنی دۆزی کورد و گۆڕینەوەی بیر و ڕای کوردایەتی و لە لایەکی ترەوە یەکیەتیەکی نەتەوەیی بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی جەماوەری پێک هێناوە. کوردی نیشتمان پەروەر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە هەر شوێنێک بێت بۆ کوردستان و پرسە نەتەوایەتیەکەی خۆی بە پەرۆشە و بۆ چارەسەر کردنیشی خەبات دەکات. کوردستانیان بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتایەکانیان بەم ئەنجامە گەیشتن کە ڕێگاچارەی سەرکەوتنیان خەباتێکی سیاسیە کە ئەمڕۆ پارتە شۆڕشگێڕەکانی کورد، چینی کرێکار و ڕەنجدەر، ڕۆشنبیران، خوێنکاران و هێزی شۆڕشگێڕی گەلی کورد بەڕێوەی دەبەن.

خەباتی سیاسی دەکرێت لە سەر پرۆژەی ئاشتیش بەڕێوە بچێت. ئاشتی بە مانای سەر دانەواندن و تەسلیم بوون نیە بەڵکو بە مانای گۆڕینی شێوازی خەباتە لە خەباتی چەکداری و پارتایەتیەوە بەرەو خەباتی سیاسی و

جەماوەری چونە ، کە لە ڕاستی دا ئەو دوو خەباتە دژی یەکتر نین و تەواو کەری یەکترن. ئاشتی بۆ ئەوەیە کە کورد بگاتە ئامانجێک کە پێشکەوتنی نەتەوایەتی و مافە سەرەتایەکانی ئەو نەتەوەیەی تێدا بێت. کورد لە ئاشتی دا هەم لە بواری زانست و زمان و کولتور دا و هەم لە لایەنی ئابوری و تەکنۆلۆژیا دا باشتر دەتوانێت خۆی پێ بگەیێنێت. ئاشتی یانی هەبوونی مافی نەتەوەیی کورد واتە زمانی ئازاد، سیاسەتی ئازاد، پێگەیاندن و خۆ ناساندنی نەتەوەی کورد و هەوڵ دانە بۆ ڕزگاری گەلی کورد لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران و هەنگاو نان بەرەو لێک نزیک کردنەوەی کورد و تورک و عەرەب و فارسە . دۆستایەتی و لێک نزیک بوونەوەی ئەو نەتەوانە لە ناوچەکە دا بە مانای پێک هێنان و سەقام گیر کردنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکەیە . چونکە تا ئاشتی نەبێت نەتەوەکانی تریش لەو هەرێمە دا لە زەرەر و زیان دا دەبن و پێش ناکەون.

بۆ گەیشتن بەو ئاشتیەش پێویستە کە هەر کورد و کوردستان دۆستێک لە هەر شوێنێک بێت، بە گوێرەی توانا بۆ ناساندنی کوردستان و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بە کورد و گەلانی تری جیهان هەوڵ بدات.

چونکە دەبێ گەلی کورد مافەکانی نەتەوەیی خۆی بە باشی بناسێت جا ئەو کاتە دەتوانێت هەوڵی بۆ بدات و تێشی دا سەرکەوێت.

بۆ ئەم مەبەستە منیش وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای چارەسەری کێشەی نەتەوەکەم دا هەوڵێکم دابێت و بەردێکم لە بناغەی پتەوی کوردستانێکی سەربەخۆ دا دا نابێت، بە پێویستم زانی کە پەڕتوکی " کوردستان ناسنامەی من" بە چڕی و کۆنکرێت بۆ هاو نیشتمانانیانم بنوسم.

تا ئێستا چەند نوسراوە و پەڕتوکی بە نرخی کوردیم خوێندۆتەوە کە زیاتر لەسەر بابەتێک نوسراون و کێشەی کوردستان و نەتەوەی کوردیان لە یەک بواردا هەڵسەنگاندوە .

ئەم هەڵسەنگاندنانە زۆربەیان تەنیا لە یەکێک لە بوارەکانی رامیاری، مێژوویی گەلی کورد یان جوگرافی کوردستان بوونە . لە هیچ پەڕتوکێک دا چاوم بەو بابەتە گرنگانەی لە سەرم نوسیون نەکەوت کە سەرنجی خوێنەر لە هەموو بوارێکی کێشەی نەتەوەی کورد دا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە بەر ئەو هۆیە بوو کە زۆرم بە پێویست زانی ئەو چەند بابەتە گرنگ و سەرەتاییانە بۆ هاو وڵاتیانی کوردستانیم لە یەک پەڕتوک دا بنوسم. بۆ

ئەوەی خوێنەرێک کە ویستی لە سەر نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان سەرەتایترین شتەکان بزانێت، هەست بە ماندو یەتی نەکات و بتوانێت بە کورتی و بە ئاسانی خاڵەکانی پێوست بخوێنێتەوە و لە کاتی خۆی دا کەڵکیان لێ وەربگرێت.

لەم پەڕتوکە دا نەم ویستوە کە هیچ لایەنێک بەرز بکەمەوە یان خود نزم. بەڵکو دڵسۆزانە ڕاستی ڕوداوەکانی گەلە مافخورا و زوڵم لێ کراوەکەی خۆم بۆ هاو نیشتمانانم هێناوەتە سەر کاغەز. لەوەی کە خراپەی کەسێک یان لایەنێک باس کراوە، مەبەست ئەوە نیە کە من خۆم لە دژی ئەو کەسە یا ئەو لایەنە بم. بەڵکو خۆم بە دڵسۆزترین کەسی ئەو لایەنە یا ئەو کەسە دەزانم، چونکە ڕاستی ڕوداوەکەم باس کردوە و تا ڕاستیش نەدرکێندرێت ئەوە هەڵەکان چارە سەر ناکرێن. جا بۆیە خوێنەرانی ئەم پەڕتوکە دەبێ باش لە مەبەستی نوسینی ئەم پەڕتوکە تێبگەن و بە دروستی و بە باشیش کەڵکی لێ وەربگرن. ئەوانەش کە حەز لە ڕاستیەکانی مێژووی گەلی کورد ناکەن یان ئەم نوسراوە لە دژی خۆیان دەبینن، هیوادارم بە خوێندنەوەی دڵیان فراوان بێت و بە جێی هەڵ چون، بە خۆیان دا بێنەوە و هەڵەکانیان چارەسەر بکەن و لەوەی کە لە گەڵ گەلی کورد ڕاست نەبوونە و لە

بەرانبەر ئەو نەتەوەیەدا سیاسەتێکی هەڵەیان هەبووە داوای لێبوردن بکەن و لە پێشەڕۆژدا بە کردەوەی دروستی ئاشتی خوازانە و ئازادی خوازانە قەرەبووی کەم و کوڕیەکانی ڕابردوویان بکەنەوە. هیوادارم ئەم پەڕتوکە ببێتە هۆی ئاشتی ناوخۆی گەلی کورد و نەتەوەکانی دراوسێی و خزمەتێکیش بێت بۆ پێشکەوتن و گەیشتنی گەلی چەوساوەی کوردستان بە مافە ڕەواکانی خۆی.

## بەشی یەكەم

### 1- ناسنامە چیە؟

ناسنامەی نەتەوایەتی یا خود مللیەت پێكدێت لە كۆمەڵێك فاكتەری سەرەكی كە كەسایەتیەكان وەک تاک لە ناو كۆمەڵەوە بەیەكەوە گرێدەدات. ئەوتاكانەی كە لەناو یەک كۆمەڵگەوە دەژین و گرێدراوی هێندێک داب ونەریەتی نەتەوەیی، یا خود فەرهەنگین و بە زمانێكی هاوبەش دەدوێن كە جیاوازە لە زمانەكانی تر، دەبنە هۆی پێكهێنانی نە تەوە و كۆماڵگەیەكی جیاواز لە دەوروو بەریان. كاتێک كە مانای نەتەوەبوونمان بۆ دەركەوت، زۆر ئاساییە كە باس لە ناسنامەی ئەونەتەوەش بكەین. كورد وەک زمان، فەرهەنگ و هەڵس وكەوتی ڕۆژانەی زۆرجیاوازە لە جیرانەكانی كە تورک، فارس و عەرەبن.
هەربۆیە پێویستە كە دان بە ناسنامەی كورد دا دابنرێت و لە ناونەتەوەیش دا وەک نەتەوەیەكی سەربەخۆو جیاواز لە تورک، فارس و عەرەب بناسرێت. بە بێ دان پێهینان بەناسنامەی نەتەوایەتی كورد و بە كیانی كوردستان كێشەی نەتەوایەتی كورد چارەسەر ناكرێت و تا چارەسەریش نەكرێت، چەندەی زەرەر بۆ كورد هەیە بەهامان قاتیش نەتەوەكانی تورک، فارس و عەرەب لە دواكەوتن دا دێڵیتەوە. جاهەر بۆیە نەتەنیا كورد بەڵكوو هەموو جیرانەكانی كوردیش و ناوچە و جیهانیش بەگشتی پێوستە بە جیدی بیر لەم كێشەیە بكەنەوە و ڕێگا

درووستەکەی بێ وەدرەنگ خستن هەڵبژێرن. بۆ ناساندنی کورد وەک نەتەوە، خاڵە هەرە گینگەکانی نەتەوایەتی لیرەدا ئاماژەیان پێکراوە و بە کورتی بۆ خوێنەر شیکراونەتەوە کە هەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک خاوەن کیان و فەرهەنگ و زمانی جیاواز بێت، مافی هەبوونی ناسنامەی نەتەوایەتی هەیە. ئەم خاڵانەی ناو ئەو پەرتووکە هەموویان داکۆکی لە ڕاستی هەبوونی کورد و بەڕەسمییەت ناسینی ناسنامەی کورد کە کوردستانی بوونیەتی دەکەن.

## بەشی دووهەم

### 2- خاڵە گرنگەکانی مێژووی گەلی کورد و شۆڕشەکانی کوردستان

مێژووی گەلی کورد زۆر کۆنەو نوسین لەسەر هەموو خاڵەکانی کارێکی ئاسان نیە . چونکە داگیرکەران و نەیارانی گەلیکورد هەرکات کە هێرشیان کردۆتە سەر گەلی کورد و خاکی کوردستان، ماڵ و ملکی ئەو گەلەیان تالان کردوە ، زانایەکانی کوردیان کوشتوە ، نوسراوەکانی مێژوویی گەلی کوردیان سوتاندوە ، زانست و کەلەپوری کوردیان بۆخۆیان بردوە و دزیویانە .

بۆ وێنە لەسەردەمی هاتنی فەرهەنگی عەرەب (ئاینی ئیسلام) دا، سەرکردەی عەرەبەکان محەممەد کوڕی عەبدوڵلا بەناوی هێنانی ئاینی ئیسلام و فەرمانی ئەڵلا ، هێرشی کردە سەر گەلی کورد و خاکی کوردستان.

ئەوکاتە عەرەبەکان بەئاشکرایی هەموو پەرتوکخانەکانی کوردستانیان لەسەر ناوی پەرتوکخانەی کافران و گاوران سوتاندن و هەموو سامانی گەلی کوردستانیشیان تالان کرد.

نوسین لە سەر مێژوو کاری مێژووناسانە ، بەلام بۆ ناساندنی نەتەوەکەم لە چەند سەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژوویی کەلکم وەرگرتوە و تەنیا کورتە

باسێکم لە مێژووی نەتەوە ماف خوراوەکەم بۆ خوێنەر هێناوەتە سەر کاغەز. مێژووی نەتەوەی کورد زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کەمن لەسەرم نوسیوە. ئەوە تەنیا چەند خاڵێکی سەرەکی و گرنگی مێژووین، کەبەکۆکراوە و بەچڕی لەسەرم نوسیون.

بەداخەوە زۆر کەم لە مێژوو نوسان هەبوونە و هەن، کە لەسەر مێژووی گەلی کورد بوێرانە ڕاستی ڕوداوەکانیان بۆ گەلی کورد و جیهان شیکردبێتەوە، جا یان هەلیان بۆ نەڕەخساوە یا خود لەترسان نەوێراون ڕاستیەکان دەرخەن. هەش بوونە لەو کوردە شۆڕشگێڕانەی کە لەو ڕێگایەدا بۆ گەل و نیشتمانەکەیان تەنانەت گیانیشیان بەخت کردوە.

من لێرەدا ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بە ساڵی مێژووی نەتەوەی کوردم نەپێواوە و لەسەرم نەنوسیوە، بەڵکو تەنیا بە ڕاست و دروستی تیشکم خستۆتەسەر ڕوداوە هەرە گرنگەکانی گەلی کورد لە قۆناغەجۆر بە جۆرەکانی مێژوویی دا. بۆئەوەی کە خوێنەر کورتە باسێک لە مێژوو و ڕوداوە گرنگەکانی نەتەوەی کوردی لەبەر دەست دابێت و بتوانێت لەکاتی پێویست دا کەڵکیان لێ وەربگرێت.

## 2.1 - ڕەگەزی گەلی کورد لە 6000 ساڵ پێش زاین دا

ڕەگەزی (نژادی) گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە مێژوودا بە ناوی لۆلۆ، گۆتی و حۆرییان ناویان بردونە. بە وانە هەموویان دەگوتری کۆمەڵگایی گەلی چیای زاگرۆس.

من بە پێچەوانەی مێژووناسانێک کە پێیان وایە گەلی لۆلۆ لە گەلانی هێندو ئەوروپییە و شەش هەزارساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح لە ناوچەکانی ئەمڕۆی وڵاتانی قەفقازیاوە بۆ ناوچەکانی چیای زاگرۆس کۆچی کردوە، پێم وایە وەتی ئەم گۆیی زەویە هەیە و لەوکاتەوە کە مرۆڤ لەسەر زەویی نیشتەجێ بووە، کوردیش لەسەر خاکی کوردستان ژیاوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەکی زانستی بکرێت، کۆنترین پەیکەرەکانی جیهان لە کوردستان دەدۆزریتەوە. بەڵام بەداخەوە داگیرکەران هەرشتێکی بەنەرخی نەتەوەیی کوردستان وەدۆزن، خێرا دەیدزن و بێسەروشوێنی دەکەن.

لۆلۆیەکان لە چیای زاگرۆس دا هەردەم هەبوونە و پاشان دەستەی ئاری پێک دێنن و حکوومەتی مەدیا (میدیا) دادەمەزرێنن و لەناوگەلانی تردا، زیاتر وەکو گەلی مەدیا دەناسرێن. واتە ڕەگەزی گەلی کورد دەگەڕێتەوە

سەرمەدیا، ئاریا، لۆلۆ، گۆتی و حۆرییەکان، کە دەکرێ بڵێین هەموو ئەو ناوانە لە مێژوو دا بە گەلی کورد گوتراون.

واتە گەلی لۆلۆ لە شەش هەزار ساڵ پێش زاینەوە( پێش لە دایک بوونی عیسای کوڕی مریەم ) لە کوردستان و لە سەر ئەم خاکە ژیاوە و حکوومەتی کردوە.

لۆلۆیەکان لە 2800 ساڵ پێش زاین دا حکوومەتی خۆیان دروست کردوە و لە هەرێمی حیلوان هەتا هەرێمی زەحاوی (زەهاوی ) هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دا بووە، کە سنوری دەوڵەتەکەیان شارەکانی سولێمانیە، شێخان، زەحاو، شارەزور و کەرکوکی لە نێو خۆی دا گرتوە.



وێنەی پەیکەرێکی ئاژەڵی خۆ ماڵی لۆلۆیەکان (کوردەکان) کە دەگەڕێتەوە بۆ 6000 ساڵ پێش زاین



وێنه یه کی په یکه رێکی مرۆڤ که 5000 ساڵ پێش زاین له لۆلۆیه کانه وه به جێماو. ئه و په یکه ره نیشان ده دات که ئه و کات نه ته وه ی کورد چه نده له بواری زانسته وه پێش که وتوو بووه.

## 2.2 - حکوومه تی مه دیا

ناوی گه لی مه دیا ده گه ڕێته وه بۆ 836 ساڵ پێش زاین که له ناوچه کانی چیای زاگرۆس دا ژیاوه و حکوومه تی کردوه. سه رکرده ی مه دیاکان له ساڵی 715 ی پێش زاین دا ناوی دیاکۆ بووه و له دژی زۆرداری ئاسوریه کان شۆڕشی

کردوە. دیاکۆ ناوچەکانی ورمێ و موکریانی لە دەستی ئاسوریەکان ئازاد کردوە و لەو ناوچانەدا حکوومەتی کردوە. ئینجا دیاکۆ بۆ ئازادی گشت نەتەوەی مەدیا و وڵاتی مەدیا لە ساڵی 712 ی پێش زاین دا لە دژی ئاسوریەکان شەڕی کردوە و لەم شەڕە دا گیانی بەخت کردوە.

دوای کوژرانی دیاکۆ لە ساڵی 712 ی پێش زاین دا کەیخوسرەوی یەکەم بۆتە سەرکردەی مەدیاکان و لە دژی ئاسوریەکان شەڕی درێژە پێداوە. بەداخەوە لە هەمان ساڵ دا شۆڕشی مەدیاکان تێک شکاوە و کەیخوسرەوی یەکەم بە دەستی ئاسوریەکان کوژراوە.



وێنەی پەیکەرێکی پاشماوەی نەتەوەی مەدیا کە دەگەڕێتەوە بۆ 800 ساڵ پێش زاین

## 2.3 - گەلی پارس (فارس)

ناوی گەلی پارس دەگەڕێتەوە بۆ 844 ساڵ پێش زاین. گەلی پارس 6000 ساڵ پێش زاین لە ناوچەکانی قەفقازیاوە کۆچبەری کوردستان و ئێران بووە. ئەوەی کە بۆ گەلی فارس کۆچبەری ناوچەی چیاکانی زاگرۆس بووە و رووی لەماڵی کورد کردوە، دەگەڕێتەوە سەر دۆستایەتیان لە مێژووی کۆنان دا و ئەوەی کە هەردووکیان لە گەلانی ئارياییینە.

مێژووی گەلی کورد یەکجار زۆر کۆنە بۆیە کە کورد بە یەکێک لە نەتەوە گرنگەکانی جیهان کە خاوەنی زمان و کولتور و زانستی بەنرخی کۆنە دەژمێردرێت. ئەگەرچی زانست و کولتورەکەیان لێ دزیوە و دوژمنانی گەلی کورد بە ناوی خۆیان لە قەڵەم داوە.

گەلی کورد پێش هاتنی ئاینی ئیسلام زۆر دەوڵەت و حوکمداری ساز کردوە، بەلام ولاتی کوردستان لە بەر دەوڵەمەند بوونی سەر زەوی و بن زەوی هەردەم لە مێژوو دا بۆتە مەیدانی کێشە و شەڕی دوژمنانی گەلی کورد و مل ملانەی داگیرکەران. کوردستان هەر جارەی لە ژێر دەستی داگیرکەرێک دا بووە. هەموو ئیمپڕاتۆڕەکانی جیهان ڕێیان بە کوردستان دا تێپەڕ کردوە و بەشی خۆیان، گەلی کوردیان کوشتوە و ولاتەکەیان تالان کردوە.

ئەوەی کە بۆ جاری یەکەم گەلی کورد لە کوێوە هاتووەو دەر قوڵیوە، کەس نیە کە بزانێت و کەسیش لە پێشەڕۆژیش دا پەیدا نابێت کە بیزانێت. چونکە ڕاستی ئەگەر بپرسین کە گەلەکانی تری جیهان لە کوێوە هاتونە و لە کوێوە دەرقوڵیون، ئەوکات دەتوانین بڵێین کە گەلی کوردیش لە وێوە دەرقوڵیوە. بەڵام گەلی کورد خزمایەتیەکی سەرەکی هەیە لە گەڵ گەلی فارس. چونکە هەردووکیان لە گەلانی ئارییایی بوونە و هەم زمانیان زۆر نزیکی یەکن و هەم لە مێژوش دا هەردووکیان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام، ئاینی زەردوشتیان هەبووە و زمانەکەشیان زمانی ئاوێستای بووە، واتە تێکەڵاوێک بووە لە زمانانی کوردی و فارسی ئەمڕۆ. لە نوسراوەکانی بابا تاهیری هەمەدانیش دا دەردەکەوێت کە ئەو دووگەلە زمانەکەیان زۆر لە یەک نزیک تر بووە، لە زمانی کوردی و فارسی ئەمڕۆ. (بابا تاهیر خۆی شاعیرێکی کورد بووە کە لە سەدەی یازدەی زاینی دا ژیاوە.)



پەیکەرێکی زێڕ پاشماوەی مادەکان کە ئێستا لە مۆزەخانەی نەتەوەی تارانە



وێنەی چەند پەیکەرێکی دەستکردی نەتەوەی مەدیا لە کوردستان کە دەگەڕێنەوە بۆ 500 ساڵ پێش زاین و ئێستا دزراون و لە موزەکانی جیهان دا بڵاو بوونەتەوە.

## 2.4 - شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر دژی زوحاکی داگیرکەر لە 700 ساڵ پێش زاین دا

کاوەی ئاسنگەر مرۆڤێکی زۆر بوێر و بە توانای نەتەوەی مەدیا بووە و پیشەی ئاسنگەری هەبووە. ئاسنگەری لەو کات دا پیشەی گەورە پیاوان بووە، چونکە ئاسنگەران پسپۆڕ و پیشەساز بوونە و لە زێڕ و زیو و مس شتی بە کەڵکیان دروست کردووە. زوحاک پاشایەکی زۆرداری داگیرکەری وڵاتی مەدیا بووە و زۆر خەڵکی بێتاوانی مەدیایی کوشتووە. گۆیا زوحاک خۆی لە نەتەوەی تۆرانی (تورک) بووە، بەڵام پاشایەتی ئاسوریەکانی کردووە.

زوحاک لە ناوچەی بەینل نەهرین و مەدیا دا حکومەتی کردووە و پایتەختەکەی شاری نەینەوا واتە ناوچەی موسلی ئەمڕۆ بووە. زوحاک بەو شتە خەڵکی ترساندووە کە گۆیا لە سەر هەردووک شانانی، سەری دو مار هەبوونە و ئەو مارانە خواردنی هەر ڕۆژەیان مێشکی دوو مرۆڤی گەنجی مەدیایی بووە. دیارە لە ڕاستی دا لە سەر شانی زوحاک دا مار نەبوونە، بەڵکو برین هەبوونە، بەڵام زوحاک ویستویەتی بەو ناوە ورەی خەڵک دابەزێنێت و بیان تۆقێنێت.

زوحاک بە دەیان هەزار گەنجی مەدیایی (کوردی) بەو ناوە کوشت وە و لە بەین بردوە. ئەو ویستویەتی هەرچی گەنجی مەدیایە بکوژێت و بەم جۆرە ئەم نەتەوەیە لە ناو بەرێت و خانەبڕکات.

تا ئەوەی کە نۆرەی دوو کوڕی کاوەی ئاسنگەر دێت، کە زوحاک سەریان ببڕیت و مێشکەکەیان لە سەر برینەکانی سەر شانانی دانێت. کاوەی ئاسنگەر ئەو زۆرداریەی قبوڵ نەکردوە و سەری ئەو داگیرکەرە زۆردارەی بە کوتکە ئاسنگەریەکەی پان کردۆتەوە و بە ئاگر بەردان دە جەستە و ماڵی زوحاک، لەو ڕۆژە دا موژدەی ئازادی و ئاشتی و خۆشی بۆ گەلی مەدیا (کورد) بەدی هێناوە.

پاش کوژرانی زوحاک، گەلی مەدیا بۆ ماوەیەک لە ئاشتی و ئارامی و خۆشی دا ژیاوە. کاوەی ئاسنگەر حکوومەتی نەکردوە و تەنیا حکوومەتی زۆرداری زوحاکی تێک داوە. هەر بۆیە گەلی کورد بە ئاگر کردنەوە نەورۆز جێژن دەگرێت. واتە گەلی کورد هەم جێژن و هەم سەرهەڵدان بە ئاگر کردنەوە پیرۆز دەکات. ئەو هەڵس و کەوتەش لە کاوەی ئاسنگەرەوە فێر بووە و ڕەچاوی دەکات.

ساڵی کوردەواریش لە  سەرکەوتنی شۆڕشەکەی کاوەی ئاسنگەرەوە دەست پێدەکات. لە  ساڵی کوردی دا، ساڵ لە  مانگی ئادار (ڕەشەمە ) لە  21 /3 دا نوێ دەبێتەوە. ڕێکەوتی 21 /3/ 2001 زاینی لە  ساڵی کوردی دا دەبێتە 1/ 1 /2701  واتە  یەکەم ڕۆژی مانگی ساڵ و یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار.

بەم شێوەیە  هەر ساڵێک لە  ڕۆژی نەوروز دا گەلی کورد یادی کاوەی ئاسنگەر دەکاتەوە و ڕێبازی کاوە درێژ پێ دەدات.

وشەی نەورۆز لە  وشەی نوێ ڕۆژ وە هاتوە.  واتە  کاتێک کاوە بەسەر زوحاک دا سەرکەوتوە، ئەو ڕۆژەیان هەموو ساڵێک وەک نوێ ڕۆژ یان ڕۆژی نوێ و ساڵی نوێ جێژن گرتوە. بەم شێوەیە  تا ئەمڕۆ نەورۆز درێژەی هەبووە.

ئەو کەسەی کە  هەموو ڕۆژێک سەری دوو گەنجی مەدیایی دەبوا بڕیبا و مێشکی ئەوانی بۆ زوحاک بردبا، گۆیا هێندێک قەسابێکی عادڵ بووە. ئەو قەسابە  هەموو جارێک سەری گەنجێکی بڕیوە و مێشکەکەی لەگەڵ مێشکی مەڕێکی بۆ برینەکانی سەر شانی زوحاک بردوە. گەنجەکەی تریشی بەو شەرتە  ئازاد کردوە کە  لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی زوحاک بڕوات و بچێت بۆ چیاکانی زاگرۆس و لەوێ خۆی بێسەرو شوێن بکات. بەم جۆرە و بە  نەهێنی

**ورده ورده خەڵکێکی گەنجی زۆری بۆ چیاکانی زاگرۆس ناردوه. یەکەم کەسی کە قەسابە عادڵەکە ناردویەتی بۆ چیایاکانی زاگرۆس ناوی کورد بووە و هەموو جارێک بە گەنجەکانی تری گوتوە بچون بۆ لای کورد. بەم جۆرە دەستەی کورد لە چیاکانی زاگرۆس دا یەکتریان گرتۆتەوە و زۆر بوونە، تا ئەوەی کە کاوەی ئاسنگەر شۆڕشەکەی خۆی دەکات و بە هاوکاری دەستەی کورد زوحاک تێک دەشکێنێت. پاشان دەستەی کورد و گەلی مەدیا تێکەڵاوی یەک دەبنەوە و بە هۆی خۆشەویستی دەستەی کورد ناوی گەلی مەدیا بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت بۆ گەلی کورد و وڵاتەکەشیان بە کوردستان دەناسێندرێت.**

**زۆر کەس بە کەلەڵک وەرگرتن لە داخوازی نەیارانی کورد، ئەم ڕوداوە بە ئەفسانەیەک دەزانن. بەڵام ئەمە ڕوداوێکی ڕاستی مێژوویی گەلی مەدیایە، کە نەیارانی کورد ئەم قارەمانە تیەیی کاوەی ئاسنگەریان ئەمڕۆش بۆ قبوڵ ناکرێت. بۆیە هەوڵ دەدەن کە ئەم ڕوداوە وەک ئەفسانەیەک باس بکەن. چونکە ئەوە خۆی ڕاستی ڕوداوەکە دەگەیێنێت کە لە کوردستان دا هەم لە زۆردارانی وێنەی زوحاک و هەم لە قارەمانانی وێنەی کاوەی ئاسنگەر زۆر هەبوونە و ئێستاش هەن.**

## 2.5 - فرو ئارتیس سەرکردەی مەدیاکان لە ساڵی 674 ی پێش زاین دا

گەلی مەدیا لە ساڵی 674 ی پێش زاین دا بە سەرکردایەتی فروئارتیس (کاشا تۆریتۆ) لە دژی ئاسوریەکان شەڕی کردوە و ناوچەی هەمەدانی ئازاد کردوە. فروئارتیس، شاری هەمەدان دەکاتە پایەتەختی حکوومەتەکەی خۆی. بەڵام لە لایەن ئاسوریەکانەوە هێرشی دەکرێتە سەر و پاشان بۆ خۆی لە شەڕدا دەکوژرێت و حکوومەتەکەشی لە هەمان ساڵ دا تێک دەدرێت.

## 2.6 - سازکردنی حکوومەتی مەدیا بە سەرکردایەتی کەیخوسرەوی دووەم لە ساڵی 625 تا 550 ی پێش زاینی دا

لە ساڵی 625 ی پێش زاینی دا گەلی مەدیا بە سەرکردایەتی شایی مەدیا کە ناوی کەیخوسرەو بووە، حکوومەتی خۆی ساز کردوە. کەیخوسرەو مرۆڤێکی زۆر بە توانا بووە، چونکە توانیویەتی خێڵەکانی مەدیا کە لە شێوەی میلیشیای جیاجیا بوون، هەموویان یەک بخا و لەشکرێکی یەکگرتویان لێ دروست بکات و لە دژی دەوڵەتی داگیرکەری ئاسوری ئەوکات شۆڕش وەڕێ بخات.

کەیخوسرەو لە شۆڕشەکەی دا سەرکەوت و دەوڵەتی مەدیای سازکرد کە بۆ ماوەی 32 ساڵ لە وڵاتی مەدیا دا حکوومەتی کرد. پاشان کەیخوسرەو لە ساڵی 593 ی پێش زاین لە تەمەنی 70 ساڵی دا ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد. ئینجا کوڕی کەیخوسرەو ئاستیاگس لە ساڵی 593 تا 550 ی پێش زاین سەرکردایەتی حکوومەتی مەدیا بە دەستەوە دەگرێت. ئاستیاگس بۆماوەی 37 ساڵ حکوومەتی کرد و پاشان بە دەستی کورشی دووەم حکومەتەکەی تێک درا.

کورشی دووەم کوڕی گامبوسی پارس بووە و گامبوسی پارسیش پاشای وەلایەتی ئانشان بووە. وەلایەتی ئانشان یەکێک لە وەلایەتەکانی حکوومەتی مەدیا بووە. دایکی کورش کە ناوی ماندان بووە، کچی ئاستیاگس بووە. واتە ئاخر پاشای مەدیاکان ئاستیاگس، باپیری کورشی دووەم بووە. کورش لە خزمایەتی گەلی مەدیا کەڵک وەردەگریت و بە ناوی خزمایەتی ئاستیاگس هەڵدەخەڵەتێنێت و بانگێشتی دەکات بۆ ئانشان و لە وێش زیندانی دەکات. کورش پاش زیندانی کردنی ئاستیاگس، شەش بنەماڵەی پاشاکانی مەدیاش دەگریت و زیندانیان دەکات. کورش بەم شێوەیە دەست بە سەر حکوومەتی مەدیا دادەگرێت و لە ساڵی 550 ی پێش زاین دا حکوومەتی

پارس دادەمەزرێنێت و بەم جۆرە دەسەڵات لە نەتەوەی مەدیاوە دەکەوێتە

دەست نەتەوەی پارس.




نەخشەی ئیمپڕاتۆڕی مەدیا لە 625 ساڵ پێش زاین دا



پەیکەری شێرێک کە دەگەڕێتەوە کاتی ئیمپراتۆری مەدیا کە  لە چیایی نمروودی باکوری کوردستان ڕا دزراوە بۆ مۆزەخانەی لەندەن. ئەم پەیکەرە درێژای نزیک 3 و بڵیندی 1.5 مەترە و لە بەردی مەڕمەڕ دروستکراوە. بەدەیان پەیکەری چیای نمروود  لەم مۆزەخانەنە دا هەن کە ناوی تورکیان لەسەردانراوە.




**نەخشەی ولاتی حکوومەتی مەدیا لە 580 سال پێیش زاین کە سنورەکانی لە کەنداوی فارسەوە بگرە تا دەگاتە دەریای مەدیتەرانە و خەزەر و زۆربەی خاکی ئێران و تاجەکستان و تورکەمەنستان و ئەرمەنستان و کوردستان لە خۆی دا گرتوە**



**ئاڵای ئیمپراتۆری مەدیا**

## 2.7 - شۆڕشی ئەتروپات لە ساڵی 323 ی پێش زاین دا

ئەتروپات کە لە سەرکردەکانی سەربازیی پێشوی دارای سێهەم دەبێت لە ساڵی 323 ی پێش زاین دا لە دژی دەوڵەتی پارس شۆڕش دەکات و دەوڵەتی مەدیای بچوک دادەمەزرێنێت. دەوڵەتی مەدیای بچوک تا ساڵی 331 ی پێش زاین سنورەکانی خۆی فراوان دەکات. ئەم سنورە ناوچەکانی ورمێ، ماکۆ، خۆی، سەڵماس، نەغەدە، خانێ، سابڵاغ، بۆکان و سەردەشت دەگرێتە ناو خۆی.

پاشان لە ساڵەکانی 226 تا 248 ی زاینی دا هێندێک لە حەشیرەکانی پارس وەک پارس ئاوا و پەهلەو هێرش دەکەنە سەر دەوڵەتی مەدیای بچوک و حکوومەتی مەدیا تێک دەشکێنن و خەڵکانێکی زۆر قەتڵ و عام و تاڵان دەکەن. سەرکردەکانی دەوڵەتی مەدیای بچوک لە ناچاری وەک پەنابەر پەنا بۆ ئەرمەنستان دەبەن. دەوڵەتی مەدیای بچوک بۆ ماوەی 549 ساڵ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا حکوومەتی کردوە. پاش تێک چوونی دەوڵەتی مەدیای بچوک، گەلی مەدیا بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە ژێر دەستی پارسەکان و ئیمپڕاتۆرەکانی تری ناوچەکە دا مایەوە.

## 2.8 - هێرشی موسڵمانە عەرەبە داگیرکەرەکان بۆ سەر کوردستان لە ساڵی 593 تا 637 ی زایینی دا

محەممەد کوڕی عەبدوڵڵا کە بازرگانێکی سعودی و سەر لەشکەری عەرەبەکان بوو لە ساڵی 593 تا 637 ی زایینی دا بە پەنجا هەزار سوارەوە چەندین جار بۆ سەر گەلی مەدیا و وڵاتەکەیان هێرش دەکات. پاش شەڕێکی دوور و درێژ کە لە ئیسلام دا بە شەڕی کافرەکان ناوی دەبەن، هەموو ئەو ناوچانە داگیر دەکات. ئەو کاتە لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان دا میری کورد حکوومەتیان دەکرد.

خوسرەو پەرویز کە پاشایەکی زەردوشتی ئاینی وڵاتی پارسی ئەوکات بوو، لە ساڵەکانی 590 تا 628 زایینی دا لە هەمەدان و کرماشان و ناوچەکانی تری مەدیا و پارس دا حکوومەتی کردوە. خوسرەو پەرویز لە دژی هێرشی سوپای داگیرکەری ئیسلام شەڕی کردوە و لە ئاکام دا بەرگەی هێرشی ئەم سوپا داگیرکەرەی نەگرتوە و تێک شکاوە. محەممەد بە خۆی و سوپایەکەی هاتوە ناوچەکانی مەدیا و پارسی وێران کردوە و خەڵکێکی زۆری قەتڵ و عام کردوە.

پاش محەممەد، سەرلەشکری دووەمی عەرەب، حومەری کوڕی خەتاب بە شێست هەزار سواری عەرەب و بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە لە ساڵی 637 ی زاینی دا هێرشی کردە سەر کوردستان و بە دەیان هەزار کەسی بە شمشێر سەر بڕی و لە قەتڵ و عامی گەلی کورد گۆمی خوێنی دروست کرد. عەرەبەکان ماڵ و سامانی گەلی کوردیان بە ناوی ماڵی کافران بە غارەت برد. دوای ئەم شەڕە هەر عەرەبێک کە لە شەڕی داگیرکردنی کوردستان دا بەشداری کردبوو 12 دەرهەمی وەک غەنیمەتی جەنگی لە لایەن حومەرەوە بە خەڵات پێدەبەخشرا.

عومەر لە سەر ناوی ئیسلام و بە هاوکاری هێندێک کوردی خۆفرۆشەوە کە عەرەبەکان ناوی عەرەبی شێخ و سەیدیان لە سەر دانان، بنکەی خۆی لە کوردستان کردەوە. شێخ و سەیدەکان وەک نۆکەرێک لە لایەن عومەرەوە بەکار دەهێندران، بۆ ئەوەی کە ساڵانە بەرات و زەکات بۆ عەرەبەکان کۆ بکەنەوە و بۆیان ڕەوانەی عەرەبستان بکەن. بەم شێوەیە هەم شێخ حکوومەتی دەکرد و هەم عەرەب لە سامانی کوردستان کەڵکی وەردەگرت.

## 2.9 - حکومەتی ساجدیان و ئەمارەتی کوردستان لە ساڵی 889 تا 932 ی زاینیەوە

لە کاتی حکوومەتی تاهیریان لە ئێران، لە بەر هەل و مەرجی خراپی ئابوری ئەم وڵاتە ، نەتەوەکانی تر ڕاپەڕین و لە ئێرانی ئەوکات دا 7 حکوومەت دروست بوون و ئێران بوو بە حەوت وڵاتی سەربەخۆی بچوکتر. لە کوردستانیش دا کوردەکان حکوومەتی ساجدیان دامەزراند کە وڵاتەکەیان بە ناوی ئەمارەتی کوردستان ناسرابوو. سنووری ئەمارەتی کوردستان هەمەدانیشی لە خۆی دادەگرت. ئەو حکوومەتە لە لایەن بنەماڵەی ساجدیەکان دامەزرێندرا و بەم ناوەشەوە ناسرا. ساجدیەکان لە ساڵی 889 تا 932 ی زاینیەوە بۆ ماوەی 43 ساڵ لە کوردستان دا حکوومەتیان کرد. لە ساڵی 932 ی زاینی دا مرداویجی کوڕی زیارکە لە دەسەڵاتدارانی ئالی زیار بوو بە ناوی هێنانی ئاینی ئیسلام، هێرشی کردە سەر ئەمارەتی کوردستان و حکوومەتی ساجدیانی تێک شکاند. بەم شێوەیە و بەداخەوە کۆتایی بە تەمەنی حکوومەتی ئەمارەتی کوردستان هات.

## 2.10 - دەوڵەتی مەروانی کوردی لە ساڵی 930 ی زایینی دا

دەوڵەتی مەروانی دەوڵەتی کوردان بووە و بە دەستی بازی کوڕی دۆستەکە لە خێلی گەورەی مەروانیان بووە دروست کراوە. باز لە سەرەتا لە هێرشێک دا شاری ئەردیشی دەگرێتە دەستی خۆی و لە دوایی دا چاڵدێران و مەلازگرتیش ئازاد دەکات. پاشان شاری ئامەد (دیاربەکر) و فارقین دەگرێتە ژێر دەسەلاتی خۆی. باز لە ساڵی 930 زایینی دا لە ئامەد دەوڵەتی مەروانی دادەمەزرێنێت. دەوڵەتی مەروانی لەو کاتەدا زۆر بە توانا و بە دەسەلات دەبێت، بەلام بەداخەوە لە ساڵی 960 ی زایینی دا لە نزیک شاری موسڵ لە شەڕی نێوان حکوومەتەکانی مەروانی و هەمەدانیان دا، باز سەرۆکی حکوومەتی مەروانی گیان بەخت دەکات و پاش 30 ساڵ حوکمڕانی دەوڵەتەکەی تێک دەشکێت و کۆتایی بە تەمەنی دێت.

## 2.11 - دەوڵەتی شەددادی کوردی لە ساڵی 951 ی زایینی دا

دەوڵەتی شەددادی کوردی لە ساڵی 951 زایینی دا بە دەست محەممەد کوڕی شەدداد لە ناوچەی ئەرانی ساز کرا. ئەو دەوڵەتە تەمەنی زۆر درێژ بوو و سنورەکانیشی لە ماوەیەکی کەم دا زۆر فراوان کرد. شارەکانی نەخجەوان،

گەنجە ، تیفلیس، دەمیرقاپی، ئانی و دووینی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی شەددادی دا بوون و پاشان ناوچەی مەڵاتیاشی گرتە دەستی خۆی. هاوکات لە باشور دا حکوومەتی مەروانیان و لە ڕۆژهەڵات دا حکوومەتی غەزنەویان هەبوو.

دەوڵەتی شەددادی لە لایەن حوکمداری شەددادییەوە بەڕێوە براوە، بەڵام لە دوایی دا بە هێرشی مەلیک شای حوکمداری سەلجوقیەکان لە ساڵی 1075 ی زاینی دا پاش 124 ساڵ دەسەڵاتداری کۆتایی بە تەمەنی هێندرا و ڕوخا. حکوومەتەکانی کوردی مەروانی و شەددادی بۆ ماوەی 9 ساڵ هاوکات حوکمیان کردوە بەڵام بە داخەوە یەکیەتی و دۆستایەتیان پێک نەهێناوە، ئەگینا لە بەرانبەر دوژمنانیان دا تێک نە دەشکان. ئەگەرچی دوژمنی یەکتر نەبوونە بەڵام دۆستایەتی یەکتریشیان نەکردوە. پاش ئەو حکوومەتە کوردیانە ، تا هەڵگیرسانی سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی ئەو چەند سەدەی دوایی، کوردستان هەر لە ژێر دەستی حکوومەت و ئیمپڕاتۆریەکانی داگیرکەر دا مایەوە، کە لێرە دا بە وردی باسی ئەو شۆڕش و ڕووداوانە دەکەین.

## 2.12 - سه لجوقیه کان له ساڵی 1049 تا 1279ی زاینی دا

سه لجوقیه کان له ساڵی 1409 ی زاینی دا له شه ڕی دژی بووه یه حیان دا سه رکه وتن و ده وڵه تی سه لجوقیان دامه زراند. ئه وان له سه ده ی یازده وه تا سه ده ی سێزده ی زاینی له ناوچه کانی ئێران، عێراق، سوریه و کوردستان دا حوکمیان کردوه و به ناوی ئاینی ئیسلامه وه زۆرداریه کی بێ وێنه یان له گه لی کورد کردوه. به تاوانی کافر بوون، به ڵگه و به هانه یان به گه لی کوردستان گرتوه و تالانیای کردوه. کوردێکی زۆریان کوشتوه و سامانه که یان بۆ خۆیان بردوه. به م شێوه یه گه لی کوردیان چه وساندۆته وه و وڵاته که یان داگیر کردوه. سوڵتانی یه که می سه لجوقیه کان توخڕوڵی کوڕی سه لجوق بووه. حکوومه تی سه لجوقیه کان به ده ستی عوسمانیه کان تێک شکێندرا و له ساڵی 1279 ی زاینی دا کۆتایی به ته مه نی هێندرا.

## 2.13 - هێرشی مه غوڵیه کان بۆ سه ر کوردستان له سه ده کانی 13 و 14 ی زاینی دا

له سه ده کانی سێزده و چارده ی زاینی دا مه غوڵیه کان هێرشیان کردۆته سه ر ئێران و کوردستان و خه ڵکیان کوشتوه و تالانیان کردوه. ئاخرین یه لخانی

مەغوڵ ناوی ئەبو سەعیدی کوڕی سوڵتان محەممەد بووە کە بە بهادۆر ناسراوە و لە سێزدە ساڵەیی دا هاتۆتە سەرتەختی دەسەڵات. پاشان ئەمیر تەیمووری گورگانی سەڵتەنەتەکەی بهادۆری تێک داوە. دوای لە ئێران دا چەند حکوومەتێک پێک هاتن و لە هەمان کات دا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە ساڵی 1315 ی زایینی دا حکوومەتی کوردیان دامەزراند. ئەو حکوومەتە کوردیە لە لایەن شێخ حەسەنی گەورە ناسراو بە حەسەن ئیلکانیەوە دامەزرا. حکوومەتی کوردەکان تەمەنی کەم بووە و پاش ماوەیەک لە لایەن داگیرکەری ئێرانەوە تێک شکێندراوە.

## 2.14 - ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی (بتلیسی) لە ساڵی 1597 ی زایینی دا

شەرەفخان سەرۆک و زانایەکی کوردی زۆر گەورە و بەتوانا بووە کە لە ساڵی 1597 ی زایینی لە شاری بدلیس بەرهەمێکی وەک شەرەفنامەی نوسیوە. شەرەفخان بەرهەمی زانیاری یەکجار زۆر و بەنرخی لە شاری بدلیس دا کۆکردۆتەوە.

شاری بدلیس لە سەردەمی شەرەفخان دا، ناوەندێکی زانیاری و فەلسەفی و هونەری و پسپۆری جۆراو جۆر بووە.

پایتەختی میرنشینی بنەماڵەی شەرەفخانیەکان شاری بدلیس بووە. ئەو بنەماڵەیە لە سێ سەدەدا واتە لە سەدەکانی 16 و 17 و 18 دا زۆر بەهێز دەبێت و لە بن دەستی تورک و حەجەمان ڕزگاری دەبێت و سەربەستی خۆی بەدەست دێنێت.

لە سەردەمی ئەمیر عەبدالی نەوەی شەرەفخان دا، مەلیک ئەحمەد کە والی عوسمانیان دەبێت، هێرش دەکاتە سەر شاری بدلیس و پەرتوکخانەکەی شەرەفخان ئاگر تێبەردەدات و چوار هەزار پەرتوکی بەنرخی ئەو پەرتوکخانەیە لە گەڵ حەفتا دەست نوسی زانیاری گەورەی ئەو دەسوتێنێت. مەلیک ئەحمەد بنەماڵەی زۆر دەوڵەمەندی شەرەفخان تالان دەکات و شاری بدلیسیش وێران و کاول دەکات و بەم جۆرە میرنشینی بدلیس تێک دەدات.



وێنەیەکی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی

## 2.15- جنایەتی سەفەویەکانی ئیرانی لە دژی شۆڕشەکانی کورد لە ساڵەکانی 1500 تا 1639 ی زاینی دا

لە سەردەمی سەفەویەکان واتە لە ساڵی 1500 تا 1639 ی زاینی دا کورد توشی زۆر شەڕ و ناخۆشی هاتوە. شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ماوەی ساڵەکانی 1524 تا 1547 قەت دانی بە بوونی نەتەوەی کورد دا نەهێناوە و میرە کوردەکانی بە قازانجی خۆی بەکار هێناوە. پاشان شا تەهماسبی کە دوای شا ئیسماعیل هاتە سەرکار لەساڵی 1554 ی زاینی دا هێرشی کردە سەر کوردستان و لە ڕێگا دا هەر کەسێکی هاتە پێشی کوشتی و ناوچەکەشی وێران کرد. شا تەهما لە دژی خێڵی دومبلی قەتڵ و عامێکی بێوێنەی پێک هێنا. پاشان شا عەبباسی سەفەوی لە سالەکانی 1587 تا 1629 ی زایینی چەندین جار هێرشی کردە سەر کوردەکانی شاری خۆیە و پەلاماری خێڵی مەحموودی دا کە سەرکردەکەی مستەفا بەگ بوو. مستەفا بەگ بە خۆیی و کوردە چەکدارەکانیەوە ئازایەتییەکی بێ وێنەی بۆ پاراستنی قەلای ماکۆ نواند. بەلام لە ئاکامدا بەرگەی هێزی داگیرکەری ئێرانی نەگرت و تێک شکا. سەفەویەکان پاش کوشتارێکی یەکجار زۆر، بە هەزاران ژن و منداڵی کوردیان گرت و ڕەوانەی باکوری خوراسان و قوچانیان

کردن. لە سالی 1608 دا شا عەبباس ئابلۆ قەی قەڵای دمدمی نزیک شاری ورمێی دا کە کوردی برادۆستی تێدا دەژیان. ئەو شەڕە چەند مانگێکی خایاند و لە ئاکامدا ئەوانەی کە لەو قەڵایەدا بوون بۆ پاراستنی قەڵا یەکە هەموویان تا گیان بەخت کردنیان شۆڕشگێڕانە شەڕی بەرگریان کرد. دوای گرتنی قەڵایەکە شاعەبباسی سەفەوی بە خۆیی و لەشکرەکەی پەلاماری خێلی موکری دا و کوشتارێکی زۆری لێ کردن و نزیکەی 15000 بنەماڵەی لەو کاتدا ڕاگواست بۆ هەرێمی خوراسان.

سەرەڕای ئەو هەموو جنایەتانەی شایەکانی سەفەوی ئێرانی، کوردەکان ملیان بۆ داگیرکەران کەچ نەکرد و لە سەددەی شازدەهەم دا هەڵۆخانی سەرۆکی خێلی ئەردەلان ڕاپەڕی و سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند. لە دوای هەڵۆخان، خان ئەحمەدخانی کوڕی هەڵۆخان جێی باوکی گرتەوە و تەنانەت بە ناوی خۆیەوە دراوی کوردی بە ناوی گەلا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چاپدا و بە کاری هێنا. حکوومەتی کوردی خان ئەحەدخان لە سالی 1638 ی زاینی دا دامەزرا و لە سالی 1639 دا لە لایەن سەفیەددین شای ئێرانەوە هێرشی کرایە سەر و پاش شەڕێکی گران لە ناوچەی مەریوان، کوردەکان تێک

شکان و خان ئەحمەدخان لە ناچاریی پەنای بردە بەر حکوومەتی عوسمانی و پاشان لە شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد.

## 2.16 - پەیمانی قەسری شیرین لە سالی 1639 ی زایینی دا

شەڕی چاڵدێران لە سالی 1514 ی زایینییەوە لە نێوان دەوڵەتەکانی عوسمانی و سەفەوی دا دەستی پێکرد. ئەو شەڕە لەسەر داگیر کردنی خاکی کوردستان نزیکەی 130 ساڵی خایاند. کوردستان هەر ماوەی جارێک لەژێر دەستی یەکێک لەو دوو داگیرکەرانەدا بوو. لە ساڵی 1590 ی زایینییەوە شاعەبباسی سەفەوی لە شەڕی دژی عوسمانی دا تێک شکا و پاشان لە ناچاری پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەست. لەو پەیمانەدا ئێران ناچار بوو لە ناوچەکانی کوردستان، گورجستان، ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە پاشەکشە بکات. پاش کشانەوەی سەفەویەکان ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عوسمانی.

شا عەبباس لە سالی 1603 ی زایینی دا دیسان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی دەستی بە شەڕ کردەوە. لەو شەڕەدا ئێران توانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجانی ئەمڕۆ ژێر دەستی ئێران داگیر بکات.

حکوومەتەکانی عوسمانی و سەفەوی داگیرکەری کوردستان لە ساڵی 1639 دا پێک هاتن و لە شاری قەسری شیرین دا پەیمانێکیان مۆر کرد. لەو پەیمانەدا ناوچەی ئەردەڵان بەسەر سەفەویەکان دا و ناوچەکانی موکری و پیران و شارەزووریش بە سەر عوسمانیەکان دا دابەش کران. ناوچەکانی تری کوردستان وەک جزیر، ورمێ، سۆران و بابان لە سەر ڕەوشی پێشتریان وەک میرنشینی کورد مانەوە.

میرەکانی کورد تا ساڵی 1813 ی زاینی کە تێیدا داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانی بەسەر کوردەکان دا سەرکەوتن و پەیمانی دووەمی قەسری شیرینیان مۆر کرد، لە لایەکەوە شەڕی دژبە داگیرکەرانی عوسمانی و سەفەویان دەکرد و لە لایەکی تریشەوە شەڕی براکوژی. لەو پەیمانەدا کوردستان بە تەواوی کەوتە بن دەستی عوسمانی و سەفەویەکان. ئەوانیش بە ویستی دڵیان لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد. لە ئاکامدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە ژێر دەستی سەفەویەکان و بەشەکانی تری کوردستان کەوتنە ژێر دەستی عوسمانیەکان.

## 2.17 - شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی 1880 ی زاینی دا

لە ساڵی 1880 ی زاینیەوە نزیکەی 60000 کورد و ئاسوری لە ژێر ڕێبەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و کوڕە شۆڕشگێڕەکەی بە ناوی سەید عەبدولقادر دا لە دژی زۆرداری و دەست درێژی حکوومەتی داگیرکەری ئێران دەستیان بە شۆڕش کرد. ئەم سەرهەڵدانە وەک بروسکێک بەسەر داگیرکەردا سەرکەوت و شۆڕشگێڕان لە ماوەیەکی کەم دا زۆربەی خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئازاد کرد.

حکوومەتی ئێران بۆ تێک شکاندنی ئەم شۆڕشە لە دەوڵەتەکانی ئینگلیز، ڕوس و عوسمانی داوای هاوکاری کرد. ئەم حکوومەتانە بە یەکەوە لە دژی شۆڕشی کوردەکان دەست بەکار بوون و بە ناوی برایەتی و هاو ئاینیەوە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریان هەڵ خەڵەتاند. نەیارانی کورد بە کوردەکانیان گوت: " با ئێمە پێکەوە ئاشتی بکەین، پاشان پێک دێین و مافی ئازادی نەتەوەی کوردیش دەدەین."

بەم پلانە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بانگێشتی شاری ئیسانبوڵ دەکەن. کاتێک کە شێخ دەگاتە ئیستانبوڵ، بە کەڵەک و کوڵەکی دوژمانانی دەزانێت و بە نهێنی لە ئیستانبوڵەوە دەگەڕێتەوە شاری شەمزینان. بەلام بەداخەوە

هێزی سەربازی حکوومەتی عوسمانی وە شوێن شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری دەکەوێت و لە شەمزینان هێرشی دەکاتە سەر و بە دیلی دەگرێت و ڕەوانەی شاری مەککەی عەرەبستانی سعودی دەکات. لە ئاکامدا دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1883 لە شاری مەککە شێخ عوبەیدوڵڵا دەکوژن و دەڵێن کۆچی دوایی کرد. بەم جۆرە داگیرکەران هێرش دەکەنە سەر شۆڕشەکەی گەلی کورد و تێکی دەشکێنن و دیسان دەست بەسەر کوردستان دا دەگرنەوە.

سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی 1908 دا دەچێتە ئیستانبوڵ و لە ساڵی 1925 دا تێکەڵاوی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەبێت و پاش ڕوخانی شۆڕشەکە لەگەڵ شێخ سەعیدی پیران لە لایەن حکوومەتی تورکیە وە لە سێدارە دەدرێت.

## 2.18 - شۆڕشی بەدرخان پاشا لە ساڵی 1880 ی زانینی دا

بەدرخان پاشا هەوڵێکی یەکجار زۆری دا تاکو لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی حەککاری یەک بگرێت و پەیمانێکی دۆستایەتیان بە ناوی پەیمانی پیرۆز لەگەڵ مۆر بکات. ئامانجی پەیمانی پیرۆز ئەوە بوو کە کوردەکان

یەکیەتی خۆیان دروست بکەن و بۆ ستاندنی مافی خۆیان و ڕزگاری خاکی کوردستان لە دژی داگیرکەری عوسمانی ڕاپەڕن و شۆڕش بکەن. لەو پەیمانەدا سەرۆک خێڵی ئەردەلان کە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو بەشداری کرد. بە پشتگیری کوردەکانی ڕۆژهەلات ئەم شۆڕشە زیاتر پەرەی سەند. بەدرخان لەگەڵ نەتەوەکانی ئاسوری و ئەرمەنیش دا پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری مۆر کرد و بە یەکەوە بەڵێنیان دا کە لە دژی حکوومەتی عوسمانی شۆڕش بکەن. بەلام پێش شۆڕشەکە دەوڵەتی ئینگلیز، ئاسوری و ئەرمەنیەکانی لە ناوچەی کوردستان و شۆڕشەکە دوور خستەوە.

بەدرخان پاشا لە ساڵی 1812 لە سەرهەڵدانێکدا ئەمارەتەکانی جزیر و بۆتانی ڕزگار کرد و خستنیە ژێر فەرمانڕەوایی حکوومەتی خۆی. بەدرخان پاشا دەی هەویست هەموو ئەمارەتە کوردیەکان ئازاد بکات و کوردستانێکی یەکگرتوو پێک بێنێت. بۆ ئەم کارە بەدرخان پاشا پەیوەندی بە زۆربەی شێخ و بەگ و سەرۆک خێڵەکانی کوردەوە کرد، کە هەریەکەی میری ئەیالەت یان ناوچەی خۆی بوو. بەدرخان پاشا لە میرە کوردەکانی داوا کرد کە لە دژی داگیرکەران یەک بگرن و بۆ ڕزگار کردنی کوردستان شۆڕش بکەن. ئەو میرانەی کە داخوازیەکانی بەدرخانیان قبوڵ کرد بریتی بوون لە :

مستەفا بەگ و دەروێش بەگ لە میرەکانی ناوچەی وان، ئورەڵلا بەگ میری ناوچەی حەککاری، فەتاح بەگی حەککاری، خالید بەگی زەحیمی و شەریف بەگی میری ناوچەی موش، حوسێن بەگی سەرۆک خێڵی ناوچەکانی قارس و ئاجار، شێخ یوسف میری ناوچەی زاخۆ، شێخ مەحەممەد میری ناوچەی موسڵ.

بەدرخان پاشا لە ناوچەی جزیر کارگەیەکی درووست کردنی چەک و تەقەمەنی دامەزراند و چەند قوتابیەکی بۆ شارەزایی و فێر بوونی درووست کردنی چەک و بەکارهێنانی ڕەوانەی ئەورووپا کرد. هەروەها بەدرخان بایەخێکی زۆری لە گۆلی شاری وان بە کەشتی درووست کردن دا. بەدرخان لە کاتی شۆڕشەکەیدا ناوچەکانی وان، ورمێ، موکریان، پیران، ڕەواندوز، موسڵ، سنجار و وێرانشاری ئازاد کرد.

عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی عومەر پاشا و بە هاوکاری ئینگلیزیەکان هێرشیان کردە سەر شۆڕشگێڕانی بەدرخان پاشا. لە یەکەم شەڕدا کە لە ناوچەی شاری ورمێ ڕووی دا کوردەکان سەرکەوتن. دوای ئەم سەرکەوتنە یەزدان شێر (عێزەددین شێر) کە سەرکردەیەک لە هێزەکانی بەدرخان و ئامۆزای بەدرخانیش بوو، خەیانەتی بە شۆڕشی کورد کرد و بە خۆیی و

هێزەکەیەوە چووە پاڵ هێزی عوسمانی و بەم جۆرە هێزی بەدرخان پاشا شکا و ئەمارەتی جزیر لە لایەن عوسمانیەکانەوە داگیر کرا. لە درێژەی ئەم شەڕانەدا کوردەکان جارێکی تر ئەمارەتی جزیریان ئازاد کردەوە. بەڵام بە داخەوە دیسان عوسمانیەکان و خۆ فرۆشە کوردەکان هێرشیان کردەوە سەر جزیر. سەرەنجام کوردە شۆڕشگێڕەکان نەیان توانی لە ئاست ئەو هێرشەدا خۆیان بگرن و تێک شکان. بەدرخان پاشا بە خۆیی و هێزەکەیەوە ڕووی کردە قەڵای ئەروخ و لەم قەڵایەدا ماوەی هەشت مانگ لە لایەن هێزەکانی عوسمانی و کوردە خۆفرۆشەکانی یەزدان شێرەوە گەمارۆ دران. لە ئاکامدا هێزەکانی بەدرخان پاشا لەبەر تەواو بوونی خواردەمەنی و تەقەمەنی شکان و بەم شێوەیە هەموو کوردە شۆڕشگێڕەکان گیانیان بەخت کرد و بەدرخان پاشاش ئاواتەکانی سەری نەگرت و بە دیل کەوتە دەستی دەوڵەتی عوسمانی و ڕەوانەی شاری ئیستانبوڵ و لەوێشەوە ڕەوانەی بوڵغارستان و دورگەی تکریت و دیمەشق کرا. بەدرخان پاشا دوا ساڵەکانی ژیانی لە دوور خرانەوە و ژێر دەستیدا بردە سەر. ئەم شۆڕشگێڕە کوردە لە ساڵی 1868 دا لە دیمەشق لە لایەن عوسمانیەکانەوە بە ناوی نەخۆشییەوە کوژرا. تەرمەکەی لە گۆڕستانی کوردان لە دیمەشق بە خاک سپێردرا و گۆیا 21 کچ و

21 کوڕی لە پاش بە جێما. شایانی باسە کە بەدرخان پاشا لە کاتی شۆڕشەکەیدا سکەی دراوی کوردی بە ناوی گەلا لە چاپ داوە و لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆیدا بەکاری هێناوە.

## 2.19 - شۆڕشی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵی 1912 ی زایینی دا

عەبدولڕەزاق بەدرخان کوڕی نەجیب پاشا و نەوەی بەدرخان پاشا بووە کە لە ساڵی 1846 ی زایینی لە ئیستانبوڵ لە دایک بووە. پاشان بۆ فێر بوونی خوێندەواری زمانی کوردی دەچێتە لای مامۆستا و شاعیری مەزنی کورد حاجی قادری کۆیە و دەبێتە خوێندەوارترین کوردی سەردەمی خۆی. عەبدولڕەزاق بەدرخان بۆ ئازاد کردن و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵێکی زۆر دەدات و شۆڕشێکی ڕۆشنبیری-نەتەوایەتی کوردی لە سەرتاسەر کوردستان دا وەڕێ دەخات. ناو براو لە ساڵی 1912 دا بڵاوکراوەیەکی مانگانەی کوردی لە شاری ورمێ دەرکردووە. کاتێک کە ڕووسەکان عەبدولڕەزاق لە ورمێ دوور دەخەنەوە، سمایلاغای سمکۆ ئەرکی دەرکردنی مانگنامەکە تا ساڵی داخرانی واتە ساڵی 1914 دەگرێتە ئەستۆ.

عەبدولڕەزاق لە 1913/11/24 لە شاری خۆیە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی پێک هێنا و قوتابخانەیەکی کوردیشی دامەزراند کە تێیدا 29 قوتابی بە زمانی کوردی دەرسیان دەخوێند. حکوومەتی ئێران دژی بەردەوام بوونی ئەم قوتابخانەیە دەوەستێتەوە و هێرش دەکاتە سەر شاری خۆیە و قوتابخانەکە وێران دەکا. بەم شێوەیە نەیان هێشت ئاواتی بە زمانی خۆ خوێندنی گەلی کورد سەر بگرێت. لەو کاتەدا ناوچەکانی وان و ئەرزەڕۆم لە بەهاری 1913 دا دەبنە مەڵبەندی زانیاری و ڕوناکبیری گەلی کورد.

عەبدولڕەزاق بەدرخان لەگەڵ سەید تەها شەمزینی بزووتنەوەیەکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری لەو ناوچەیەدا وەڕێ دەخەن و بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

پاشان لە ناو سەرکردە کوردەکان دا لەسەر سەرۆکایەتی کوردستان کێشەی دەسەڵات دەست پێدەکات. بزووتنەوەی عەبدولڕەزاق بەدرخان پشتی بە ڕووس بەستبوو، حەسەن بەگی ئامۆزای عەبدولڕەزاق بەدرخان لایەنگری ئینگلیز بوو، شێخ عەبدولقادر شەمزینی لایەنگری عوسمانی مایەوە. بە داخەوە ناکۆکی نێوان سەرکردە کوردەکان بوو بە هۆی لێک دابڕانی نەتەوەی کورد. بەم جۆرە لەو سەردەمەدا ئاواتی یەکیەتی کوردەکان و کوردستانێکی

سەربەخۆ زیندەبەچاڵ کرا. لەو کاتەدا شاری بتلیس بەسەرکردایەتی مەلا سەلیمی بتلیسی بوو بە مەڵبەندی بزووتنەوەیەکی کوردی. ئەو بزووتنەوەیە بوو بە هۆی سەرهەڵدانێکی گشتی لە لایەن گەلی کوردەوە کە چەند سەرکردەی کورد وەک عەبدولڕەزاق بەدرخان، یوسف کامیل، سەید تەها و سمکۆش بەشداریان تێدا کرد.

عوسمانیەکان زۆر دڕەندانە پەلاماری ئەو ڕاپەڕینەیان دا. ئەگەرچی کوردەکان داوای یارمەتی و پشتگیریان لە ڕوسیە کرد، بەڵام بە داخەوە پاش ئەو هەموو هەوڵدانە بزووتنەوەی کورد لە هەموو لایەکەوە بێ دۆست مایەوە و لەناو کوردەکانیش دا یەکیەتیەکی تەواو پێک نەهات.

لە ساڵی 1914 تا 1917 عەبدولڕەزاق بەدرخان، سمکۆ و سەید تەها شەمزینی لە ڕوسیەی قەیسەری نزیک بوونەوە و پەیمانێکیان بە یەکەوە بەست. لەم پەیمانەدا بڕیاریان دا کە هەموویان بە یارمەتی ڕوسیە ڕاپەڕن و داوای مافی ڕەوای گەلی کورد بکەن.

لە ساڵی 1917 دا لە ڕوسیە شۆڕشی ئۆکتۆبر ڕوی دا و عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ڕوسیەوە گەڕایەوە باکوری کوردستان و لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە دەست بەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کرا و لەوێ بەر لە

دادگایی کردنی لە سێدارە درا. دواى ئەم ڕووداوە سمکۆ و سەید تەها لە ڕوسیەوە گەڕانەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

عەبدولڕەزاق بەدرخان شارەزاییەکی تەواوی لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

هەبوو. ئەو چەند زمانی ڕۆژهەلاتی و ئەورووپی دەزانی و دواى ئەوەی کە کرا بە سکرتێری بالۆێزخانەی عوسمانی لە ڕوسیە ، زمانی ڕوسیش فێر بوو.

عەبدولڕەزاق بەدرخان یەکێک لەو سەرکردە ژیرانە بووە کە بیری لە چارەنووسی نەتەوەی کورد کردۆتەوە. تەنانەت یەکەم سەرکردەی کورد بووە کە ئەو کاتە بەرنامە و پلانی سەربەخۆیی کوردستانی بە شێوەیەکی ڕێک وپێک داناوە. بۆ وێنە لای کاربەدەستانی ڕوسی وتوویەتی:

" هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم و قبولْ ناکەم کە نەتەوەکەم لە کۆت و زنجیری عوسمانی تورک و قاجاری فارس دابێت، ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە گەل و ولاتمان لە کۆت و زنجیری زۆردار و داگیرکەران ڕزگار بکەین. بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە، گەلەکەمان پێویستیەکی زۆری بە خوێندەواری هەیە ، کلیلی ئەمەش بریتیە لە ڕەخساندنی دەرفەتی

فێربوون و خوێندەواری بۆ گەلی کورد، بۆ ئەم شتە یارمەتیمان بدەن جا ئەگەر بە من و هەڤالانیشم کوردستان ڕزگار نەکرا، ئەوە هەر کاتێ کورد بوو بە خاوەنی دەست و قەڵەم و خوێندەواری، ئەوسا دەتووانێت بە خۆیدا بێتەوە و ئازادی خۆی ببینێت."

## 2.20 - قڕ کردنی ئەرمەنیەکان لە ساڵی 1915 ی زاینی دا

سوڵتان عەبدول عەمید یەکێک لە سوڵتانەکانی عوسمانی بوو کە زۆر جنایەتی دەرهەق بە نەتەوەکانی کورد و ئەرمەنی کردووە. ئەو بە سازکردنی ئالای عەمیدیان لە زۆر ئاغا و بەگ و سەرۆک خێڵی کورد کەڵک وەردەگرێت و لەگەڵ لەشکرەکەی خۆی وەک چەتە لە دژی ئەرمەنیەکان بەکاریان دێنێت. عەبدول عەمید بە ناوی ئەوەی کە ئێمەی تورک و کورد برا و موسوڵمانین و ئەرمەنیەکان مەسیحی کافرن، هێزە کوردیەکان لە دژی ئەرمەنیەکان بە شەڕ دەدات. بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی بە هاوکاری ئەو کوردە نەزان و هەڵخەڵەتاوانە قەتڵ و عامێکی وەحشەتناک و دڵتەزێن لە دژی ئەرمەنیەکان پێک دێنێت کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا کەم وێنە بوو. لەم جین و سایدەدا زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵکی بێ تاوانی ئەرمەنی کوژران و

بە سەدان هەزار کەسیش ئاوارە و سەرگەردان بوون. هەموو سامانی ئەرمەنیەکان لە لایەن تورکەکانەوە تالان کرا و خاک و مالیان بەسەر خەلکی تورک دا دابەش کرا.

عەبدول عەمید پاش ئەو ڕووداوە بە درۆ ولام دەداتە کوردەکان، کە لەشکری ڕوسیە هێرشتان دەکاتە سەر و هەمووتان قەتل وعام دەکات. بەم شێوەیە دەیان ترسێنێت و کوردەکانیش بە سەرمای زستان شار و گوندەکانیان چۆل دەکەن و ئاوارەی شاخەکانی کوردستان دەبن. هاوکات لەشکری تورک لە دواوە هێرش دەکاتە سەر کوردەکان و بە دەیان هەزار کورد دەکوژێت و مال و سامانیشیان تالان دەکات. لە چیاکانیش دا بە هەزاران کورد لە سەرمان ڕەق دەبنەوە . عەبدول عەمید بەم جۆرە ڕق و کینەی خۆی لە دژی گەلانی ئەرمەنی و کورد دەردەبڕێت و سوکنایی دلی خۆی دێنێت.

عەبدول عەمید لە بیرەوەریەکانی دا بەم شێوەیە دەدوێت:

" ئەرمەنی گەلێکی ترسنۆک و حیلەبازن، هەموو جیهانیش هاوکاری ئەوان دەکات. بەلام گەلی کورد بێ هێز، نەزان، مێرخاس، ساوێلکە و خۆشباوەڕ و گەلێکی مێژوویی و کۆنن کە خاوەنی کولتوور و کەلەپووری زۆر گرنگ و

دەوڵەمەندن. ئێمە دەبێ ئەوان لە ناو گەلی تورک دا بتوێنینەوە و بڵاویان بکەین. هەموو سامانی کولتووری ئەوان بخەینە سەر ناوی گەلی تورک."

ئەو قسە ژەهراویەی عەبدول عەمید ئەمڕۆش لە کەللەی گەندەڵی فەرماندەکانی سوپای تورکیە دا ماوەتەوە و هەر لەسەر ئەو بیرو باوەڕەش بەردەوامن. بەداخەوە ئەم کۆنە پەرستیە زۆرێک لە خەڵکانی سیاسی و مەدەنی تورکیشی گرتۆتەوە. زۆربەی بەلا و تەنگ وچەڵەمەکانی ئەمڕۆی نەتەوەی کوردیش لە پەروەردەکانی بیروباوەڕە فاشیستیەکەی عەبدول عەمیدەوە سەرچاوە دەگرن.

## 2.21 - شۆڕشی سما یلاغای شکاک (سمکۆ) لە ساڵی 1918 تا 1930ی زاینی

خێڵی شکاک لە ناوچەکانی سۆما و برادۆست لە ڕۆژئاوای شارەکانی سەلماس و ورمێ دا دەژی کە لە ساڵی 1920 دا ژمارەیان نزیکەی 6000 خێزان بووە. شکاک گەورەترین و بەهێزترین خێڵی کوردی ئەو کاتە بووە کە لە ساڵی 1841 تا 1893 ناوچەی سۆمای لە ژێر دەسەلاتی خۆی دا پاراستووە. هەر بۆیە کە داگیرکەران لێی ترساون و حسابیان بۆ کردووە.

سەرۆکەکانی خێڵی شکاک بریتی بوون لە ئیسماعیل ئاغا، عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغا، مەحەممەد پاشای کوڕی عەلی ئاغا و سمکۆی کوڕی مەحەممەد پاشا. بنەماڵەکانی شکاک هەر لە کۆنەوە لە دژی داگیرکەران شەڕیان کردووە و زۆرداری ئەوانیان قبوڵ نەکردووە، ئەگەرچی بۆ خۆشیان لە سەر گەلی کورد هێندێک زۆردار بوونە.

ناسناوی شکاک لە ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆوە هاتووە. بۆ یەکەمین جار لەو کاتەوە خێڵی شکاک ناوبانگی خۆیان دەردەکەن کە لە ساڵی 1795 دا ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ لەگەڵ چەکدارەکانی بە دەستوری شای قاجار هێرش دەکاتە سەر میری ڕەواندوز و ئەو میرە کوردە تێک دەشکێنێت و دەیکوژێت و قەڵاکەشی تاڵان دەکات. ئیسماعیل ئاغا زۆر زۆردار بووە، بە زۆر باج و سەرانەی لە خەڵکی هەژاری کورد ستاندووە و خزمەتێکی زۆری بە فەرەجوڵڵا خانی قاجار کردووە. ناوبراو پاشان بە دەستی خودی قاجارییەکان کوژراوە.

خێڵی شکاک چونکە لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان حکوومەتەکانی ئێران و تورکیە دا ژیاوە، دەست بەسەرداگرتنی زۆر ئاسان نەبووە. هەر جارە یەکێک لەو داگیرکەرانە شکاکەکانی بە فرتوفێڵ لە دژی ئەوەی تر بەکار هێناوە.

پاش کوژرانی ئیسماعیل ئاغا به ده ستی قاجاریه کان عه لی ئاغای کوڕی واته باپیری سمکۆ ده بێته سه رکرده ی خێڵی شکاکان. له و کاته دا شۆڕشی شێخ عوبه یدوڵلا نه هری له کوردستان ده ستی پێ کردبوو. شێخ عوبه یدوڵلا نه هری داوای هاوکاری و پشتگیری له عه لی ئاغا و خێڵی شکاک ده کات، به ڵام به داخه وه خێڵی شکاک پشتگیری حکوومه ته کانی داگیرکه ر ده که ن و له دژی شۆڕشی شێخ عوبه یدوڵلا نه هری شه ڕ ده که ن.

پاشان عه لی ئاغا له گه ڵ حکوومه تی ئێران چه ند جارێک به کێشه دێت و ده یه وێت تۆڵه ی باوکی له شایه کانی قاجار بستێنێته وه .

به م شێوه یه عه لی ئاغا له دژی قاجاریه کان ده ست به شه ڕ ده کات. دوای به رده وام بوونی شه ڕێکی درێژخایه ن له کێو و ده شته کانی ورمێ و سه ڵماس دا، عه لی ئاغا تێک شکا و به ناچاری وه ک په نابه ر ڕووی کرده تورکیه .

به ڵام تورکیه عه لی ئاغای گرت و ته سلیمی شای ئێران موزه فه ره ددین شای وه لیعه هدی کاتی کرده وه . حکوومه تی ئێران ده ست به جێ عه لی ئاغای له سێداره دا.

دوای کوژرانی عه لی ئاغا محه ممه د پاشای کوڕی واته باوکی سمکۆ بوو به سه رۆکی خێڵی شکاک. محه ممه د پاشا له گه ڵ جه وهه ر ئاغای کوڕی و

چەکدارەکانی لە دژی قاجاریەکان شەڕی کرد. پاشان شای قاجار قورئانێکی بە دیاری بۆ محەممەد پاشا نارد و بۆ بەستنی پەیمانێکی ئاشتی بانگێشتی شاری تەورێزی کرد. شای قاجار پشتی قورئانەکەی ئیمزا کردبوو و سوێندی خوارد بوو کە خەیانەت بە کوردەکان نەکات. بەم شێوەیە محەممەد پاشا بە خۆیی و جەوهەر ئاغای کوڕی و شەش چەکداریەوە لە ساڵی 1905 ی زاینی دا چوونە تەورێز و لەوێ هەموویان بە دەستی نیزامولسەڵتەنەی سەر لەشکری قاجاریەکان کوژران. پاش ئەم ڕووداوە سمکۆ کە کوڕی محەممەد پاشا و براچووکەی جەوهەر ئاغا بوو، بە تەواوی سەرکردایەتی خێڵی شکاکی گرتە دەست و بوو بە کەڵەسوار و شۆڕەسواری ناو خێڵی شکاک و بۆ ماوەی 25 ساڵ واتە لە ساڵی 1905 تا 1930 لەو ناوچەیەدا حکوومەتی کرد.



وێنەی سمکۆ



وێنەی سمکۆکە لە ناو چەند پێشمەرگەی هەڤاڵی دا دانیشتوە

سمکۆ هاوکاری شۆڕشەکانی تری باکوری کوردستانی کردووە و لە بەرانبەر شایەکانی قاجاری و پەهلەوی دا سەربەرزانە بەرنگاری کردووە. لە سالّی 1922 دا ڕەزا شای ئێران هێرشی کردە سەر خێلّی شکاک. سمکۆ بۆ ماوەی هەشت سالّ لە دژی ئەم هێرشەی ڕەزاشا دا شۆڕشگێڕانە بەرنگاری کرد و ماوەیەکی زۆر لە دەربەدەری دا مایەوە. تا ئەوەی کە لە سالّی 1930 دا بە بەلّێنی درۆی ڕەزا شای ئێران هەلّخەلّەتا و بە ناوی بە ناو گفتوگۆ کردن و ڕێککەوتن بانگیان کرد بۆ شاری شنۆ و لە ڕێگادا بۆسەیان بۆ نایەوە و کوشتیان. دوای گیانبەخت کردنی سمکۆ حکوومەتی ئێرانی داگیرکەر زۆر بە دلّڕەقانە لەدژی گەلی کورد دەجولاّیەوە و دەستی کرد بە قەتلّ وعامی گەلی کورد و لە زۆر شوێن بۆ سەرکوت کردنی خەلّکی کورد بنکە و قەلاّی ژاندرمەری دامەزراند.

سمکۆ برایەکی بچووکی بە ناوی خورشید هەبوو کە بە تەقینەوەی نارنجۆکێک، کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بۆ سمکۆ ناردرا بوو گیانی لە دەست دا. سمکۆ کوڕ و کچێکی بە ناوەکانی خوسرەو و سەفییەخان لە پاش بەجێ ماون کە گوایە خوسرەو ئێستا (سالّی 2001) خانەنشینە و لە ئیستەنبولّ دەژیت سەفییەخان ئێستا لە شاری هەولێرە.

### 2.22 - پەیمانی سێڤر (سەڤر) لە ساڵی 1919 ی زاینی دا

پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی 1919 ی زاینی دا دەوڵەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مۆر کردنی پەیمانێکی ئاشتی کۆنفرانسێکیان لە شاری پاریس دا بەست و لە دەوڵەتی عوسمانی و ڕێکخراوە کوردی و ئەرمەنیەکان داوایان کرد کە بۆ پاراستنی ماف و هێنانە گۆڕی داخوازیەکانیان نوێنەری خۆیان بنێرنە ئەو کۆنفرانسە .

ئەرمەنیەکان با قۆس نوبار پاشا و کۆمەڵەی جەمعیەتی کوردەکانیش شەریف پاشایان ناردە کۆنفرانسەکە . شەریف پاشا وەک نوێنەری گەلی کورد داخوازیەکانی نەتەوەی کوردی خستە بەر دەم کۆنفرانسەکە . کۆنفرانسی یەکەم لە 22/ 1919/3 و کۆنفرانسی دووەم لە 1920/3/1 دا بەسترا. لەو کاتەدا شەریف پاشا لەگەڵ با قۆس نوبار پاشای نوێنەری ئەرمەنیەکان دا کۆبوونەوەی کرد و لە سەر داخوازیەکانی گەلانی کورد و ئەرمەنی پێک هاتن و دۆستایەتیان درووست کرد. ناوبراوان بە یەکەوە داخوازیەکانیان لە پەیمانی سێڤر لە 1920/8/10 دا هێنایە گۆڕێ. لەو پەیمانەدا داخوازی گەلەکانی ئەرمەنی و کورد بە یەکەوە لە لایەن دەوڵەتەکانی نەتەوە یەگرتووەکان قبوڵ کرا. بۆ گەلی کورد لە خاڵەکانی 62، 63، 64 دا بڕیار

درا کە لە چوارچێوەی وڵاتی عوسمانی دا هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان درووست بکرێ و پاش ساڵێک دەنگدان بۆ هەڵبژارتنی گشتی پێک بێت. پاشان لەسەر ویستی گەلی کورد حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت و جوگرافیای سیاسی کوردستان هەرێمەکانی موسڵ و کەرکوکی ئەوسا (باشووری کوردستان) بگرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەوپەیمانە تەنیا لەسەر کاغەز مایەوە و پەیمانی لۆزان بەتاڵی کردەوە.



شەریف پاشا

## 2.23 - کۆنگرەی ئەرزەڕۆم لە ساڵی 1919 ی زاینی دا

پاش ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەم دا تێک شکا، لە لایەن وڵاتانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی 1919 دا پەیمانێکی ئاشتی لە شاری پاریس دا مۆر کرا و بڕیاری سەربەخۆیی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی درا. لەو بڕیارەدا دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بە فریودانی گەلی کورد. مستەفا کەماڵ پاشا کە سەرۆکی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە سەفەر چوو بۆ شاری ئەرزەڕۆمی کوردستان و لەگەڵ شێخ و ئاغا و سەرکردە کوردیەکان دا کۆنگرەیەکی بەست کە تێیدا بە کوردەکانی گوت:

" ئەی گەلی کورد ئێمە برای یەکین و هاو ئایینین و کافران دەیانەوێت ئێمە بخەنە بن دەستی خۆیان و تەسلیمی ئەرمەنیانمان بکەن. ئەو کاتە هەم ئایین و هەم وڵات و ناموسیشمان لە دەست دەدەین. من بەڵێنی شەرەف و ناموس دەدەم کە ئەگەر ئێمە بە یەکەوە لە دژی کافرانی ئەرمەنی یەک بگرین و شەڕ بکەین، و ئەوان لە وڵاتەکەمان دوور بخەینەوە ئینجا ئێمە وەک برا پێک بژین و مافی ئێوەی گەلی کورد بدەین."

بەم گوتنانە مستەفا کەماڵ کلاوی کردە سەر کوردەکان و کردنیە لایەنگری حکوومەتی عوسمانی. بەم شێوەیە کوردەکان پشتگیری خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی دەربڕی و بە تێپەڕکردنی کات ئۆتۆنۆمی کوردستان تێک درا و پەیمانی سێڤر لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان دا پشت گوێ خرا و پەیمانی لۆزان هاتە کایەوە.

### 2.24 - شۆڕشی دوکتۆر نووری دەرسیمی لە ساڵی 1920 ی زاینی دا

دوکتۆر نووری دەرسیمی کوڕی مەلا ئیبراهیم کە لە ساڵی 1894 ی زاینیەوە لە گوندی دارێی سەر بە شاری دەرسیم لە دایک بووە. لە ساڵی 1908 دا بە هاوکاری عەبدولقادر کۆمەڵەیەکی بە ناوی کۆمەڵەی بڵێندایی کورد پێک دێنێت. دوکتۆر نووری وەک سەرکردەیەک لە ناو ئەو کۆمەڵەیەدا بەرپرسیاریەتی بەستۆوە دەگرێت. دوای ئەوەی کە حکوومەتی عوسمانی خاڵەکانی پەیمانی سێڤری بەجێ نەهێنا، دوکتۆر نووری دەرسیمی لەگەڵ عەلی شێر لە ساڵی 1920 دا دەچێتە شاری کۆچگیری و دەست بە خەباتی سیاسی دەکات و داوا لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە خاڵەکانی پەیمانی سێڤر جێبەجێ بکات. دەوڵەتی عوسمانی داخوازیەکانی دوکتۆر نووری قبوڵ

نەکرد و بۆیە دوکتۆر نووری لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری کۆچگیری دەستی بە شۆڕش کرد. دوکتۆر نووری لە شەڕدا دەکەوێتە دەست سوپای عوسمانی و زیندانی دەکرێت. حکوومەتی عوسمانی بە ناوبژی سەید ڕەزای دەرسیمی، دوکتۆر نووری ئازاد دەکات. پاشان دوکتۆر نووری دەچێتە ناو شۆڕشی سەید ڕەزاوە. دوای تێکچوونی شۆڕشی سەید ڕەزا، دوکتۆر نووری لە ناچاری ڕوو دەکاتە وڵاتی سوریە و لەوێ درێژە بە خەباتی سیاسی خۆی دەدات. دوکتۆر نووری لە 1972/9/22 لە شاری حەڵەبی باشوری بچووکی کوردستان کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی نزیک شاری حەفرین بە خاک دەسپێردرێ.



وێنەی شۆڕشگێڕی کورد دوکتۆر نووری دەرسیمی

## 2.25 - شۆڕشی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە ساڵی 1919 ی زاینی دا

لە ساڵی 1918 ی زاینی دا حکوومەتی ئینگلیز عێراق وەک وڵاتێکی موستەعمەرە دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. لەو کاتەدا شێخ مەحمود دەبێتە فەرمانداری شاری سلێمانی و لە دژی حکوومەتی ئینگلیز دەست بە شۆڕش دەکات. ئینگلیز نوێنەری خۆی بۆ بە ناو ئاشتی دەنێرێتە لای شێخ مەحمود. بەلام شێخ مەحمود داخوازیەکانی ئینگلیز قبوڵ ناکات چونکە دەزانێت کە ئەوە پلانێکی فریوکارانەیە و بەس. ئینجا سوپای ئینگلیز و عێراق بە یەکەوە هێرش دەکەنە سەر کوردەکان و پاش چەند شەڕێکی دژوار لە ئاکام دا شێخ مەحمود لە شەڕی دەربەندی بازیان دا بە دیل دەگرن. حکوومەتی ئینگلیز بۆ تێکدانی شۆڕشی کوردەکان، شێخ مەحمود بۆ هیندوستان دوور دەخاتەوە.

شێخ مەحمود لە 1922/8/14 دا لە هیندوستانەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی و لە سەر داخوازی گەلی کورد دەست بە شۆڕش دەکاتەوە و لە لایەن خەڵکەوە وەک مەلیکی کوردستان هەڵدەبژێردرێت. شێخ مەحمود سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنێت و ئاڵای کوردستان هەڵدەدات. بەم جۆرە سوپای

حکومەتەکانی ئینگلیز و عێراق بە یەکەوە دیسان هێرش دەکەنەوە سەر شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و لە 1923/3/4 دا شاری سلێمانی بۆمباران دەکەن. پاش شەڕێکی دوور و درێژ و زۆر دژوار بە گیانبەخت کردنی دەیان هەزار کەس لە شۆڕشگێڕانی کورد بە داخەوە شێخ مەحمود دەورەی دەگیرێ و بە دیلی دەکەوێتە دەست حکوومەتی عێراق و ئیستعماری ئینگلیز. بەم جۆرە شۆڕشی شێخ مەحمود تێک دەشکێ و حکوومەتی عێراق بۆ جارێکی تر باشووری کوردستان داگیر دەکاتەوە. شێخ مەحمود لە بەندیخانەی عێراقیش دا سەربەرزانە بەرنگاری کردووە و خۆی بە مەلیکی کوردستان زانیوە. شێخ مەحمود دوای ئەوەی کە لە بەندیخانە دا نەخۆش کرا، بە نەخۆشی ئازاد دەکرێت و هەر بەم نەخۆشیە لە ساڵی 1956 دا لە نەخۆشخانەی بەغداماڵ ئاوایی لە گەل و نیشتمانە خۆشەویستەکەی دەکات.

شێخ مەحمود زۆر بە توانایانە و بوێرانە حکوومەتی کوردستانی پێک هێنا. نەتەنیا کوردەکانی ناوچەی سلێمانی بەڵکو هەموو کوردەکانی باشووری کوردستان و تەنانەت هێندێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش پشگیریان لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمود کرد. سمایلاغای سمکۆ کە سەرکردەیەکی

شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو، بە هەموو شێوەیەک پشتگیری شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی کرد.

گەلاڵە و بەرنامەی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی گەورەدا بووە. هەر بۆیە لە سەرەتاوە تووشی شەڕ کردن بووە لەگەڵ مەلیک فەیسەلی شای ئەوسای عێراق و حکوومەتی ئینگلیز.

شۆڕشی بارزان لە ساڵەکانی 1916 تا 1930 لە ناوچەی بارزانی سەر بە شاری دهۆک لە لایەن بنەماڵەی بارزانیەکان واتە شێخ ئەحمەدی بارزانی و عەبدولسەلام بارزانیەوە ڕابەرایەتی کراوە. ئەم شۆڕشە دژی حکوومەتی عێراق و ئیستعماری ئینگلیز بووە و هاوکات پشتگیری حکوومەتەکەی شێخ مەحمودی بەرزنجی کردووە.



وێنەی شۆڕشگێڕی کورد شێخ مەحمودی بەرزنجی

## 2.26 - پەیمان یان بڕیاری میساقی میللی لە ساڵی 1920 ی زاینی دا

پاش ئەوەی کە مستەفا کەماڵ پاشا لە ئەرزەرۆم و لە سیواس لەگەڵ گەلی کورد کۆنگرەی گرتو و فریوی دان، ئینجا لە ئیستانبوڵ لە 1920/1/28 دا لە کۆبوونەوەیەکی دەوڵەتی عوسمانی دا بڕیاری دژبە گەلی کوردی دا. ئەو بڕیارە لە ناو تورکیەدا بە ناوی میساقی میللی ناسراوە. ناوەرۆکی ئەو بڕیارە بەم جۆرە بوو:

" دەبێ کوردستان بۆ هەمیشە لە ژێر دەستی حکوومەتی تورکیەدا بمێنێتەوە و ئەیالەتەکانی موسڵ و کەرکوکیش بخرێنە سەر وڵاتی تورکیە. حکوومەتی تورکیە تا بە جێگەیاندنی ئەم بڕیارە هەردەم دەبێ لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت."

## 2.27 - پەیمانی لۆزان لە ساڵی 1923 ی زاینی دا

پاش ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی دژی یونان و وڵاتانی نەتەوە یەکگرتۆەکان دا سەر کەوت، لە برواری 1922 /11/10 دا بەشداری کۆنفرانسی وڵاتانی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد. ئەو کۆنفرانسە لە شاری

لۆزانی وڵاتی سویسرا بەسترا کە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی عیسمەت کەر و نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیز لۆردکیرزۆن تێیدا بەشدار بوون.

ئەم کۆنفرانسە نزیکەی نۆ مانگی خایاند. دەوڵەتی عوسمانی لەم کۆنفرانسەدا سیاسەتێکی زۆر دژوار و غەددارانەی لە دژی گەلی کورد بەڕێوە برد. سیاسەتی دوژمنایەتی و خوێنخۆریی لە دژی گەلی کورد نیشان دا.

کۆنفرانسەکە پەیمانی لۆزانی لە 1923/7/24 دا ئیمزا کرد. لەم پەیمانەدا خاڵەکانی پەیمانی سێڤر لەبیر کران و مافی گەلی کوردیش ژێر پێ خرا. لە مۆر کردنی ئەو پەیمانەدا نە نوێنەری گەلی کورد هەبوو و نە باسی مافی گەلی کوردیش کرا. چونکە بڕیارەکانی ئەو پەیمانە لەسەر بناغەی زۆرداری پێک هاتوونە و لە دژی مافی مرۆڤایەتینە، بۆیە گەلی کورد دەتوانێت بڵێت کە پەیمانی لۆزان بێ مانایە و دەبێ هەڵوەشێندرێتەوە و پێک هێنەرانیشی لە دادگایەکی ناونەتەوەیی دا دادگایی بکرێن.

لە پەیمانی لۆزان دا کوردستان کرا بە چوار پارچە، واتە ئەو بەشەی کە لە ژێر دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی دا مابۆوە، بەسەر داگیرکەرەکانی تورکیە، عێراق و سوریە دا دابەش کرا. لەو کاتەی کە دەسەڵاتدارانی ئەورووپا دەوڵەتانی ئینگلیز و فەرانسە بوون کە خاکیان بەسەر تورکیە و عێراق و

سوریە دا دابەش کرد، کوردستانیشیان بەسەر وڵاتە ناوبراوەکان دا دابەش کرد و بەم جۆرە کوردیان بێ حکوومەت و بێ وڵات هێشتەوە.

پێش بەستنی پەیمانی لۆزان حکوومەتی عوسمانی هەموو دورگەی قیبریسی داگیر کردبوو. باشور و هێندێک لە باکوری کوردستانیش لە لایەن ئینگلیز و فەرانسەوە داگیر کرابوون.

لە پەیمانی لۆزان دا دەوڵەتانی ئینگلیز، فەرانسە ، یۆنان، ئیتالیا و تورکیە لەسەر ئەم خاڵانە پێک هاتن:

"- حکوومەتی تورکیە دەبێ دورگەی قیبریس بداتە ئینگلیز. حکوومەتانی ئینگلیز و فەرانسەش کوردستان بەسەر تورکیە و عێراق و سوریە دا دابەش بکەن و سەربەخۆیی وڵاتانی ناوبراو بە ڕەسمی بناسن.

- لە بەرانبەر ئەمەدا حکوومەتەکانی تورکیە و عێراق و سوریە لە سەدا پەنجای نەوت و بەرهەمی کشتوکاڵ و کانەکانی کوردستان بە خۆڕایی بدەن بە ئینگلیز و فەرانسە و زۆربەی ئەو دارایییەش کە دەمێنێتەوە تەرخان بکرێت بۆ مامەڵەی چەکوچۆڵ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا."

شایانی ئاماژە پێکردنە کە زیاتر لەبەر بوونی ئەو پەیمانەشە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیری مافەکانی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان ناکەن.

جگه لەوە 22 وڵاتی عەرەبی هەن کە لە بەرانبەر کێشەی کورد دا هەردەم پشتیوانی ولاتەکانی عێراق و سوریە دەکەن. هەموو وڵاتانی ئیسلامی بە دژی کورد پشتگیری ئێران دەکەن. بێگومان تورکیە وەک یەکێک لە ئەندامانی پەیمانی ئەتلەنتیکی باکور (ناتۆ) لە لایەن زل هێزە ڕۆژئاواییە هاوپەیمانەکانیەوە لە بەرانبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان دا بە هەموو شێوەیەک پشتگیری دەکرێت. وڵاتانی عەرەبیش زۆربەیان دۆستی ناتۆن و نۆکەری حکوومەتی ئەمریکان. زیاتر لەبەر ئەوەیە کە گەلی کورد لە ئاستی دەوڵەتان دا بێ دۆست ماوەتەوە. ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانەی کە خۆشیان وەک دۆستی کورد نیشان دەدەن، دۆستی نیوە ڕێن و گەلی کورد تەنیا بۆ بەرژەوەندیە کاتیەکانی خۆیان بەکار دێنن و هەموویان لە ئاست سەربەخۆیی کوردستان دا هاو بیروڕان.

مێژوو نیشانی داوە کە هەمیشە تێکوشینی بە تەمای جیرانمان نە تەنیا وشک بەڵکو ژەهراویش بووە. تا گەلی کورد و پارتە کوردستانیەکان خۆیان و ماف و بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانیان نەناسن و یەکگرتووانە بەرەو ئاسۆی هاوبەشی ڕزگاریی هەنگاو نەنێن، ئاڵای سەربەخۆیی نیشتمانی کوردستان شەکانەوە بە خۆیەوە نابینێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە

فیداکاریی و له خۆبردوویی و خۆبه خشین هه یه  هه م  له  ئاستی نه ته وه و هه م ئاستی پارته کانیشدا. پێویسته  هه ر کوردێک و پارتێکی کوردستانی چاوێک به  خۆی دا بخشێنێته وه و بیرێک له  ڕزگاری ولاتی پارچه پارچه کراو و ستاندنی مافی نه ته وه ژێرده سته که ی بکاته وه .گه لی کورد با چیتر فریوی داگیرکه رانی ولاته که ی نه خوا و له سه ر ده سه لاتی نه بوو خوێنی یه کتر نه ڕێژێت. چونکه به و کاره کێشه ی کورد هه ر ئالۆزتر و چاره سه رکردنه که شی دوورتر ده که وێته وه و ته نیا دوژمنانمان پێمان خۆش ده بن.

ئه گه ر کورد هه مووی یه کگرتوو بێت و بچێته مه یدانی خه باتێکی کۆمه لایه تی شێلگیر و بێوچانی دوور له  به رژه وه ندی به رچاوته نگانه ی  تاکه  پارتی  و به دروشمی سه ربه خۆیی بۆ کوردستان و داگیرکه ر بۆ ده ره وه ، ده توانێت به ئامانجی ڕزگاری خوازانه ی خۆی بگات و ته نانه ت نه ته وه  دراوسێکانیشی له م ئازاره له مێژینه یه ی ڕۆژهه لاتی ناوه ڕاست ڕزگار بکات. بێگومان دوای سه رکه وتنیش وشیاری کۆمه لانی خه لکی کوردستان بۆ به رگری له  خه یانه ت و فریوکاری حاجی ڕێویه  خۆمالیه کان، گرنگیه کی تایبه تی هه یه .

ئه گه ر نه یارانی ولاتی کوردستان  بزانن یه کیه تی و هاوپشتی جه ماوه ری کوردستان له  به ره ی خه باتی ڕزگاری نیشتمانی دا پارسه نگی هێز به  قازانجی

دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بگۆڕێت و پاشەکشە بە داگیرکەران بکات، بە ڕەسمی ناسینی کوردستان وەک جوگرافیایەکی سیاسی سەربەخۆ لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەک مومکینە بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی دراوسێ و دووریش کە ئەمڕۆ مەسەلەی کوردیان وەکو کارتێکی یاری سیاسی- ئابووری بە دەستەوە گرتووە لە پێشبڕکێی مامەڵەی ئابووری و پەیوەندی ناو دەوڵەتیدا ملی خۆیان دەشکێنن.

## 2.28 -شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی 1925 ی زاینی دا

خالید بەگی جیبری لە ساڵی 1924 ی زاینی دا کۆمەڵەی ئازادیی درووست کرد و دۆستایەتی لەگەڵ سەرۆکی ئایینی ئەو کاتی باکوری کوردستان شێخ سەعیدی پیران پێک هێنا. دەوڵەتی تورکیە ئەمەی کرد بە بەهانە بۆ هێرش کردنە سەر کۆمەڵەی ئازادیی و سەرەنجام خالید بەگی سەرۆکی کۆمەڵەکە لە شاری ئەرزەڕۆم دەگرێت و زیندانی دەکات.

ئینجا شێخ سەعیدی پیران لەسەر داواکاری خالید بەگ ڕاپەڕینێک دژی دەوڵەتی تورکیە وەڕێ دەخات. بۆ چۆنیەتی سەروسامان دان بەم ڕاپەرینە شێخ سەعید چەند کۆبوونەوەیەک ڕێک دەخات کە یەکەم کۆبوونەوە لە

1925/1/4 دا له ئاوایی قیریکان، کۆبوونه وه ی دووه م له گوندی کانیه سپییه و کۆبوونه وه ی سێهه م له مه له کانێ ده گرێت. دوای ئه و زنجیره کۆبوونه وانه مسته فا که مال پاشا به بزووتنه وه ی شێخ سه عید ده زانێت. شێخ سه عید له درێژه ی هه ولدانی بۆ به ده ست هێنانی پشتگیری خه لک و وشیار کردنه وه یان له ناوچه کانی باکووری کوردستان ده ست ده داته که مپه ینێکی سیاسی رۆشنگه رانه و له 1925/1/12 دا له چه به خچور، له 1925/1/15 له داراهێنێ، له 1925/1/21 دا له شارۆچکه ی لیجێ، له 1925/1/25دا له هێنێ و له 1925/2/5 دا له دێی پیران به خۆیی و سوپا سه د هه زار سواره که یه وه ده بێته میوان. به شوێن ئه م که مپه ینه بانگه شه ییه دا شێخ سه عید پشتیوانی و هاوکاری دانیشتوانی ئه و ناوچانه به ده ست دێنێت.

ده وله تی تورکیه که له م بزووتنه وه یه ئاگادار ده بێته وه پلانی له ناوبردنی بۆ داده رێژێت و سوپایه ک له ژێر رابه رایه تی حوسێن حوسنی ده نێرێته سه ر گوندی پیران. ئه و سوپایه ده که وێته بۆسه ی کوردان و چه کدارێکی تورک ده کوژرێت و دوانیشیان بریندار ده بن. به م شێوه یه شه ر هه لده گیرسێت و شۆرشی شێخ سه عید ناوچه کانی هێنێ، گه نج و داراهێنێ ئازاد ده کات و سوپای تورکیه له و ناوچانه دا تێک ده شکێنێت و شاری گه نج ده کاته پایته ختی کاتی

ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی. کوردەکان حکوومەتی کوردی دادەمەزرێنن و فەقێ حوسێن دەبێتە سەرۆکی حکوومەتەکە و شێخ سەعیدیش دەبێتە سەرۆکی سوپای کورد. شۆڕشی نەتەوەیی شێخ سەعیدی پیران بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی 1925 دا دەست پێدەکات و بۆ ماوەی ساڵێک لە ناوچەی ئامەدی باکووری کوردستان دا حکوومەت دەکات.

دوای بەستنی پەیمانی لۆزان تورکیە هەر ڕۆژە بە بیانوویەک گەلی کورد فریو دەدات و تەنیا بە قازانجی خۆی بەکاری دەهێنا و مافەکانی پێشێل دەکرد. بۆ بەرنگار بوونەوەی ئەم بارودۆخە شێخ سەعید و هاوڕێیانی لە دژی تورکیەی داگیرکەر ڕاپەڕین. بە داخەوە سەرەنجام لە شەڕێک دا شێخ و 25 کەس لە هاوڕێیانی سەرکردایەتی شۆڕش دەکەونە دەستی حکوومەتی تورکیەی کەمالیستی فاشیست و لە ڕێکەوتی

1925/6/29 لە ناو شاری ئامەد لەبەر چاوی خەڵک لە سێدارە دەدرێن.

بەم جۆرە شۆڕشی ئەم جارەی کوردیس تێک دەشکێت، بەڵام شێخ سەعید لە کاتی لەسێدارەدانی دا ڕوو دەکاتە ژنراڵە تورکەکان و پێیان دەڵێت:

" ئیمڕۆ ئێوه من و هەڤالانم لە سێدارە دەدەن، بەلام باش بزانن کە گەلی کوردستان لە پێناوی ستاندنی مافە ڕەواکانی و سەربەخۆی وڵاتەکەیدا دیسان سەرهەڵدەدا و تۆڵەی ئێمەتان لێ دەستێنێتەوە."




وێنەی شۆڕشگێڕی کورد شێخ سەعیدی پیران

## 2.29 -شۆڕشی ئیحسان نوری لە چیای ئاگری (ئاراڕت) باكوری كوردستان لە ساڵی 1926 ی زاینی دا

دوای تێک چوونی شۆڕشی شێخ سە عیدی پیران كورد ەكانی شۆڕشگێڕی باكوری كوردستان لە ساڵی 1926 دا چوونە باشوری بچوكی كوردستان و كۆمە ڵە ی خۆی بوون ( سە ربە خۆ بوون ) یان دامە زراند. ئە و كۆمە ڵە یە لە ژێر سە ركردایە تی ئیحسان نوری دا سێ سە رهە ڵدانی لە ناوچە ی چیای ئاگری باكوری كوردستان و لە دژی حكوومە تی داگیركە ری توركیە ڕابە رایە تی كرد. كۆمە ڵە ی خۆی بوون بە فە رمانی ئیحسان نوری پاشا، ئیدارە یە كی سیڤیلی لە ژێر بە رپرسیاریە تی ئیبراهیم پاشا دا دامە زراند. ئە و ئیدارە یە لە 1927/10/27 دا دروشمی سە ربە خۆیی كوردستانی ڕاگە یاند و ئاڵای كوردستانیشی لە سە ر شاخی ئاگری هە ڵدا. شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا لە سێ سە رهە ڵدان پێک هاتوە كە لە ساڵە كانی 1926، 1927 و 1930 دا بە ڕێوە چوونە .

لە 1926/10/5 ی زاینی دا ڕێخراوی بیرۆیا حە سیكێ تێلی لە چیای ئاگریە وە د ە ست بە سە رهە ڵدان د ە كات. ئیحسان نوری پاشا خۆی لە سە رهە ڵدانە كە دا بە شداری د ە كات و شێخ عە بدولقادر جە لالیش هاوكاری ئە م

شۆڕشە دەکات. شەڕ فراوان دەبێت و ناوچەکانی ئیخدر، تەندورەک، ئەردیش، چاڵدێران، وان، بۆتان، بدلیس و ئامەدیش تێکەڵاوی سەرهەڵدانەکە دەبن.

سوپای تورکیە بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکاتە سەر سەرهەڵدانەکەو شەلم کوێرم کەس نابێرم کوردستان دەکاتە گۆلی خوێنی منداڵ و لاو و پیری کورد .سوپای فاشیست- کەمالیست ئاواییەکانی ناوچەکانی حەکاری،بەیتوشەباب و شەمزینان کە مەکۆی خەباتی شۆڕشگێڕانی ئیحسان نوری پاشا بوون دەسوتێنێت.

هێزی تورکیە لە ژێر فەرمانی کەماڵەددین سامی پاشا لەشاری وان دەست بە قەتڵ و عام و قڕکردنی گەلی کورد دەکات و تا دەگاتە ناوچەی چاڵدێران، بە دەیان هەزار کەس دەکوژن. لە ناوچەی پاڕاداژ دا هێزی سەربازی ئێرانێش، کەمالیست ئاسا هێرش دەکەنە سەر گەلی کوردی باکوری کوردستان و شۆڕشگێڕانی ئیحسان نوری پاشا. ئەو دوو حکوومەتە زۆرجار لەمێژوو دا لە دژی نەتەوەی کورد دەوری دوو تیغی یەک مەقەستیان گێڕاوە.

لەساڵی 1930 دا لەشکری تورکیە هێرش دەکاتە سەر کوردەکانی ناوچەکانی شاری ئاگری و شاری بازید. گوندەکانی ئەو ناوچانە تێک دەدەن و پازدە هەزار ژن و منداڵ و پیری بێتاوان دەکوژن. فاشیستە ترسنۆکەکانی تورکیە تەنانەت ژنانی دووگیانیش دەدەنە بەر کوتەک و کۆرپەکانی دایکانی منداڵ لەبەرچوو لە بەر چاوی دایک و باوکیان ورد ورد دەکەن. ئەو وەحشیگەریەی کە سوپای تورکیە لەناوچەی ئاگری دا کردی بە هیچ زمانێک لە نووسین و وتن نایەت. ئەم هێرشە نامرۆڤانەیە بە هاوکاری جاسوسان و خائینان کۆتای بە سەرهەڵدانەکانی ئاگری هێنا.

حکوومەتی تورکیە لەم هێرشەدا 660 گوندی وێران کرد و 15206 ماڵیشی تاڵان کرد و سوتاندی. ئینجا بنەماڵە شۆڕشگێڕەکانی کوردی ناچار کرد کە ماڵ و ملک و شار و گوندی خۆیان بەجێ بهێڵن و بە رەو شاری ئەزمیری تورکیە وەڕێکەون. لەڕێگادا بەسەدان کەس لەکۆچبەرەکانی کورد لەبرسان و لە سەرمان گیانیان لەدەست دا. کاتێک کەکۆچبەرەکان گەیشتنە شاری ئەزمیر چەکدارەکانی تورکی ئەم شارە هێرشیان کردنە سەر و هەرچی زێڕ و سامانی پێیان بوو لێیان ستاندن و سوکایەتیەکی زۆریشیان پێکردن.

هەروەها حکوومەتی تورکیە قەتڵ و عامێکی بێ وێنەی لە دژی شۆڕشگێڕانی ئیحسان نوری پاشا لە ناوچەی شاری ئاگری و لە چیاکانی دا پێک هێنا.

شایانی باسە کە دوو فەرماندەی کوردی ئەم شۆڕشە بەناوەکانی برۆ حەسکێ تیلی و باقی توژۆ لە چیای ئاگری دا وەک هەموو هاوسەنگەرەکانیان تا دوا هەناسەو دوا فیشەک لەدژی داگیر کەری تورکیە شۆڕشگێڕانە بەرنگاریان کرد. چەند جارێک سوپای تورکیە لە رێگای بنەماڵەکانیانەوە داوای تەسلیم بوونیان لێدەکات، بەڵام ئەم دوو فەرماندە شۆڕشگێڕە تا گیان بەختکردنیان هەر لەخۆبردوانە شەڕیان کرد.

شایانی باسە لەو قەتڵ و عامە دا سوپای تورکیە دەیان هەزار کەسی لە دۆڵێک لە چیاکانی ئاگری و لە چاڵێک دا زیندە بە گۆڕ کرد و کاربەدەستانی تورکیە لە سەر چاڵەکە نوسیان " کوردستان و گەلی کورد لێرە دا ژێر خاک کراون".

پاشان ئیحسان نوری پاشا نەخۆش کەوت و لەساڵی 1976 لە شاری تاران کۆچی دوای کرد.

شۆڕشگێڕانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 1984 دا نوسراوەکەی سەر گۆڕی بە پۆل کوژراوی چیای ئاگریان بە بۆمب تەقاندەوە و بە جێگەی

ئەوە لە هەمان شوێن نوسیان " شۆڕشی کورد و ئازادیخوازانی کوردستان لێرەوە دەستی پێکرد".



ئیحسان نوری پاشا و هاوسەرەکەی خەجیج یاشار(ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی 1893 لە شاری بەدلیس لە دایک بووە ولە 1976/03/25 لە تاران کۆچی دوایی کردوە.

## 2.30 - شۆڕشی سەید ڕەزا لە ناوچەی دەرسیم لە ساڵی 1937 ی زاینی دا

کوردەکانی ناوچەی دەرسیمی باکوری کوردستان بە ڕێبەرایەتی سەید ڕەزا لە ساڵی 1937 دا بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە دژی داگیر کەری تورکیە ڕاپەڕین.

کوردەکانی ناوچەی دەرسیم لە ساڵی 1920 تا 1937 نیوە سەربەخۆییەکیان هەبوو و لە هەمان کات دا داوای مافی گەلی کورد و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانیان لە دەوڵەتی تورکیە دەکرد. ئەو ناوچەیە بە هۆی شاخاوی بوونی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ژێر دەسەڵاتی خودی کوردەکان دا بوو. خەڵکی ناوچەی دەرسیم لەو ماوەیە دا نە سەربازییان بۆ دەوڵەتی تورکیە دەکرد و نە ماڵیاتیشیان پێ دەدا.

داگیر کەری تورکیە سەرەتا وورەی شەڕکردنی لە بەرانبەر کوردەکانی ناوچە شاخاویەکانی دەرسیم دا نەبوو. ئەو دەوڵەتە وەک حکوومەتێک بەر لە هەر شتێک پێویستی بە سەروسامان پێدانی خۆی بوو کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا خۆی گرت و هێز و توانای سەربازییەکەی زیادتر کرد و بە دوایدا بە پلانێکی

نامەردانە و بە خەیانەت و هەڵخەڵەتاندن، توانی شۆڕشی سەید ڕەزا تێک بشکێنێت.

لە ساڵی 1937 دا ناوچەکانی دەرسیم، ئەرزنجان و کۆچگیری لە ژێر دەسەلاتی شۆڕشی سەید ڕەزا دا بوون. لەو کاتە دا حکوومەتی داگیر کەری تورکیە پلانێکی ڕەش بۆ گەلی کورد دادەڕێژێت و فەرماندەی هێزی سەربازی شۆڕشی سەید ڕەزا، کە عەلی شێر بوو بە دەستی خەیانەتکارێک بە ناوی ڕەهبەر کە برازای سەید ڕەزا بوو دەکوژێ.

خۆفرۆش ڕەهبەر سەری براوی عەلی شێر دەبات بۆ مستەفا کەماڵ پاشای تورک و مستەفا کەماڵیش ئەو سیخوڕە خەلات دەکات و پارە و زێڕێکی زۆری دەداتێ.

عەلی شێر قارەمانێکی بێ وێنە و زۆر بە توانا بوو. تەنانەت خێزانەکەشی کە ناوی زەریفە بوو شان بە شانی عەلی شێر لە هەموو شەڕەکانی ئازادکردنی کوردستان دا چالاکانە بەشداری شەڕی دەکرد. پاشان حکوومەتی داگیرکەری تورکیە بە ناوی بە ڕەسمی ناسینی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد و دانی مافەکانی ، سەید ڕەزا بانگێشتی شاری ئەرزنجان دەکات. بەلام

بەداخەوە ئەو بانگێشتە تەنیا پلانێک بوو بۆ لە ناو بردنی ئەم شۆڕشەی کورد.

حکوومەتی تورکیە بەم شێوەیە سەید ڕەزا و بنەماڵەکەی لە شاری ئەرزنجان دەگرێت و ڕەوانەی شاری مەزرا (ئەلحەزیز) ی دەکات. لە شاری مەزرا سەرەتا کوڕی سەید ڕەزایان لە پێش چاوی باوکی لە سێدارە دا و پاشان لە هەمان شوێن سەید ڕەزا و هەموو ئەندامەکانی تری بنەماڵەکەیان لە سێدارە دان.هاوکات لە ناوچەکانی دەرسیم و ئەرزنجانیش حکوومەتی داگیرکەری تورکیە دەستی کرد بە ڕەشە کوژیەکی بێرەحمانە و قەتڵ و عامێکی زۆری لە گەلی کورد کرد، کە بە یەکێک لەو گەورەترین جین و سایدانە ناسراوە کە دژی کورد ئەنجام دراون. بە جۆرێک کە زیاتر لە سەد هەزار کەس لە کوردەکانی ئەم ناوچەیە بە دەستی حکوومەتی فاشیستی تورکیە کوژران و لە سێدارە دران. حکوومەتی تورکیە منداڵەکانی ئەم کوردە کوژراوانەی گواستنەوە بۆ شارە تورک نشینەکان و لە ناو قوتابخانەی تایبەتی دا دەرسی دژی نەتەوەی کوردی پێدان. لەم منداڵانە فاشیست ترین ژنراڵی تورکیان بار هێنا کە لە دوای دا لە شەڕی دژی گەلی کورد و بۆ لە ناو بردنی شۆڕشەکانی تری کوردستان بە کاریان هێنان. دیارە ئەو منداڵانە

نەیاندەزانی کە کوردن چونکە هەر لەمنداڵیەوە زمانی تورکیان فێر کردبوون و کوردی و نەتەوەی کوردیان لە مێشک دەرخست بوون. حکوومەتی تورکیە لە هەموو ئەو قوتابخانانەی کە منداڵەکانی تێدا بوون، جاسوسی دانابوو کە تا هیچ قوتابییەک بە زمانی کوردی نەدوێت، بۆ ئەوەی کە زمان و کولتور و هەستی کوردایەتیان لە ناو بچێت و بتوێتەوە.

شایانی باسە خەڵکی ناوچەی دەرسیم ئاینی عەلەویان هەیە و قەتڵ و عامەکە لە ناوچەی دەرسیم کراوە، بۆیە ئەم قەتڵ و عامە بە بە قەتڵ و عامی عەلەویەکان یان دەرسیم ناسراوە.



وێنەی نەمر سەید ڕەزا دەرسیمی




وێنەی نەمر عەلی شێر

## 2.31 - شۆڕشی پێشەوا قازی محەممەد لە مەهاباد (سابلاغ) لە ساڵی 1945 ی زاینی دا

لە گەڵ دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی 1942 دا ئەمریکا و ئینگلیز باشوری ئێرانیان داگیر کرد و سوپای سوری ڕوسیەش لە کاتی حکوومەتی ئیستالین دا باکوری ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کرد. سوپای ڕوسیە بۆ ماوەی چوار ساڵێک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا مایەوە.

لەو کاتە دا یەکەمین حیزبی سیاسی کورد بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ.ک.) لە ڕێکەوتی 1943/9/4 دا لە شاری مەهاباد لە لایەن چەند شۆڕشگێڕێکی کوردەوە دروست کرا. بەرنامەی کۆمەڵەی ژ.ک. ڕزگاری نەتەوەی کورد لە دەست داگیر کەران بوو. پاش دروست بوونی کۆمەڵەی ژ.ک. قازی محەممەد بانگێشتی ناو کۆمەڵەکە کرا. بە هۆی لێوەشاوەیی قازی محەممەد بەڕێزیان بە سەرکردەی کۆمەڵەی ژ.ک. هەڵبژێردرا. دیارە کوردەکانی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاتی کوردستان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان دامەزراند و ئینجا لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد لە شاری مەهابادی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە 1945/7/16 دروست کرا.

بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتا دا خەبات کردن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆی کوردستان بوو. ئەو کات کە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتی ڕوسیە دا بوو، هەلێکی باش بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕەخسابوو.

نەمر قازی محەممەد بە پشتگیری خەلکی ناوچەی مەهاباد لە 1946/1/22 دا کۆماری کوردستانی لە مەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد ڕاگەیاند. لە 1946/2/11 دا پارلەمانتارانی کۆمار سوێند دەخۆن و دەست بە کار دەکەن. لە 1946/4/23 دا پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری گەلانی کورد و ئازەری ئیمزا دەکرێت.

لە ناو کۆماری کوردستان دا ژنانیش جێگای خۆیان دەگرن و لە سیاسەت دا بەشداری دەکەن و لە کۆمار دا ڕۆلیان دەبێت. حکوومەتی ڕوسیەش بۆ ماوەی یازدە مانگ لە کۆماری کوردستان پشتگیری کرد.

پاش تێپەڕبوونی یازدە مانگ بە سەر تەمەنی کۆماری کوردستان دا، ڕوسیە لە گەڵ حکوومەتی ئێران پێک هات و سوپاکەی خۆی لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان کشاندەوە.

ئەو كاتە كە تەمەنی كۆمار ساوا بوو و تەنیا ناوچەی مەهابادی لە ژێر دەسەلات دا بوو، بۆیە نەی توانی لە بەرانبەر هێرشی سوپای ئێران دا خۆی بگرێت. بە داخەوە مەهاباد بۆ جارێكی تر لە لایەن سوپای ئێرانەوە لە 1946/12/17 دا داگیر كرایەوە. بەم شێوەیە كۆمار هەڵوەشێندرا و پێشەوای كوردستان قازی محەممەد لە گەڵ سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای كە یەكەمیان لە مەجلیسی شۆڕای نەتەوەی ئێران دا نۆێنەری خەڵكی مەهاباد بوو و ئەوەكەی تریان لە كۆماری كوردستان دا وەزیری شەڕ (وەزیری جەنگ) بوو لە 1947/1/22 دا لە مەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد بە دەستی داگیركەری ئێران لە سێدارە درا.

لە هەمان كات دا نزیكەی 20 كەس لە هاورێیانی وەفاداری پێشەوا و ڕابەرانی كۆماری كوردستان لە شارەكانی مەهاباد، سەقز و بۆكان لە لایەن سوپای داگیركەری ئێرانەوە لە سێدارە دران.

ژنراڵ مەلامستەفا بارزانی كە خۆی سەرلەشكری گشتی سوپای كۆماری كوردستان بوو، پاش داگیر كردنی سابلاغ لەلایەن سوپای ئێرانەوە، بۆ درێژەدانی شۆڕش داوای لە پێشەوا قازی محەممەد كردبوو كە لە گەڵ بارزانیەكان بچێت بۆ چیاكانی باشوری كوردستان. تەنانەت ژنراڵ مەلامستەفا

بارزانی قەولی پاراستنی تەواوی بە پێشەوا قازی محەممەد دا بوو، بەلام پێشەوا لەوەلام دا وتبووی کە :

" من گەلەکەم بە تەنیا جێنا هێڵم."

پێشەوا لەگەڵ ئەوەدا کە دەیزانی حکوومەتی داگیرکەری ئێران لە سێدارەی دەدات، بەلام پێشەوایانە بە لێنیەکەی خۆی بە کردەوە بە جێهێنا و هەر لەگەڵ گەلەکەی و بۆ گەلەکەی ژیا . هەر بۆیە شە کە پێشەوای نەمر هەمیشە لە دڵی هەر کوردێکی مرۆڤدۆست و کوردپەروەر دا زیندو دەمێنیتەوە.



وێنەی نەمر پێشەوا قازی محەمەد

## 2.32 - شۆڕشی ژنراڵ مەلامستەفا بارزانی لە ساڵی 1961 ی زاینی دا

مەلامستەفا بارزانی لە 1903/3/14 دا لە بەندیخانەی شاری ئامەد دا لە دایک بوو و پاشان لە گەنجی دا لە ئامەدەوە ڕەوانەی شاری سلێمانیە کرا.

لە ساڵی 1943 تا 1945 بە سەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی جەماوەری باشوری کوردستان لەدژی داگیرکەری عێراق شۆڕشی کرد. لە ساڵی 1943 دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ.ک.) لە شاری مەهاباد دروست کرا و مەلامستەفا بارزانی پشتگیری ئەو کۆمەڵەیەی کرد. پاشان کە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد ڕاگەیاندرا، مەلامستەفا بارزانی پشتگیری کۆماری کوردستانی کرد و لە ناو کۆمار دا بەرپرسیارەتی سەرلەشکری گشتی سوپای کۆماری کوردستانی بەستووەگرت.

پاش تێک چوونی کۆماری کوردستان، بارزانیەکان گەڕانەوە چیاکانی باشوری کوردستان و لەدژی حکوومەتی عێراق دەستیان بەشەڕی چەکداری کرد. تا ئەوەی کە لە 1961/9/11 دا خەڵکی باشوری کوردستان بە سەرکردایەتی مەلامستەفا بارزانی لە دژی حکوومەتەکەی عەبدول کەریم قاسم ڕاپەڕی و ناوچەیەکی فراوانی لە باشوری کوردستان ئازاد کرد. لەو کاتە دا عەبدول کەریم قاسم لە ناچاری یاسایەکی دانا کە تێیدا باسی لە دروست کردنی

حكوومه‌تێكی هاوبه‌شی كورد و عه‌ره‌ب كرابوو. به‌ڵام دوای ئارام بوونه‌وه‌ی بارودۆخه‌كه، عه‌بدول كه‌ریم قاسم خۆی له دژی گه‌لی كورد شه‌ڕی ڕاگه‌یاند. ئه‌وه بوو كه‌شۆڕشی مه‌لا مسته‌فا بارزانی له ساڵی 1961 تا ساڵی 1970 له دژی عێراقی داگیركه‌ر شه‌ڕێكی قورس و دژواری كرد.

چه‌ندجارێك نوێنه‌رانی كورد و حكوومه‌ته‌كانی عێراق ئاگربه‌س و چاوپێكه‌وتنیان كرد. ئه‌مه بوو كه له یازده‌ی ئاداری 1970 دا نوێنه‌رانی كورد و حكوومه‌تی عێراق له سه‌ر ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان ڕێك كه‌وتن و تا ساڵی 1974 چه‌ند نوێنه‌ری كوردستانی ئۆتۆنۆم له پارلمانی عێراق دا نوێنه‌رایه‌تی گه‌لی كوردستانیان ده‌كرد. شایانی باسه كه له لایه‌نه‌كانی ڕێككه‌وتننامه‌كه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌سه‌ر ناوچه‌ی كه‌ركوك ڕێك نه‌كه‌وتن.

مه‌لامسته‌فا بارزانی كه‌ركوكی به خاكی كوردستان ده‌زانی و به‌ڵام حكوومه‌تی عێراق ئه‌و داخوازیه‌ی كورده‌كانی قبوڵ نه‌كرد. سه‌ره‌نجام له‌ساڵی 1975 دا حكوومه‌ته‌كانی عێراق و ئێران په‌یمانی ئه‌لجه‌زایریان مۆر كرد و به‌م جۆره ئۆتۆنۆمی باشوری كوردستان به‌تاڵ كرایه‌وه و دیسان له نێوان كورد و حكوومه‌تی عێراق شه‌ڕ ده‌ستی پێكرده‌وه.

له ساڵی 1966 ی زاینی دا ده سته یه ک به سه رکردایه تی جه لال تاڵه بانی له شۆڕشی مه لامسته فا بارزانی هه ڵبڕان و چوونه ناو حکوومه تی عێراق و چه کی حکوومه تیان هه ڵگرت. ئینجا ئه و ده سته یه به جه ماعه تی جه لالیه کان ناسران و بۆ ماوه ی چه ند ساڵێک له دژی شۆڕشی بارزانی شه ڕیان کرد. پاش تێک شکانی شۆڕشی مه لامسته فا بارزانی و ئاش به تاڵی شۆڕش، ئیتر جه لالیه کانی چه کداری حکوومه تی عێراق ئه و گرنگیه ی خۆیان بۆ حکوومه تی عێراق له ده ست دابوو. له لایه که وه حکوومه تی عێراق پێویستیه کی به ئه وان نه مابوو له لایه کی تره وه جه لالیه کان له گیانی خۆیان ترسان و بۆیه ڕایان کرد بۆ ئێران و ساڵی 1976 یه کیه تی نیشتمانی کوردستانیان دامه زراند.

له ساڵی 1968 تا ساڵی 1975 محه ممه د ڕه زا شای ئێران هاوکاری شۆڕشی مه لامسته فا بارزانی ده کرد. ساڵی 1975 به دوای مۆر کرانی په یمانی ئه لجه زایر له نێوان حکوومه ته کانی عێراق و ئێران دا، شای ئێران مه لامسته فا بارزانی بانگ کرده تاران و له کۆتایی پێ هێنانی هاوکاری ده وڵه ته که ی ناو براوی ئاگادار کرده وه . شۆڕشی مه لامسته فا بارزانی ئه گه رچی به زیاتر له سه د هه زار پێشمه رگه وه ساڵه ها له شه ڕێکی به ره یی

بە ڕوبەری کوردستان لە دژی دەوڵەتی عێراق دا وەستایەوە و بە چۆک دا نەهات ، بەڵام قورسایی هەڕەشەی ئابووری - سەربازی حکوومەتەکانی ئەمریکا و ئێران کە دۆستانی درۆیینەی دوێنێی شۆڕشی کورد بوون، ئاش بەتاڵیان بەسەر شۆڕشەکەی مەلامستەفا بارزانی دا سەپاند.

شتێکی ئاشکرایە کە کەسێکی وەک مەلامستەفا بارزانی بەبێ دەرماندا و کردن و تێکدانی کارکردی دەزگای فکری، مەحاڵ بوو کە ئاوا بە سانایی ئاش بەتاڵ ڕابگەێنێت. دیارە دەستوری ئاش بەتاڵی شۆڕش بە مۆر کردنی پەیمانی ئەلجەزایر لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان و هاوپەیمانانیان ڕاگەیاندرا بوو، بەڵام بارزانی بۆیە بانگی تاران کرا کە بە زمانی ئەو ئاش بەتاڵ ڕابگەێندرێت. نەیارانی کورد باش دەیانزانی کە ئەگەر گەلی کورد ئاش بەتاڵ لە دەمی سەرکردەکەیەوە ببیستێت، ورەی دەشکێت و شۆڕشەکەی دەڕوخێ. پاش ڕاگەیاندنی ئاش بەتاڵ خەڵکانێکی زۆر ئەو شتەیان باوەڕ نەدەکرد و تەنانەت بە هەزاران پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ بە چەکی شۆڕش خۆیان کوشت. ئەو پێشمەرگانەی کە بە ناچار لە بواری سەربازی دا تەسلیمی حکوومەتی بەعس بوونەوە لە لایەن کاربەدەستانی عێراقییەوە لە پێش چاوی خەڵک سەدان سوکایەتیان پێ کرا.

شکانی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی زیانێکی ڕاستەوخۆی مەزنیشی بە شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی دانیشتووی ئەوسای باشووری کوردستان گەیاند. ئەم شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ڕێبوارانی ڕێگای قازی مەحەممەدی نەمر بوون و لە ئاکامی خەباتێکی سەخت و خوێناوی کوردستانی کوێستان دا خۆیان لە سەنگەری پارێزگاری کوردستانی گەرمێن دا بینی بۆوە. تەوژمی شکانی شۆڕش بەژنی ئەم قارەمانانەی لە دایک بووی ڕۆژهەلاتی نیشتمانە پارچە پارچە کراوەکەشمانی شکاندەوە، کە لە هیچ بەشێکی کوردستان دا خۆیان بە میوان نەدەزانی و وەک ئەحمەد تۆفیقی ڕابەریان فەرماندەی هەر بەرەیەک بوون کە تێیدا بەشداریان بووبێ. بەداخەوە ئەو ئازیزانە بوون بە قوربانی هەرە گەورەی ئەو ئاش بەتاڵە کە لە بەشی شۆڕشی ئەحمەد تۆفیق دا بە درێژی باسی لێ دەکەین.

بێگومان ڕەوا بوونی شۆڕشی ڕزگاری خوزانەی کورد لە باشووری کوردستان و دەوری موسبەتی مەلامستەفا بارزانی وەک یەکێک لە ڕابەرانی ئەو شۆڕشە نابێت پەردە بخاتە سەر ئەو هەڵە و تا ڕادەیەک خەیانەتانەی کە بارزانی خۆی بە ناچاری یان بە پیچەوانەکەی دەرهەق بە گەلی چەوساوەی کوردستان کردوونی. مەلا مستەفا بارزانی سەرەڕای ئەوەی کە دەورێکی

شۆڕشگێڕانەی باشی بووە لە پارێزگاری خەڵکی کوردستان لە بەرابەر داگیرکەری بێگانەی لە دیکتاتۆریدا سنوور نەناس، بەڵام خۆشی بە زەبرو زەنگی نەک لەسەر جوتیاران و هەژارانی کوردستان نوێنەرایەتی زۆرداری خۆماڵی کردووە، بەڵکو بە سەر برین و تەحویل دانەوەی شۆڕشگێڕانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سولەیمان موعینی (فایق) و ساڵح لاجانی و ... بە شای ئێران و کوشتنی دوکتۆر شوان (سەعید قرمزی تۆپڕاز) و سەعید ئەڵچی لە شۆڕشگێڕانی باکوری کوردستان خزمەتی بە رەی داگیرکەری کوردستانی کردوە.

دوو شۆڕشگێڕی ناو براوی باکوری کوردستان کە لە ساڵی 1974 لە پیلانێک دا بە دەستووری مەلامستەفا بارزانی شەهید کران، لە سیاسەتمەدارانی بە توانای کوردستان بوون کە بە هانای پشتگیری شۆڕشی مەلامستەفا بارزانیەوە هاتبوون. لەم براکوژیەدا شەوێک بارزانیەکان بە زەبرو زەنگ سەعید ئەڵچی ناچار دەکەن کە لە خەودا دوکتۆر شوانی هاوڕێی بکوژێ و شەوەکەی تر خۆیان سەعید ئەڵچی دەکوژن.

دوای ئاش بە تاڵی شۆڕش، مەلا مستەفا بارزانی لە تارانەوە ڕەوانەی ئەمریکا کرا و لە نەخۆشخانەی گیۆڕگ تاونی شاری واشینگتۆن لە

1979/3/1 دا ماددەیەکی کوشەندەی پێ درا و بڵاویان کردەوە کە بە نەخۆشی شیرپەنجە مردووە.



وێنەی ژنراڵ مەلا مستەفا بارزانی

## 2.33- په يمانى ئه لجه زاير له ساڵى 1975 ى زاينى دا

په يمانى ئه لجه زاير له ساڵى 1975 ى زاينى دا له وڵاتى ئه لجه زاير به ڕه سمى له نێوان حكوومه ته كانى ئێران و عێراق دا به سترا، به ڵام له كۆ بوونه وه ى به ستنى ئه و په يمانه دا نوێنه رى وڵاتانى توركيه، سوريه، ئه مريكا، ئينگليز و ئه لجه زايريش به شدار بوون. له م په يمانه دا، په يمانى يازده ى ئادارى 1970 كه له سه ر ئۆتۆنۆمى بۆ كوردستان له نێوان شۆڕشى بارزانى و حكوومه تى عێڕاق دا مۆر كرابوو به تاڵ كرايه وه. نوێنه رانى ده وڵه تانى به شدار، په يمانى ئه لجه زايريان مۆر كرد و تێيدا له سه ر ئه وه ڕێك كه وتن كه بۆ قه لاچۆ كردنى كورد و سه ركوت كردنى هێزه شۆڕشگێڕيه كانى پارچه كانى كوردستان هاوكارى جاسوسى و سه ربازى يه كتر بكه ن. لايه نه بنه ڕه تيه كانى ئه و په يمانه بۆ گه يشتن به ئامانجه كه يان ته نانه ت له سه ر ئه وه ش ڕێككه وتن كه سوپاكانيان بۆ مسافه ى ده يان كيلۆمه تريش ئيجازه ى سنور به زاندنى وڵاتى يه كتريشيان هه بێت و هه روه ها له ته سليم كردنه وه ى په نابه رانى سياسى كوردى دانيشتووى وڵاته كانيان دا هاوكارى يه كتر بكه ن.

## 2.34- شوڕشی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) و هاوڕێیانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1950 ی زاینی دا

لە ساڵی 1950 دا کۆمەڵێک گەنجی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ درێژە دان بە ڕێگای پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و هێنان دی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان لە دژی حکوومەتی داگیرکەری ئێران دەست بە خەباتێکی سیاسی دەکەن. لە شاری مهاباد ئەحمەد تۆفیق، غەنی بلوریان، سولێمان موعینی ، ئەمیر قازی و سمایل شەریف زادە، لە شاری سەقز مەلا سەید ڕەشید حوسێنی، لە شاری پیرانشار حەولای مەلا عوسمانی (عەبدوڵڵا زەکی) و لە شاری سەردەشت مەلا ئاوارە (ئەحمەد شلماشی) ڕێبەرایەتی ئەم شۆڕشە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستەوە دەگرن.

پاشان بە هۆی لێ هاتویی و خۆشەویستی ئەحمەد تۆفیق لە ناو خەڵک و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەڕێزیان وەک سکرتێری گشتی حیزب و ڕێبەری ئەم شۆڕشە هەڵدەبژێردرێت. بە هۆی نایاسایی بوونی هەڵسوڕانی سیاسی ڕێکخراوەیی لەو بەشەی کوردستان دا خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی نهێنی بەردەوام بوو تا ئەوەی کە ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی 1954 دا لە گەڵ هێندێک لە هاوڕێیانی لە ژێر تەوژمی هێرشی ملهوڕانەی

دەزگای سەربازی و پۆلیسی ئێران دا سەنگەری خەباتیان گواستەوە بۆ باشوری کوردستان و ناچار بە هەڵبژاردنی تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بوون.



نەمر ئەحمەد تۆفیق

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق خەباتی سیاسی و چەکداری خۆی لە ناو خۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژە دەدات تا ئەوەی کە لەساڵی 1957 دا ڕەحمان قاسملو لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە بۆ تێکەڵاوی لە گەڵ خوێندکارانی کوردی زانستگاکانی تاران دەنێردرێتە تاران. ڕەحمان قاسملو کە ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە تاران لە لایەن ڕوکنی ئێران ( ساواک ) دەگیرێت و زیندانی دەکرێت. ڕەحمان قاسملو لە زیندان دا زۆر زووخۆیی دەدۆڕێنێت و بەڵێنی هاوکاری بە ساواک

دەدات. ساواک دوای تەسلیم بوونی ڕەحمان قاسملو، ئەو ئازاد دەکات و لە بەرانبەر ئیعترافەکەی دا پاداشێکیشی پێ دەدات. ئینجا ڕەحمان قاسملو دەگەڕێتەوە باشوری کوردستان و لە لای ئەحمەد تۆفیق و بەرپرسانی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێت:

" کڵاوم ناوەتە سەر ساواک و بە درۆ بەڵێنی هاوکاریم پێ داوە و بۆیە ئازاد کراوم".

بەڵام حیزبیەکان باوەڕ بە ڕەحمان قاسملو ناکەن و پاش دادگای کردنی دەیگرن و زیندانی دەکەن.

ئەو کاتە حیزبی شیوعی (کۆمۆنیستی) عێراق حیزبێکی دەست ڕۆیشتوی ئەو وڵاتە بوو و هەڵسوڕانی سیاسی ئازادانەی دەکرد و لە گەڵ حیزبی تودەی ئیران دۆستایەتی زۆر خۆش بوو ، چونکە هەر دووکیان سەر بە ڕوسیە بوون. چونکە ڕەحمان قاسملو لە بنەوە ئەندامی حیزبی تودە بوو بۆیە ئەو حیزبە توانی بە هاوکاری حیزبی شیوعی عێراقی ڕەحمان قاسملو لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی دەربێنیت و بیگەیەنێتە بەغدا.

ئینجا سمایل قاسملوی ئامۆزای ڕەحمان قاسملو لە لایەن ساواکەوە دەگیرێت و زیندانی دەکرێت. ساواک لە زیندان دا سمایل قاسملو لە ئیعترافەکەی

ڕەحمان قاسملو ئاگادار دەکاتەوە. دواى ئەمە سمایل قاسملو لە پێناو ئازاد کردنی خۆی دا ناوی 250 کەس لە ڕێبەران و کادرانی بە توانای ڕێکخراوی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەداتە ساواک. لە ئاکام دا حکوومەتی ئێران هێرش دەکاتە سەر شۆڕشگێڕانی کورد و 250 کەسەکە دەستگیر دەکات.

غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی کە دوو کەس لە ڕێبەرانی ئەو کاتی شۆڕش بوون دەکەونە بەندی خانەی ساواکەوە و بۆ ماوەی 25 ساڵ لە بەندیخانەکانی حکوومەتی داگیرکەری ئێران دا شۆڕشگێڕانە بەرنگاری دەکەن.

دوای ئەوە کە ڕەحمان قاسملو دەچێتە عێراق لە وەزارەتی دارایی عێراق دا دەبێتە کارمەندی ڕەسمی حکوومەتی عێراق و بۆ ماوەیەک لەو شوێنە دا کار دەکات. شایانی باسە کە لە عێراقی ئەو سەردەمە دا وەک کارمەند دامەزراندنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ( هاوولاتیەکی ڕەسمەن ئێرانی ) شتێکی زۆر نا ئاسایی بوو.

بە دوای ڕێککەوتنەکەی 11 ی ئاداری 1970 ی نێوان شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی و حکوومەتی عێراق دا ڕەحمان قاسملو لە عێراق جێگەی پێ لێژ

دەبێت و بە یارمەتی عێراق خۆی دەگەیەنێتە وڵاتی ئاوستریای (نەمسا) ئەوروپا.

لە ساڵی 1964 دا کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گوندی سونێی سەر بە شاری قەڵادزێ گیرا و لەم کۆنگرەیە دا ئەحمەد تۆفیق بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

هەر لەم کۆنگرەیە دا ڕەحمان قاسملو بە تاوانی هاوکاری ساواک و خیانەت بە شۆڕشی نەتەوەی کورد لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرکرا و غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی کە لە ناو بەندیخانەکانی ساواک دا قارەمانەتیان دەنواند وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرانەوە.

پێش بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلاح موهتەدی کە ئەندامی حیزب بوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان جیا بۆوە و حیزبێکی بە ناو حیزبی ڕزگاری کوردستان دامەزراند کە هەموو ئاغاکانی ناوچەی موکریانی لەگەڵ دا بوون. بەڵام پاشان سەلاح موهتەدی خۆی تەسلیمی حکوومەتی ئیران کردەوە و بوو بە ساواکی و سەرۆک جاشی ناوچەی موکریان.

لە ساڵی 1967 دا لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ناکۆکی دروست بوو و جەماعەتێک بە ڕێبەرایەتی سولەیمان (فایق) موعینی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتیان دامەزراند کە سەرکردەکانیان ئەمانە بوون:

فایق موعینی، عەولا موعینی، مەلا ئاوارە، قادر شەریف، ئیسماعیل شەریف زادە، مەلا مەحمود زەنگەنە، سەید فەتاح، مینە شەم، حەمەدەمین سیراجی (شینە ڕێوی)، سالار حەیدەری، مەمەندی قازی و باپیر شکاک (نحۆ).

مەلا ئاوارە لە ساڵی 1968 دا لە دیوەلانی ناوچەی سەردەشت لە لایەن ساواکەوە دەرمانی بێهۆشی بۆ کرایە خواردنەوە و بە بێهۆشی لە لایەن حکوومەتی ئیرانەوە گیرا. پاشان لە زیندانی جەلدیانی سەر بە شاری خانێ بە زیندویی هەر دووک چاویان دەرهێنا. ئینجا لە ساڵی 1968 لە شاری سەردەشت لە گەڵ دوو پێشمەرگەی هاو سەنگەری بە ناوەکانی ڕەحمان وەتمان چاوشین و ئاڵلا کەچ لە لایەن حکوومەتی فاشیستی ئیرانەوە لە سێدارە درا.

ئەحمەد تۆفیق خزمەتێکی یەکجار زۆری بە شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی کرد. دەیان ساڵ شان بە شانی شۆڕشی بارزانی لە دژی داگیرکەری عێراق شەڕی

کرد. بەم جۆرە هەوڵ و خەباتی شێلگیرانەی ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەوە بوو کە هەموو باڵەکانی شۆڕش لە چوار پارچەی کوردستان یەک بگرن و بۆ سەر کەوتن و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد پشت بە خۆیان و هێزی لە بن نەهاتووی گەلەکەیان ببەستن.

دوای تێکەڵاوی مەلا مستەفا بارزانی لە گەڵ حکوومەتی ئیران لە ساڵی 1968 دا، بارزانی پشتی کردە ئەحمەد تۆفیق و چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک سدیق هەنجیری و مەلا ڕەحیم مەرجەلانی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون گرت و بێ سەر و شوێنی کردن.

بە دوای ئەم ڕوداوە دا لە بەهاری ساڵی 1968 دا سولە یمان موعینی کە لە ئەندامانی پێشوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە گەڵ خەلیل شەو باش لە ناوچەی سلێمانی لە لایەن بارزانیەکانەوە گیران و لە پایزی هەمان ساڵ دا بە کوژراوی تەسلیمی حکوومەتی ئێران کرانەوە. لە پایزی هەمان ساڵ دا ساڵح لاجانی و دە هاوڕێی تری لە لایەن بارزانیەکانەوە گیران و لە باشوری کوردستانەوە بە سنوری حاجیە مەران دا تەسلیمی حکوومەتی ئێران کرانەوە. ساواک دەست بە جێ ساڵح لاجانی و دوو

هاوڕێی تری لە گوندی جەڵدیانی سەر بە شاری پیرانشار (خانێ) لە پێش چاوی خەڵک زیندە بە گۆڕ کردن. ئەوانەی تریش لە زیندان دا بێ سەر و شوێن کران. تەنیا کەسێک بە ناوی شێخەی گردێنێ ئازاد کرا کە پێناسی عێراقی لە گیرفان دا بوو.

پاش ئەم ڕوداوانە ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی ساڵی 1969 دا لە ترسی مەلا مستەفا بارزانی کە نەکا تەسلیمی حکوومەتی ئێرانی کاتەوە ناچار لە باشوری کوردستانەوە بۆ شاری بەغدا ڕای کرد و داوای مافی پەنابەری سیاسی لە حکوومەتی عێراق کرد.

ئەحمەد تۆفیق کە لە بەغدا بوو پاش ماوەیەک 27 کەس لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی لە کوردستانەوە چوون بۆ لای، کە لە ناویان دا کەسێک بە ناوی ئەحمەد نستانی هەبوو. ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا مەقەڕێکی کردەوە و خەریکی پەروەردەی ئەم 27 کەسە بوو.

لە هەمان کات دا دوکتۆر ڕەحمان قاسملو بەو هاڵۆزیەی کوردستانی زانی و بە هاوکاری عەبدولخالق سامەڕائی کە ئەندامێکی بەرجەستەی حکوومەتی بەعسی عێراق بوو لە ئەورووپاوە گەڕایەوە عێراق.

لە بەغدا دوکتۆر ڕەحمان قاسملو تێکەڵاوی خۆی لە گەڵ ئەحمەد نستانی پەیدا دەکات و پلانی لە ناو بردنی ئەحمەد تۆفیق دادەڕێژێت. پلانەکە لە لایەن ڕەحمان قاسملووە بەم شێوەیە دادەڕێژرێت.

ڕەحمان قاسملو بە ئەحمەد نستانی دەڵێت:

" تۆ لای ئەحمەد تۆفیق بڵێ کە دەتوانم بچم لە کوردستانەوە زیاتر لە 200 کەس پێشمەرگەی حیزب لە گەڵ خۆم بێنم بۆ بەغدا بۆ ئەوەی کە ئەوانیش بێنە ئێرە و با بە دەستی بارزانیەکان تێ دا نەچن. پاشان کە تۆ بەرەو کوردستان وەڕێ کەوتی، من نامەیەک بە ناوی ئەحمەد تۆفیقەوە دەنوسم کە بۆ مەلا مستەفا بارزانی و سازمانی جاسوسی ئەمریکا (سیا) ی ناردبێ. ئینجا من خۆم کارێک دەکەم کە لە سەیتەرەی (وێستگای پشکنینی کەرکوک دا لە لایەن کاربەدەستانی دەستگای ئەمنی بەعسی عێراقەوە بگیرێی و نامەکەت لێ ئاشکرا بێت. تۆش پاش گیرانت بڵێ ئەوە ڕاستە و ئەحمەد تۆفیق سەر بە بارزانی و ئەمریکایە و منی بە زۆر ناردوە بۆ ئەم چالاکیە."

قاسملو بەم جۆرە قسەکەنی خۆی درێژە دەدات:

”کاک ئەحمەد نستانی هیچ نیگەرانی خۆت مەبە ، ئێمە پاشان تۆ ئازاد دەکەین و بەو شێوەیە ئەحمەد تۆفیق لە ناو دەبەین و خۆمان دەست بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەگرین و دەبینە خاوەنی حیزب.“

پلانەکە چۆن قاسملو دایڕشتبوو بە داخوازی دڵی ئەو سەری گرت و ئەحمەد تۆفیق لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە گیرا و خرایە بەندیخانەی بەغداوە.

بە قسەی تاهیری خوشکەزای ئەحمەد تۆفیق کە لە گەڵ ئەو دا لە زیندانی بەغدای حکوومەتی عێڕاق دا بووە، تاهیر بە چاو بەستراوی گوێی لێ بووە کە حەمەدەمین سیڕاجی بە دەستوری ڕەحمان قاسملو شکەنجەی ئەحمەد تۆفیقی کردوە.

ئەحمەد تۆفیق بە حەمەدەمین سیڕاجی گوتوە:

” ئاخر بۆچی شکەنجەم دەکەی شینە ڕێوی، خۆ لە هەر بەرگێک دا بی دەتناسمەوە، هەی نامەردی خۆ فرۆش، من چ خراپەیەکم دەر هەق بە تۆ کردوە.“

حەمەدەمین سیڕاجی لە وەڵامی ئەحمەد تۆفیق دا دەڵێت:

” دەستوری دوکتۆر ڕەحمان قاسملوە و تۆ دەبێ لە ناو تێزاو (ئەسید) دا بوکلێندرێی.“

بە داخەوە بەم شێوەیە سەرۆکی شۆڕشی ئەوسای ڕۆژهەڵاتی کوردستان وسکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەحمەد تۆفیق بە دەستی حەمەدەمین سیڕاجی و بە دەستوری ڕەحمان قاسملو و سەددام حوسێن لە ناو تێزاو دا کولاندرا و تەرمەکەشی بێ سەر و شوێن کرا.

لەساڵی 1971 دا دوکتۆر ڕەحمان قاسملو زیرەکانە لەگەڵ هێندێک کوردی دۆڕاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەر بە حکوومەتی بەعس بوون و ئازادانە لە عێراق دا هاتوچۆیان دەکرد و بەشێکیان کارمەندی ڕەسمی دەستگای ئیستخباراتی حکوومەتی بەعس بوون، کۆبونەوەیەکیان بەناوی کۆبوونەوەی کادرانی حیزب لەهوتێل فەندەقی بەغدا دابەست و چەند کادری حیزبی دێموکراتیش بانگێشتی ئەو کۆبوونەوەیە کران.

بۆ ئەو کۆبوونەوەیە چەند کەس لە هاوڕێیانی ئەحمەد تۆوفیق بە ناوەکانی عەبدوڵلا زەکی (قەندیل) کە لە کۆنگرەی دوویی حیزب دا وەک چاوەدێری بەرزی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەڵبژێردرا بوو، شاعیر مامۆستا سالار (عەلی قوتبی) و کاک خدری بەردەڕەشان کە لە کادرەکانی بەتوانای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، بانگێشت کرابوون. ئەو سێ کەسە لە کۆبوونەوەکەدا لە دژی دوکتۆر ڕەحمان قاسملو هەستانەوە و پێیان گوت :

” تۆ بەهۆی خەیانەت کردنت بە حیزب لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەرکراوی و تا حیزبی دێموکراتی کوردستان تۆ بە ئەندام قبوڵ نەکاتەوە، مافی بەشداری کردنت لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا نیە چ بگا بە بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە.“

بەڵام تەنیا ئەو سێ کەسە لەدژی قاسملو هەستانەوە و ئەوانەی تر چونکە سەر بە حکوومەتی عێراق بوون مرتەقیان نەکرد. ئەوە بوو ئەو سێ کەسە لە کۆنگرەکە چوونە دەرێ.

ئەحمەد تۆوفیق لەساڵی 1950 تا 1971 ی زاینی کە بێ سەرو شوێنیان کرد، ڕابەری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

ئەحمەد تۆوفیق مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی بوو، مرۆڤی خەباتکردن بوو، مۆڤێک بوو کە قەت لەکار و هەڵسوڕانی سیاسی داپشوو دانی نەبوو.

ئەحمەد تۆوفیق ئەوەندە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بوو کە تەنانەت دەیگوت کوردستان دەزگیرانی منە و تا کوردستان ئازاد نەبێت من زەماوەند ناکەم. تا گیان بەختکردنی هەر بەئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بوو.

بەڕێز قەندیل پێش گیان بەختکردنی بەم شێوەیە لەسەر ئەحمەد تۆوفیق دواوە:

" هاوڕێ ئەحمەد تۆوفیق سەرکردەیەکی ئەوەندە بەتوانا بوو کە لە ناو گەلی کورد دا وێنەی نەبوو. ئەوەی کە ئەحمەد تۆوفیق دەیزانی، گەلی کورد و سەرکردەکانی تری کورد نەیان دەزانی و تێی نەدەگەیشتن. لە کار و خەباتی سیاسی دا بێ وێنە بوو و قەت ماندوویەتی نەدەناسی. ئەو سەرکردەیەک بوو کە لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانی هەردەم لە چیا بوو. تەنانەت وەک پێشمەرگەیەک هەردەم چەک بەشان بوو و بە پێ دەڕۆیشت و خۆی لە هاوڕێیەکانی هەڵ نەدەبڕی و خۆی بە زلتر و بەدەسەڵاتر نەدەزانی. هەر بەو هۆیە بوو، ئەوەی کە خەیانەتکاران و داگیرکەرانی کوردستان بە سەر ئەحمەد تۆوفیقیان هێنا، تا ئێستا بە سەرکەس نەهاتوە."

هاوڕێیەکانی ئەحمەد تۆوفیق کە لە چیاکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان دا دەژیان لە بەهاری ساڵی 1971 لە گوندی ورتەی سەر بە چیای قەندیل کۆنفرانسێکیان بەست. لەم کۆنفرانسە دا کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند و بەم ناوە

خەباتیان دەکرد. کاتی بەستنی ئەم کۆنفرانسە ئەحمەد تۆوفیق مابوو و پشتگیری ئەم کۆنفرانسەی کرد، بەلام لە ترسی بارزانیەکان نەیتوانی بگەڕێتەوە چیای قەندیل و بەشداری کۆنفرانسەکە بکات.

دوکتۆر ڕەحمان قاسملو لە ساڵی 1972 دا لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق دانیشتنێکی نهێنی بەناو کۆنگرەی سێهەمی حیزبی بەست و حیزبێکی تازەی بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزراند. حکوومەتی بەعسی عێراق وشەی ئێرانی بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە زیاد کرد و دوکتۆر ڕەحمان قاسملوی بە سکرتێری ئەم حیزبە دانا.

پاش ئاش بەتاڵی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی 1975 دا ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناچاری بڕیاریان دا داوای مافی پەنابەری سیاسی لە حکوومەتی عێراق بکەن.

ئەوە بوو کە هەموو ئەندامانی شۆڕشگێڕ و پاکی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ژمارەیان 55 کەس بوو و لە بناری چیای قەندیل دا دەژیان، لە شارۆچکەی سەنگەسەری باشوری کوردستان بە هۆی بایزی هەباس ئاغای سەرکەپکان کە سەرۆک خێڵێکی ئەو ناوچەیە بوو، داوای مافی پەنابەری سیاسیان لە حکوومەتی عێراق کرد.

پاش ڕاگیر کردنێکی 9 شەو و ڕۆژەی ئەو شۆڕشگێڕانە لە شاری ڕانیە ، حکوومەتی عێراق بڕیاری دا کە مافی پەنابەری سیاسی بەو کەسانە بدات و کوێیان پێ خۆش بێت لە وێ دانیشن، بەڵام دوای تێپەڕ بوونی دوو ڕۆژ بەسەر وەرگرتنی مافی پەنابەری سیاسی 55 کەسەکە ، دوو خائین و جاشی کورد بە ناوەکانی کەریم حەدداد و حەمەدەمین سیراجی، کە لە جەماعەتی قاسملو بوون بە جل و بەرگی سەربازی عێراق (جل و بەرگی مغاویری ) و چەند ترومبێلی گەورە (زیلی عەسکەری ) و عەسکەرێکی زۆرەوە هاتنە شاری ڕانیە و ئەو 55 کەسەیان خستە ناو ترومبێلەکانیان و بەرەو کەرکوک و خانەقین و پاشان لە هەمان ڕۆژ دا لە ڕێگەی سنوری خوسرەویەوە تەسلیمی ژاندرمەری ئێرانیان کردنەوە. بە داخەوە بەم جۆرە پلانی بە هاوبەشی داڕێژراوی سەددام حوسێن ، ڕەحمان قاسملو و کەریم حیسامی گەیشتە ئەنجام.

ئەوانەی کە تەسلیم کرانەوە لە زیندان دا بوون تاکو حکوومەتی شای ئێران لە 1979/2/11 دا بە شۆڕشی گەلی کوردستان و گەلانی ئێران ڕوخا. پاش شکانی دەرگای بەندیخانەکان لە لایەن گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، هاوڕێانی ئەحمەد تۆفیق کە ئازاد بوون زانیان حکوومەتی شای

ئێران ڕوخاوە و خەڵکی کوردستان شۆڕشی کردوە و کوردستان ئازاد بووە.

بەڵام بەداخەوە دوای ئازاد بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد، حکوومەتی بەعسی عێراق دەست بە جێ جەماعەتی قاسملوی بە چەک و پارەیەکی یەکجار زۆرەوە ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و بەم شێوەیە حکوومەتی بەعس بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت.

بەشێک لە شۆڕشگێڕانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دوای لە زیندان ئازاد بونیان، بۆ ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ دروست نەبێت، کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانیان لە ساڵی 1979 دا دادەمەزراند و بەو ناوەوە لە دژی داگیرکەری ئێران خەباتیان کرد تاکو بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانیان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا گیانیان بەخت کرد.

چونکە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان باوەڕیان بەوە بوو کە دەبێ کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات بکات و گرێدراو بە هیچ داگیرکەرێک نەبێت، ئەوە بوو کە تا دوا هەناسە سەربەرزانە ژیان و سەربەرزانەش لە پێناو خاکی پیرۆزی کوردستان و نەتەوەی کورد سەریان

نایەوە. وەک ڕەحمان قاسملو نەبوون کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی چەوتی ئاغایەتی دەست بۆ هەر کارێک بەرن. دیارە قاسملو هەر بۆ گەیشتن بەو جۆرە دەسەڵاتە بوو کە لە گەڵ حکوومەتی ئێران لە وڵاتی ئاوستریا دا دانیشت و لەم دانیشتنە دا لە لایەن جنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ترۆر کرا. دوای ترۆر کردنی دوکتۆر ڕەحمان قاسملو، جنایەتکارانی حکومەتی ئێران بەوەش ڕانەوەستان و دوکتۆر سادق شەرەفکەندیشیان لە ئاڵمان ترۆر کرد.

دوکتۆر ڕەحمان قاسملو ڕۆژێک دوایی بۆمبارانی کیمیای هەڵەبجە لە تەلەڤیزۆنی عێراق دا وتوبێژێکی لە گەڵ کرا. لەو وتوبێژە دا قاسملو وتی: " هەڵەبجە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە کیمیاباران کراوە. گەلی کوردی عێراق ئۆتۆنۆمی خۆی هەیە. ئەگەر گەلی کوردی ئێران ئەو مافانەی هەبان ومۆڵەتی پێ درابا کە بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنوسێت، ئیتر ئێمە چیترمان نەدەویست."

قاسملو لەو وتوبێژە تەلەڤیزیۆنیە دا تاکە وشەیەکیشی لە سەر شەهیدانی هەڵەبجە نەگوت. دیارە چەند ساڵیش لە بۆمبارانی هەڵەبجە تێپەڕ بووە، کە هەموو جیهان ئەم ڕوداوە مەحکوم دەکات، بەڵام حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران زمانی لاڵە  لە  بەرانبەر شەهیدەکانی هەڵەبجە  و مرتەقی نایەت.

دوای بێ سەر و شوێن کردنی ئەحمەد تۆفیق و تەسلیم کردنەوەی 55 کەس لە  هاوڕێکانی، هاوڕێیەکی ئەو کاتی قاسملو لە  قاسملوی  پرسی بوو کە  بۆ چی هەموو سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان تەسلیمی ئێران کردەوە  بەلام ئەحمەد تۆفیق نەبێت؟ دوکتۆر قاسملو لە  وەلام دا دەڵێت: " ئەحمەد تۆفیق زۆر لە  من زیرەکتر و بە  تواناتر بوو و لە  هەر شوێنێک با، حیزبێکی بە  تواناتری لە  حیزبی من دروست دەکرد. من توانای بەرنگاری کردنەوەم  لە  گەڵ ئەو نەبوو. بەلام ئەوانەی تر کە  تەسلیمی ساواک کرانەوە، ئیتر ساواک لە  ناو زیندان دا دەیان ڕزێنێت و دەرسێکیان پێدەدات کە  هەرگیز نەتوانن لە  بەرانبەر من دا سەر کەون."

هێندێک لەو کەسانەی کە  لە  لایەن سەددام حوسێن و ڕەحمان قاسملو و کەریم حیسامیەوە  تەسلیمی ساواکی ئێران کرانەوە  ئەمانە  بوون:  مامۆستا مەلا سەید ڕەشید حوسێنی (شەیدای کوردستان) کە  ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاشانیش سکرتێری گشتی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان و سەرۆکی یەکیەتی جوتیارانی کوردستان بوو کە  لە

شەڕی دژی بەکرێگراوانی داگیرکەری ئێران لە 1979/6/5 دا لە ناوچەی کەرەفتوی سەر بە شاری سەقز دا گیانی بەخت کرد. گڵکۆی ئەم شۆڕشگێڕە بەڕێزە لە گۆڕستانی شاری سەقزە.

عەبدوڵڵا زەکی (عەولای مەلا عوسمانی) ناسراو بە ماموستا قەندیل کە چاوەدێری بەرزی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاشانیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بوو، لە شەڕی دژی داگیرکەری ئێران لە 1982/7/16 دا لە گوندی بادیناویێ سەر بە شاری پیرانشار گیانی بەخت کرد. گڵکۆی ئەم شۆڕشگێڕە بەڕێزە لە گۆڕستانی گوندی ترکەشی سەر بە شاری پیرانشارە.

شاعیری گەورەی کورد ماموستا سالار هەورامی (عەلی قوتبی) کە کادرێکی بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان بوو، کە لە شەڕی دژی بەکرێ گیراوانی عێراق دا لە 1980/7/29 لە گوندی بێسارانی سەر بە شاری سەقز دا گیانی بەخت کرد. گڵکۆی ئەم شۆڕشگێڕە بەڕێزە لەگۆڕستانی گوندی بێسارانە.

ماموستا خدر قادر ( خدر کوردستانی ) خەڵکی شاری سەردەشت و کادرێکی

چالاکی کۆمیتەی بەڕێو بەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و کادرێکی

باڵای کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانە کە لە هەموو ژیانی دا لە دژی نەیارانی

کورد شۆڕشگێڕانە خەباتی کردوە و ئێستاش (ساڵی 2005 ) لە ناچاری لە

هەندەران دەژیت. بەڕێزێک بە ناوی قادر ئاغا کە لە زیندانی ساواک دا لە

ژێر شکەنجەی جەللادەکانی ئێران لە ساڵی 1975 دا گیانی لە دەست دا.



شۆڕشگێڕان لەدەستی ڕاستەوە: شەهید کاک ئەحمەد تۆفیق ( عەبدوڵلا ئیسحاقی ، شەهید مەلا سەید ڕەشید حوسێنی ناسراو بە شەیدای کوردستان، )شەهید حەولای مەلا حوسمانی ( عەبدوڵلا زەکی ) ناسراو بە مامۆستا قەندیل

## 2.35- شۆڕشی عەبدوڵلا ئۆجەلان (ئاپۆ) لەساڵی 1970 ی زاینی دا لە سەرەتا دا لە باکوری کوردستان

شۆڕشی نوێی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی ئاپۆ لە ساڵی 1970 دا لە باکوری کوردستانەوە سەری هەڵدا. ئەم شۆڕشە جیاوازیەکی زۆری هەیە لە گەڵ شۆڕشەکانی تری کوردستان، بۆیە سەرنجی گشت مرۆڤێکی کوردی خاوەن هەست و پاکی بە شێوەیەک، و سەرنجی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و خۆفرۆشانی کوردی بە شێوەکی تر بۆلای خۆی ڕاکێشاوە.

کاتێک کە لە باکوری کوردستان بە کار هێنانی وشەی کورد و زمانی کوردی قەدەغە کرابوو و هەرکەس باسی لە کورد کردبا، دەست بە جێ لە لایەن حکوومەتی داگیرکەری تورکیەوە پەتکی سێدارەیان بۆ هەڵداوەسی، لەو کاتە و لەو خەفەقانە دا، عەبدوڵلا ئۆجەلان وەک لاوێکی تێکۆشەر و خوێندکارێکی زانستگا هەستی بە خۆ ناسین و کورد ناسین کرد. ئاپۆ زانی کە حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان نەتەوەی کوردیان کردۆتە کۆیلە و خەریکی لە ناو بردننی، هەر بۆیە بۆ زیندو کردنەوەی نەتەوەی کورد شۆڕشگێڕانە و بوێرانە دەستی بە هەوڵ و تێکۆشان کرد.

ئاپۆ لە ناو خوێندکارانی زانکۆکانی ئانکارا دا چەند دۆستێکی وەک کەماڵ پیر، جەمیل بایق، مەزلوم دۆغان، محەمەد خەیری دورمیش و حەقی قەرای پەیدا کرد.

ئەم کەسانە کۆ بوونەوەی یەکەمیان لە شاری ئانکارا لە گەڕەکی توزلو چایر لە 1974/3/21 لە بن دارێک دا پێک هێنا و لەم کۆبوونەوەیە دا بڕیار درا دەستەیەکی شۆڕشگێڕ دروست بکەن.

کۆ بوونەوەی دووەمیان لە گەڕەکی دیکمەنی ئانکارا لە ساڵی 1976 دا پێک هێنا، کە تێیدا بڕیار درا ئەم کەسانە بگەڕێنەوە کوردستان و هەریەکێک لەوان بچێتە شارێکی کوردستان و دەست بە خەباتی سیاسی بکات.

ئەم کەسانە لە هەمان ساڵ دا لە کوردستان دەستەیەکیان بە ناوی گروپی ئایدۆلۆژی پێک هێنا و لەو کاتەوە لە سەر ناوی ئاپۆچی خەباتیان دەست پێکرد. لە ساڵی 1976 دا یەکەم شەهیدی ئاپۆچیەکان بە ناوی هەڤاڵ ئایدن گوڵ بە دەستی چەپەکانی تورک لە شاری دێرسیم شەهید کرا.

لە ڕۆژی 1976/11/27 دا یەکەم کۆنگرەی ئاپۆچیەکان لە گوندی فیسی سەر بە شارۆچکەی لیجێی ناوچەی ئامەد بەسترا کە تێیدا پارتی کرێکارانی کوردستان دامەزرێندرا.

پاشان هەڤاڵ حەقی قەرارکە یەکێک لە ڕێبەرانی ئاپۆچیەکان بوو لە شاری ئەنتاب (دیلۆک) لە 1977/4/18 دا بە دەستی پارتی پێشەنگ کە کورد بوون و داوای ڕزگارکردنی پێنج بەشی کوردستانیان دەکرد شەهید کرا.

(پارتی پێشەنگ باوەڕی وا بوو کە لە ئەرمەنستانیش دا بەشی پێنجەمی کوردستان هەیە.)

لە هەمان کات دا کەماڵ پیر کە یەکەمین دۆستی شۆڕشگێڕی ئاپۆ و دوای ئاپۆ بە ڕێبەری یەکەمی ئاپۆچیەکان دەزانرا لە ساڵی 1979 دا لە شاری ئەلعەزیز لە گەڵ مەزلوم دۆغان و محەممەد خەیری دورمیش لە لایەن حکوومەتی تورکیە گیران و خرانە زیندانی شاری ئامەدەوە. مەزلوم دۆغان کە یەکێک لە ڕێبەرانی پ.ک.ک. و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەم پارتەش بوو و لە ڕۆژی نەورۆزی 1982 واتە 1982/3/21 دا ئاگری بەردایە جەستەی خۆی و بە سوتاندنی لەشی خۆی ئاگری نەورۆزی لە ناو زیندانی دوژمن دا کردەوە و نەک سەری بۆ داوای خۆبەدەستەوە دانی دوژمن دانەنەواند بەڵکو بەم چالاکیە سەربەرزانەیەی ڕوناکی خستە دڵی هەڤاڵانیەوە و بوو بە ژەهریش لە سەر دڵی داگیرکەرانی کوردستان.

کەماڵ پیر و محەممەد خەیری دورمیش لە بەرخۆدانی ناو زیندان دا لە سەر بڕیاری یان ئازادی یان مان گرتنی برسی بوون تا مردن لە 1982/7/14 دا دەستیان کردە مان گرتن و پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ شۆڕشگێڕانە گیانیانبەخت کرد.





محەممەد خەیری دورمیش        مەزلوم دۆغان        کەماڵ پیر

بەڕێز ئاپۆ بۆ بەردەوامی خەباتی سیاسی ناچار بوو کە لە ساڵی 1979 دا وڵات بەرەو سوریە و لوبنان بەجێ بهێڵێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان بە ئامانجی سەربەخۆیی بۆ گشت کوردستان دامەزرا و لە سەر ئەو بنەمایەش خەباتی درێژە پێدا. لە پازدەی تەباخی 1984 (1984/8/15) دا بە ڕێبەرایەتی هەڤاڵ عەگید (مەعسوم قورقماز) فەرماندەی گشتی ئەرتەشی پ.ک.ک. لە دژی داگیرکەری تورکیە دەستی بە شەڕێکی چەکداری گریلایی بەربلاو کرد. عەگید خەڵکی فارقینی (سیلوانی)

سەر بە ئامەد بوو کە بە تواناترین فەرماندەی جەنگی پ.ک.ک. بوو و لە 1985/3/28 دا لە چیای گەڤەر لە شەڕی دژی داگیرکەری تورکیە دا گیانی بەخت کرد

لە کۆنگرەی سێیەمی پ.ک.ک. دا ئەرتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان دامەزرا و شەڕی گریلایی فراوان تر بوو. لە ساڵی 1993 ی زاینی بە دواوە سەرۆک ئاپۆ چەند جارێک ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند، بەلام حکوومەتی تورکیە وەڵامی ئاگربەستەکانی پ.ک.ک. ی نەدایەوە.

لە ساڵی 1993 دا سەرۆک حکوومەتی تورکیە بەڕێز تورگوت ئۆزاڵ هەیئەتێکی لە پارڵمانتارە کوردەکانی باکوری کوردستان لە گەڵ جەلال تاڵەبانی و چەند ڕۆژنامەوان بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز ئاپۆ ناردە سوریە . بەلام بە داخەوە هێشتا هەیئەتەکە نەگەڕابۆوە تورکیە کە حکوومەتی تورکیە تورگوت ئۆزاڵی کوشت و بلاویان کردەوە کە ئۆزاڵ دڵی ڕاوەستا و مرد. بەم شێوەیە هەوڵی تورگوت ئۆزاڵ کە خۆی کورد بوو و هاوشاری بەڕێز ئاپۆ بوو (شاری ڕوحا) بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت.

دوای تێپەڕ بوونی 68 ساڵ بەسەر قەدەغە کردنی بەکارهێنانی زمانی کوردیدا، تورگوت ئۆزاڵ لە ساڵی 1991 دا ڕایگەیاند کە قسە کردن بە زمانی کوردی لە تورکیە و باکوری کوردستان دا ئازادە.

لە ساڵی 1998 دا حکوومەتی تورکیە بە هاوکاری ناتۆ و پشتگیری حکوومەتی ئەمریکا گوشارێکی زۆری بۆ سەر حکوومەتی سوریە هێنا و حکوومەتی سوریای ناچار بە دەر کردنی بەڕێز ئاپۆ لە شاری دیمەشق کرد.

ئاپۆ لە ڕۆژی 1998/10/9 دا لە سوریا بەرەو یونان و پاشان بەرەو ڕوسیە و ئیتالیا وەڕێکەوت. بەڕێز ئاپۆ بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد بە ڕەوشێکی سیاسیانە و ئاشتیخوازانە ڕوی کردە ئەوروپا، ئەگینا دەی توانی بچیتە لای گریلایەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و لە چیاکانی کوردستان دا بمێنێتەوە.

بەڕێز ئاپۆ لە وڵاتی ئیتالیا داوای بەستنی کۆنفڕانسێکی ناو نەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد کرد. بەڵام بە داخەوە هەموو حکوومەتانی جیهان بە تایبەت ئەمریکا و ئاڵمانیا زۆر نامرۆڤانە لە دژی داخوازیەکانی ئاپۆ هەستانەوە.

هەر ئەوەش بوو کە بەڕێز ئاپۆیان لە ئیتالیاش وەدەرنا و بەرەو ناداریێکی تر هەڵیان داشت. پاشان بەرەو ڕوسیە ، تاجیکستان، یونان و کینیای ئەفریقا و لە وێشەوە لە ڕۆژی 1999/2/15 دا بە فڕۆکە ڕفاندیان و زۆر نامرۆڤانە بە نیوە بێ هۆشکراوی دایانەوە دەست داگیر کەری تورکیە .

حکوومەتی تورکیە بۆ گرتنی بەڕێز ئاپۆ پەیمانێکی نهێنی لە گەڵ یونان بەستبوو کە بەو مەرجەی یونان و وڵاتانی یەکیەتی ئەورووپا ئاپۆ ڕەوانەی تورکیە بکەنەوە، ئەوە حکوومەتی تورکیە نیوەی دورگەی قیبرس دەداتەوە یونان و ئەو کاتە یەکیەتی ئەورووپاش وڵاتی تورکیە بە ئەندامی خۆی قبوڵ دەکات. ئەگەرچی یونان و وڵاتانی تری ئەورووپا بەڵێنی خۆیان بۆ تورکیە گەیاندە سەر، بەڵام حکوومەتی تورکیە لە بەر ئەوەی کە بە گرتنی ئاپۆ نەیتوانی شۆڕشی گەلی کورد بە چۆک دا بێنێت بەڵێنیەکەی خۆی نەگەیاندە جێ.

ئەو پەیمانە تا بڵێی پەیمانێکی ڕەشە و ئاشکرا بوونی ناوەڕۆکەکەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دا شەرمەزاریەکی زۆری بۆ هەردوو لایەنی پەیمانەکە بە دواوە دەبێت، بۆیە لە لایەن هەردوو لایەنەوە تا ئێستاش هەر شاردراوە ماوەتەوە.

بە ڕێز ئاپۆ سەرکردەیەکی ئەوەندە دڵسۆزی کورد بوو کە دەی گوت:

" بیست و چوار کاتژمێرەی شەو ڕۆژ خەبات کردن لە  پێناو ئازادی نەتەوەی کورد دا من تێر ناکات."

پاش ڕفاندنی ئاپۆ لە لایەن باندە جاسوسیەکانی جیهانەوە، گەلی کورد هەستی بە مەترسیەکی گەورە کرد و شۆڕشگێڕانە هاتە مەیدان. بە ملیۆنان کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردەکانی هەندەرانی گشت جیهان بە جۆرێک ڕژانە سەر شەقامەکان، کە هەموو حکوومەتەکانی چەند ڕووی لافی مافی مرۆڤ لێدەری خۆ بە پێشکەوتوخواز زانی جیهانیش سەریان سوڕ مابوو لەم سەرهەڵدانەی گەلی کورد.

تەنانەت ئەو کوردەی کە قەت بەڕێز ئاپۆشی نەناسی بوو هاتە مەیدان و وتی هەر کوردێک ئاپۆیە و منیش ئاپۆم. بەم شێوەیە خۆشەویستی ئاپۆ لە ناو گەلی کورد دا زیاتر بوو. گەلی کوردیش بە ناڕەزایەتی خۆی، ڕوی ڕەشی جیهانی بە ناو مرۆڤایەتیان وەدەر خست و سەلماندی کە کورد قەت بە زەبر و زەنگ لە بەین ناچێت و ناتوێتەوە.

بەڕێز ئاپۆ لەناو زیندانیش دا سەرۆکایەتی گەلی کوردی بەو پەڕی شانازیەوە قەبوڵ کرد و هەروا بەڕێوەشی دەبا.

هەر بۆیە بوو بە سەمبولی ئازایەتی و قارەمانەتی هەموو گەلی کوردستان.

تەنیا بۆ ئازادی و خۆشەویستی ئاپۆ نزیک بە 150 کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران دا خۆیان سوتاند و رِق و کینەی خۆیان بەم شێوەیە لە دژی داگیرکەرکەرانی کوردستان و دورِویی جیهانی بە ناو مرۆڤایەتی دەربرِی.

لە هەمان کات دا لە خۆپێشاندانەکانی کوردەکانی رِۆژهەلاتی کوردستان بۆ پشتگیری لە بەرِێز ئاپۆ گەلی کورد کەوتە بەر دەست رِێژی گوللە بارانی خوێنرِێژانی حکوومەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران و لە رِۆژێک دا 27 کەس لە شاری سنە کە دوو کەسیان زاوا و بووکی هەمان رِۆژ بوون شەهید بوون و دوو کەسی تریش لە شاری ورمێ گیانیان بەخت کرد و بە دەیان کەسیش بریندار بوون.

لە خۆپێشاندانەکانی کوردەکانی ئالْمانیا لە بەر دەرگای بالْوێزخانەی ئیسرِائیل دا چەند گەنجی کورد کەوتنە بەر دەست رِێژی گوللەی کارمەندانی بالْوێزخانەکە و لە ئاکام دا چوار گەنجی کورد شەهید بوون و بە دەیانیش بریندار بوون.

ئەم جۆرە خۆشەویستیەی کە گەلی کوردی وڵات پارێز دەر هەق بە ئاپۆ هەی بوو و هەیەتی، بوو بە مایەی سەرسوڕمانی دەروون نناسانی ئەوروپایی و گشت جیهان و ئاشکرا ڕایان گەیاند کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا قەت ڕوداوی بەم شێوەیە ڕوی نەداوە و قەت بۆ خۆشەویستی کەسێک ئەوەندە کەس خۆی نەسوتاندوە و فیدا نەکردوە.

ئەوەی کە بوو بە هۆی واق وڕمانی دەروونناسانی جیهان زیاتر ئەوە بوو کە تەنانەت قەدەغە ڕاگەیاندنی خۆسووتاندن لە لایەن بەڕێز ئاپۆشەوە لە ماوەیەکی کورت دا نەبووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی ئەو کوردستانیانەی کە لە پێناو ڕزگاری ئاپۆ و ئاخی کوردستان دا بە خۆسوتاندن گیانیان بەخت دەکرد.

دیارە کە خۆسوتاندن قەت ڕێگا چارە نیە، بەڵام بە داخەوە هێندێک کەس تەحەمولی ئازاری سەرۆکەکەیان نەدەکرد و بەم شێوەیەیە ڕق و کینەی خۆیان لە بەرانبەر دوژمن دا نیشان دەدا و وەفاداریان بە سەرۆکەکەیان ڕادەگەیاندەوە.



به‌ڕێز ئاپۆ



هه‌ڤاڵ عه‌گید (مه‌عسوم قورقماز)

پاش سه‌رهه‌ڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، له ناو خۆی باکوری کوردستان و له شاره‌کانی تورکیه ، هێندێک له ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕی کورد، ده‌ستیان کرد به شۆڕشێکی سیاسی و پارتێکی سیاسیان به ناوی پارتی گه‌ل (هه‌پ) له ڕێکه‌وتی 1990/6/7 دا به ئاوایه‌کی فه‌رمی دامه‌زراند.

پاشان ئه‌و پارته له لایه‌ن حکوومه‌تی تورکیه قه‌ده‌غه کرا و سه‌رکرده‌کانیشی ده‌ست به سه‌رکران و هێندێکیان کوشتن و هێندێک زیندانی کران و هێندێکیش له ناچاری ئاواره‌ی هه‌نده‌ران بوون.

ئینجا ڕوناکبیرانی کوردی باکوری کوردستان، پارتی دیموکراتی ئازادیان (ئۆزدەپ) لە ڕێکەوتی 1992/10/19 دا دامەزراند کە لە ڕێکەوتی 1993/11/23 دا لە لایەن حکوومەتی تورکیەوە دەستوری قەدەغە کردنی درا. بە دوای ئەمەدا پارتی دیموکراتیان (دەپ) لە ڕێکەوتی 1993/5/7 دا دامەزراند و لە ڕێکەوتی 1994/6/16 لە لایەن حکوومەتی تورکیەوە قەدەغە کرا. ئینجا ڕوناکبیرانی باکوری کوردستان لە ڕێکەوتی 1996/5/23 دا پارتی دیموکراتی گەل (هەدەپ)یان دامەزراند.

بەشێک لەسەرکردەکانی ئەو پارتانە کە نوێنەرانی گەلی کورد بوون لە ناو پاڕلمانی تورکیە دا، وەک محەممەد سینجار کە نوێنەری شاری ماردین بوو لە 1993/9/4 دا لە شاری باتمان لە لایەن حکوومەتی داگیرکەری تورکیەوە شەهید کرا و هێندێکیشیان وەک لەیلا زانا و خەتیب دیجلە کە نوێنەری شاری ئامەد بوون، سەلیم سادەق، ئەرهام دۆغان کە نوێنەری شاری ماردین بوون لە 1994/3/2 خرانە بەندیخانەی ئانکاراوە و هەر یەکەی پازدە تا هەڤدە ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە.

هێندێکیشیان وەک زوبێر ئایدار، ڕەمزی کارتاڵ، یاشار کایە و نیزامەتین توغوچ لە ناچاری ئاوارەی هەندەران بوون. پاشان ئەو ڕوناکبیرانە بە

هاوکاری و پشتگیری پارتی کرێکارانی کوردستان، پارڵمانی دەرەوەی کوردستانیان (پ. ک. د. و.) لە وڵاتی بلژیک لە ساڵی 1995 دا دامە زراند کە لە پارڵمانی دەرەوەی کوردستان کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان (ک.ن.ک) لە وڵاتی هوڵەندا لە 24-5/27/ 1999 ی زاینی دا دامە زریندرا. بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسیە کوردستانیەکان پشتگیری کۆنگرەی نەتەوەی کوردستانیان کرد.





جنایەتەکانی حکومەتی فاشیستی تورکیە لە باکوری کوردستان دەرهەق بە گەلی کورد

**2.36- شۆڕشی جەماوەری گەلی کورد لە ساڵی 1991 لە باشوری کوردستان**

**حکوومەتی عێراق لە دوا ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی 1990 دا وڵاتی کوەیتی بێ تەقە داگیر کرد. پاشان حکوومەتەکانی جیهان لە ژێر ناوی سازمانی نەتەوە یەگرتوەکان و بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا لە دژی عێراق بڕیاری شەڕیان دا.**

**دیارە شەڕەکە لە بەر خۆشەویستی و پارێزگاری لە مافی مرۆڤی نەتەوەی کوەیت نەبوو، بەڵکو بۆ خۆشەویستی نەوت و گرتنە دەستی دەسەڵات لە ناوچەکە دا بوو. بەم شێوەیە لە 1991/1/17 دا هێرش کرایە سەر عێراق و شەڕ تا 1991/2/28 ی خایاند. حکوومەتی عێراق پاش 41 شەو و ڕۆژ بە زیاتر لە سەد هەزار کوژراو و سەدان هەزار پەک کەوتو و بریندارەوە تێک شکا و پاشەکشەی کرد و کوەیتی بە جێ هێشت.**

**ئەو کاتە حکوومەتی عێراق زۆر لاواز بوو بە تایبەت لە باشوری کوردستان دا. بۆیە گەلی کوردی باشور بە دەرفەتی زانی و لە ڕۆژی 1991/3/5 دا سەرەتا لە شاری ڕانیە و پاشانیش لە گشت باشوری کوردستان لە دژی داگیرکەری عێراق ڕاپەڕین و لە ماوەکی کورت دا گشت باشوری کوردستانیان ڕزگار کرد. لە شەوی نەورۆزی 1991 دا بۆ یەکەم جار شاری کەرکوک لە لایەن خەڵکی کوردەوە ئازاد کرا.**

گەلی کوردی باشوری کوردستان پێیان وابوو کە چۆن ئەمریکا و نەتەوە یەگرتووەکان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان دا گەلی کوەیتیان لە دژی هێرشی سەددام حوسێن پاراست، ئاواش ئەوان دەپارێزن و پشتگیریان لێ دەکەن. بەڵام مخابن چاوەڕوانی گەلی کورد بێهودە بوو. نەتەوە یەگرتووەکان خۆیان تەحەممولی ڕاپەڕینی گەلی کوردیان نەکرد و ترسیان هەبوو کە حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست ببێت. پاشان بۆ ئەوەی کە کورد حکوومەت نەگریتە دەست، هەر ئەو حکوومەتانەی کە لە دژی حکوومەتی عێراق بە ناوی نەتەوە یەگرتووەکانەوە شەڕیان دەکرد، یەکسەر چرای سەوزیان نیشانی حکوومەتی عێراق دا و مۆڵەتیان پێدا کە هێرش بکاتە سەر گەلی کورد. حکوومەتی عێراق لە ڕاگەیاندنەکانی دا هەڕەشەی کیمیا بارانی گەلی کوردی دەکرد و پاشان لە پێش چاوی نەتەوە یەگرتووەکان لە 1991/4/15 دا بە فڕۆکە جەنگیەکانی کە فڕینیان لە لایەن نەتەوە یەگرتووەکانەوە لە باشوری کوردستان قەدەغە کرابوو، هێرشی کردە سەر کوردەکان و شارەکانی باشوری کوردستانی بۆمباران کرد و زیاتر لە دە هەزار کوردی لەم هێرشە دا کوشت. حکوومەتی عێراق لەم هێرشە دا دیسان ناوچەکانی کەرکوک و موسڵی داگیر کردەوە. کوردەکان لە ترسی کیمیا بارانی حکوومەتی عێراق، ڕویان لە

ڕۆژهەلات و باکوری کوردستان کرد. لەم کۆچڕەویە دا زیاتر لە دوو ملیۆن کورد ئاوارەی بەشەکانی تری کوردستان بوون. لە کاتی کۆچڕەویەکە دا چونکە حکوومەتەکانی تورکیە و ئێران سنورەکانیان بە ڕوی ئاوارەکان دا داخست و لە سەرەتا دا نەیان هێشت کەس بەم سنورانە دا تێپەڕ بێت، بۆیە خەڵکێکی زۆر لە برسان مردن و لە سەرمان ڕەق هەلاتن. تەنانەت ژاندرمەری ئێران لە سنوری حاجیەمەرانی نزیک شاری پیرانشار بۆ چاو ترساندنی خەڵکی ئاوارەی کورد هێرشی کردە سەریان و سێ کەسی کوشتن و بە دەیان کەسیشی بریندار کردن. ژاندرمەری تورکیەش لە شارەکانی سلۆپی و شەمزینان ئاوارەکانی کوردی دایە بەر دەسترێژی گوللە و بە دەیان کەسی لە شەوێک دا لێ کوشتن. لە هەمان کات دا بە هەزاران کەس لە پەڕینەوەی سنورەکانی دەست کرد دا بە مین گیانیان لە دەست دا و خەڵکانێکی زۆریش پەک کەوتو بوون. لەو کاتە دا گەلی کورد بوو بە باسی ڕۆژی هەموو مەدیای جیهان. پاشان نەتەوە یەگرتوەکان بۆ ئەوەی کە بەقسەی خۆیان کوردەکان لە هێرشی حکوومەتی داگیرکەری عێراق بپارێزن هێڵی 36 پلەیان بۆ هێندێک لە کوردەکان دیاری کرد. واتە ناوچەی سەرەوەی هێڵی 36 پلە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەگرتوەکان و ئەمریکا و

بریتانیا دا مایەوە و حکوومەتی عێراق مافی هێرش کردنە سەر کوردەکانی نەما. هێڵی 36 پلە ناوچەکانی شاری کەرکوک و موسڵی لە خۆی دا نەگرت. واتە سێ یەکی خاکی باشوری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق دا مایەوە.

کاتی ڕاپەڕینەکە سەرکردەی حیزبە کوردیەکانی باشوری کوردستان لە ئێران دەژیان. پاش ئازاد کردنی باشوری کوردستان سەرکردەی حیزبە کوردیەکانی باشوری کوردستان لە ئێرانەوە هاتنە سەر حازری و چون یەکسەر ڕومەتی سەددام حوسێنیان ماچ کرد و دەست کەوتەکانی شۆڕشیان بەم شێوەیە فرۆشت. پاشان پارلمانێکی هاوبەشیان پێک هێنا کە تەنیا نوێنەری هێندێک لە حیزبە کوردیەکانی تێ دا بوو نەک نوێنەری خەڵکی کوردستان. هەربۆیش پارلمانەکە سەری نەگرت و لەسەر کێشەی دەسەڵاتی حیزبایەتی تێکدرا و کردیانە شەڕی براکوژی، کە بەداخەوە زیاتر لە دە هەزار کوردیان بەدەستی یەکتر بە کوشت دا. بەڵام سەرکردە حیزبیەکانی بەناو کورد، خۆیان ئێستاش هەر زیندونەو هەر ڕۆژەی لای داگیرکەرێکی کوردستان جێژوان پێک دێنن.

ئێستا کە ساڵی 2001 ی زاینییە و بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵە کە بەشێکی هەرە زۆری باشوری کوردستان لە ژێر دەسەلاتی حیزبە کوردیەکانی باشوری دایە . دیارە کە نەمانی سێبەری شومی داگیرکەر لە کوردستان جێگەی خۆشحاڵی و شانازی هەر کوردێکی تینوی ئاوی ڕزگاری بووە و هەیە ،بەلام ئەوەی ڕاستی بێت شەڕی ناو خۆیی کوردستان کە زیانێکی زۆری براکوژی و ئاوارەیی و کۆچڕەوی هەندەرانی بۆ گەلی کورد بە دواوە بووە، پەرێزی ئەو حیزبە بەناو کوردیانەی کە ساڵەهایە زۆربەی یاساکانی حکومەتی عێراق لە کوردستان بەڕێوە دەبەن ڕەشتر کردووە. بە داخەوە ئەو پارتانە باشوری کوردستانیان کردۆتە مەیدانی جاسوسی و چەتەگەری حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان.

هەر ڕۆژەی سوپای داگیرکەرێکی کوردستان بە باشور دا تێپەڕ دەبێت و بنکەی خۆی لێ دادەمەزرێنێت. تەنیا ئەرتەشی کوردستان مافی هەبوون و مانەوەی لە باشوری کوردستان دانیە ، ئەگینا هەموو نەتەوەکانی جیهان لە پێک هێنان و مۆڵ دانی سوپا و سیخوڕی خۆیان لە کوردستان دا سەربەستن. هۆیەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە سەر پاک نەبوونی پارتەکانی باشوری کوردستان و نەیاری کردنیان لە گەڵ گەلی کوردستان. هەر بۆیەشە دەساڵە

لەم ناوچەیە تەنیا دەنگی تەقە دێت و گوللە دەبارێت و بەس. ئەگینا کوانێ کوردایەتیەکەیان، کوانێ ئازادی و ژیانی خۆش بۆ گەلی کورد. ئەم پارتانە هەرچی دارایی کوردستان بوو ئاوای دەستی دۆستەکانی خۆیان واتە حکوومەتەکانی ئێران و تورکیەیان کرد. کوردستانیان تالان کرد و ماڵی داگیرکەری ئێران و تورکیەیان ئاوەدان کردەوە.

## 2.37- شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی سۆر (سور) لە ساڵی 1992 ی زاینی دا

پاش شەڕی جیهانی یەکەم بەشێکی بچوکی خاکی کوردستان کەوتە بن دەستی حکوومەتی ڕوسیە. هەروەها پاش هێرشی حکوومەتی عوسمانی لە ساڵی 1915 ی زاینی دا بۆ سەر باکوری کوردستان، بە دەیان هەزار کوردی زەردوشتی (یەزیدی) کۆچبەری کوردستانی سۆر و وڵاتەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بوون. لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئیستالین دا کە هەموو نەتەوەکانی یەکیەتی سۆڤیەت مافی نەتەوایەتیان قبوڵ دەکرا، بەڵام نەتەوەی کورد بەبڕیاری خودی ئیستالین وەک نەتەوەی ڕۆمی ناساندرا و

لە ناو وڵاتەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دا وەک ئەرمەنستان، گورجستان، ئازربایجان، قەزاقستان و ڕوسیە دا دابەش کرا.

لە ساڵەکانی 1990 ی زاینی بە دواوە و پاش لێک هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت زۆربەی نەتەوەکانی ئەم یەکیەتیە وڵاتی سەر بە خۆی خۆیان ڕاگەیاند. لەو کاتە دا کوردەکانی زەردوشتی کوردستانی سۆریش بە سەرۆکایەتی وەکیل مستەفا بۆ داخوازی مافی نەتەوەی کورد ئەرتەشی گەلی کوردیان دامەزراند و سەربەخۆی کوردستانی سۆریان ڕاگەیاند و شاری لاچینیان وەک پایتەختی کوردستانی سۆر ناساند. لە ساڵی 1992 دا حکوومەتەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە سەر داگیر کردنی خاکی کوردستانی سۆر دا شەڕیان هەڵگیرساند. حکوومەتی ئەرمەنستان داوای لە وەکیل مستەفا کرد کە ئەگەر کوردەکان ئەرتەشی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی ئەرمەنستان لە دژی ئازەربایجان یەک بخەن، ئەو کاتە دوای سەرکەوتنیان ئەرمەنستان مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی سۆر دەدات.

حکوومەتی ئازەربایجانیش لە ئایینی ئیسلام کەڵکی وەرگرت و بە ناوی هاو ئایینی و ناسینی مافی کوردەکان پشتگیری کوردەکانی بە دەست هێنا و بەم جۆرە کوردەکانی موسوڵمانی هەڵخەڵەتاند.

لە سەر ئەوەی کە کام یەک لە داگیرکەرانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان، خاکی کوردستانی سۆر زیاتر داگیر بکات شەڕێکی خوێناوی دەستی پێ کرد و بۆ ماوەی چەند ساڵی خایاند. لەو شەڕەدا بە هەزاران کوردی شۆڕشگێڕ کوژران و بە دەیان هەزاریش بە ناچاری لە ناوچەکە کۆچبەر بوون.

پاشان حکوومەتەکانی داگیرکەری ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە ساڵی 1995 دا لە سەر دابەش کردنی کوردستانی سۆر پێک هاتن و کوردەکانیان بەم شێوەیە فریو دا و لە ئاکام دا هەر دووک وڵات بڕیاریان دا کە کوردەکان لەو ناوچەیە دەر بکەن و ئاوارەی هەندەرانیان بکەن. بەم جۆرە بە دەیان هەزار کوردی کوردستانی سۆر ئاوارەی وڵاتانی قەفقازیە و ڕوسیە و ئەورووپا بوون و شۆڕشەکەشیان تەوایەوە و کوردستانی سۆریش دیسان داگیر کرایەوە.

## 2.38- شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی تری کوردستان لە سەدەکانی 19 و 20 ی زاینی دا

دیارە زۆر ڕاپەڕینی تری گەلی کورد هەبوونە کە بە داخەوە بە هۆی زەخت و زۆری داگیرکەران زوو تێک شکاون و نەیان توانیوە بگەنە ئاستی بە نەتەوەیی بوونیان. سەرکردەی ئەم ڕاپەڕینانە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کوژراون یان لە سێدارە دراون. بۆ وێنە ناوی بەشێک لەو شۆڕشگێڕانە و ئەو شۆڕشانە ئەمانەن:

لە باکوری کوردستان:

شۆڕشی ڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی 1806 زاینی، شۆڕشی بلباس لە ساڵی 1818 ی زاینی، میر محەممەدی ڕەواندزی (پاشا کۆرە) لە ساڵی 1826 ی زاینی، میر بەدرخان بەگی بۆتان لە ساڵی 1843 تا 1847 ی زاینی، یەزدانشێر لە ساڵی 1852 تا 1855 ی زاینی، شۆڕشی حەکاری لە ساڵی 1895 ی زاینی، شۆڕشەکانی بتلیس لە ساڵی 1912 تا 1917 بە سەرۆکایەتی شێخ سەلیم و بنەماڵەی بەدرخانیەکان، شۆڕشی ژنراڵ شەریف پاشا لە بتلیس لە ساڵی 1919 تا 1920 ی زاینی، شۆڕشی یەزیدیەکان لە 1920/9/21 ی زاینی بە سەرۆکایەتی داود لداود و ڕەشەقولو.

**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

**شۆڕشەکانی قەدەم خێر،لوڕ، سەردار ڕەشید جوانڕۆ، جافر سوڵتانی هەورامان، مەلا خەلیلی میراوێی سەردەشت، گەلباخیەکانی دیوان دەرە، ڕاپەڕینی ئۆمەری حەمە سور لە ناوچەی سەردەشت، ئۆمەر پاشا لە ساڵی** 1934 **تا** 1935 **ی زاینی.**

**لە باشوری کوردستان:**

**شۆڕشی شێخ عەبدول سەلام بارزانی لە ساڵی** 1911 **تا** 1912 **ی زاینی، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی بەرزەنجی لە دژی تورکەکانی عوسمانی لە ساڵی** 1913 **تا** 1914 **ی زاینی، ڕاپەڕینی گۆبان لە زاخۆ لە** 1919/4/4 **ی زاینی، ئیبراهیم خانی دەڵۆ لە** 1920/8/22 **ی زاینی دا، ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی** 1921 **تا** 1932 **ی زاینی.**

## بەشی سێهەم

### 3- خاڵە گرنگەکانی جوگرافیای کوردستان

#### 3.1- شوێنگەی کوردستان

کوردستان دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئیشکایی (قاڕڕەی) ئاسیا.

سنورەکەی لە باکورەوە لە گەڵ ئازەربایجان و ئەرمەنستان و تورکیە دایە و لە باشورەوە ئێران و کەنداوی فارس، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێران، لە ڕۆژئاواشەوە عێراق و سوریە. کوردستان دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی 34-40 پلە و هێڵی درێژی 38-48 پلەوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە 1

ژیانی ئابوری کوردستان بەشێکی زۆری بە کشتوکاڵ بە ڕێوە دەچێت، چونکە هەم خاک و هەم ئاو و هەوای کوردستان بۆکشتوکاڵ زۆر باشە و لە زۆربەی ساڵان دا بە ڕادەی پێویست بارانی لێ دەبارێت.

کوردستان وەک وڵاتێک لە سەر زێڕی ڕەش واتە نەوت وەستاوە لە بن زەوی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی دا چاڵاوی مەزنی نەوت پەیدا دەبن کە مەزنترینیان لە باشوری کوردستان لە بابا گوڕگوڕی ناوچەی کەرکوکە. بەڵام بە داخەوە ئابوری کوردستان قەت لە سەر ئەو نەوتە نەچەرخاوە. ئەم

نەوتە نە تەنیا نەبۆتە سەرمایە و سامانێک بۆ گەلی کورد، بەڵکو بۆتە هۆی سەرەکی داگیر کردنی وڵاتی کوردستان. نەوت کە لە وڵاتە عەرەبیەکان دا بۆتە مایەی دەوڵەمەند بوونی ئەو دەوڵەت و وڵاتانە ، بەڵام بە داخەوە لە کوردستان بۆتە هۆی چەوساندنەوەی گەلی کورد و کوشتار و مەرگی ئەم نەتەوەیە .

بێجگە لە نەوت لە کوردستان کانی جۆراوجۆر هەن کە لە بەردەکانی ئەم کانانە دا تا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان بە هەزاران تۆن ئاسن ، زێڕ، ئاڵماس ، مس، گڕانیت و ... پاڵاوتووە .



واته  ژێر زه‌وی كوردستان هه‌موو به‌ردێكی تێ دایه  كه  ده‌كرێ بپالێورێت و
كه‌ڵكی لێ وه‌ربگیرێت. دیاره  داگیركه‌رانی كوردستان هه‌ر ده‌م ئه‌و كاره‌یان
كردوه  و ئێستاش هه‌ر له‌سه‌ری به‌رده‌وامن و ڕۆژانه  له  شاخه‌كانی كوردستان
به  هه‌زاران تۆن به‌ردی به  قیمه‌ت ده‌دزن و ده‌یكێشنه‌وه  بۆ ناو خۆی
وڵاته‌كانی ئێران، عێراق، توركیه  و سوریه . ئه‌وانه  به‌شێك له
هۆیه‌سه‌ره‌كیه‌كانن كه  داگیركه‌رانی كوردستان له  داگیركردنی ئه‌م وڵاته
ده‌ست هه‌ڵناگرن و ته‌نانه‌ت خوێنی نه‌ته‌وه‌ی خۆشیانی بۆ ده‌ڕێژن و
خه‌رجێكی یه‌كجار زۆری بۆ ده‌كه‌ن. داگیركه‌رانی كوردستان باش ده‌زانن پاش
ئه‌و هه‌موو شه‌ڕ و كوشتار و خه‌رجه‌ی ده‌یكه‌ن له  ئاكام دا سودێكی  یه‌كجار
زۆرتر له  به‌رهه‌مه‌كانی خاكی كوردستان وه‌ده‌گرن. ئه‌گه‌ر داگیركه‌رانی
كوردستان، كوردستانیان نه‌مێنێت بێشك له  ماوه‌یه‌كی كه‌م دا حكوومه‌ته‌كانیان
توشی قه‌یرانێكی ئابوری و قاتی ساڵی دێن.

هه‌ر بۆیه‌شه  كه  داگیركه‌ران نه‌یان هێشتوه  زانست و ته‌كنۆلۆژیا له  كوردستان
دا پێش بكه‌وێت، ته‌نانه‌ت له  هه‌موو لایه‌كه‌وه  و به  هه‌موو جۆرێك له
پێشكه‌وتنی گه‌لی كورد ڕێگه  ده‌گرن.

## 3.2- چياكانى هه ره  مه زنى كوردستان

كوردستان چياى زۆر به رزى هه يه  كه  له  به رزايى 500 مه تر له  سه ر ئاستى ده ريا (زه ريا) وه  ده ست پىٚ ده كه ن و به ره به ره  زياد ده كه ن  تا ده گه نه 5000 مه تر.

به شێك له چياكانى به رزى كوردستان ئه مانه ن:

ئاگرى گه وره  (ئارارات) 5137 مه تر، دينار 4409 مه تر، كێوه زه رد (زه ردكوه ) 4221 مه تر، لوتكه ى ڕه شكۆ (ئولودۆروك) 4135 مه تر، بوزوى 4116 مه تر، سيپان 4058 مه تر، ئوشتران كێو 4050 مه تر، ئاگرى گچكه 3896 مه تر، مۆر 3807 مه تر، سامرى 3794 مه تر، قه ره داغ 3752 مه تر، باشته ق 3684 مه تر، سپيرين 3668 مه تر، ئه ندروك 3660 مه تر، گه رين 3645 مه تر، به رده ڕه ش 3608 مه تر، ده رده ڕه ش 3608 مه تر، سومبول 3607 مه تر، هه ڵگورد 3607 مه تر، سياه كێو 3578 مه تر، مورات باش ئالاٚداغ 3510 مه تر، قه نديل 3452 مه تر، شاهۆ 3390 مه تر، په ررۆ 3357 مه تر و هتد.

### 3.3- مەودای پلەی گەرمایی ساڵانە لە کوردستان

تێکڕای پلەی بەرزی گەرمایی 40 پلە لەسەر سفرەوەیە و تێکڕای پلەی نزمی سەرما 30 پلە لە ژێر سفرەوەیە. کوردستان چوار وەرزی ساڵی واتە بەهار، هاوین، پایز و زستانی هەیە کە هەریەکەی سێ مانگ دەخایەنێت.

### 3.4- سەرمایەی ئاو لە کوردستان

کوردستان لە ئاوی شیرن دا زۆر دەوڵەمەندە و بە سەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی ئاوی جیهان دەژمێردرێت. سامانی ئاوی ساڵانەی کوردستان بە هەزاران ملیۆن مەتری سێ گۆشە دادەنرێت. بەڵام بە داخەوە بەشێکی هەرە زۆری بە خۆڕایی دەڕوات و دەڕژێتە کەنداوی فارس و ئەسکەندەروون و دەریاچەکانی ورمێ و خەزەر و وانەوە.

ڕۆڵی ئاو لە جیهاندا ڕۆژ بەڕۆژ لە زۆر بوون دایە و پێشبینی کراوە کە لە پێشەڕۆژ دا ئاو زۆر لە نەوت گرانتر و گرنگتر دەبێت. هەر ئێستا پڕۆژەی گواستنەوەی ئاو لە باکوری کوردستانەوە بۆ ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهان لە ئارادایە.

مێژوو نیشانی داوە کە داگیر کەرانی کوردستان و هاو پە یمانە کانیان گە لی کوردیان بە بڵێسەی ئاگری نەوتی چاڵە کانی کوردستان سوتاندوە و خە ریکیشن کە لە پێشە ڕۆژ دا ئە و گە لە لە شە پۆلی ئاوە کانی وڵاتە کە ی دا بخنکێنن.

## 3.5- ڕوبارەکانی مە زنی کوردستان

ڕوبارەکانی هە رە مە زنی کوردستان، ڕوباری فورات و ڕوباری دیجلە ن. ڕوباری فورات کە درێژترین ڕوباری کوردستانە و درێژایە کە ی لە سە رچاوەکە یە وە تا لە گە ڵ ڕوباری دیجلە تێکە ڵاو دەبێتە وە 2800 کیلۆمە ترە. درێژای فورات لە ناو خاکی کوردستان دا نزیک بە 2170 کیلۆمە ترە. ڕوباری فورات لە چیاکانی باکوری کوردستانە وە سە رچاوە دەگرێت و لە تێکە ڵاوی ڕوبارەکانی قە رەسوو 46 کم و مورات 615 کم دوای ئە وەی کە لە ئاوبە ندی قە بان دەڕژێن پێک هاتوە.

ڕوباری دیجلە لە دەریاچە ی گولچوک لە باکوری کوردستانە وە سە رچاوە دەگرێت. درێژای ڕوباری دیجلە لە سە رچاوەکە یە وە تا لە گە ڵ ڕوباری

فورات تێکەڵاو دەبێت 1900 کم کە درێژایەکەشی لە ناو خاکی کوردستان دا نزیکەی 847 کم.

## 3.6- دارستانی کوردستان

دارستان و دار و دەوەن نزیکەی پازدەهەزار ملیۆن هیکتار لە زەوی کوردستان بە خۆیەوە دەگرێت. لەو دارانە لە سەدا شەست و پێنجیان لە خێزانی دارە بەڕوون، لە سەدا بیستیان لە خێزانی دارە بنەن، لە سەدا پێنجیان لە خێزانی دارە چەقالەن، ئەوەی تریشی لە داری جۆراو جۆری وەکو هەنجیر، توو، هەنار، چنار، سنەوبەر، ترش و ... پێک هاتوونە.

## 3.7- سەرژمێری دانیشتوانی کورردستان

سەرژمێری نەتەوەی کورد شتێکی زۆر ئاسان نیە، چونکە کورردستان وڵاتێکە کە لە لایەن چوار داگیر کەرەوە داگیر کراوە و هیچ کامێک لەو داگیر کەرانە لە بەر ئەوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان ناگونجێت، دان بە زۆری نەتەوەی کورد دانانێن و ژمارەیان زۆر بەکەمتر دەنوسن لە وەی کە هەیە.

بە گوێرەی ئەو سەرژمێریانەی کە تا ساڵی 2001 ی زاینی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کراون، ژمارەی نەتەوەی کورد بە 25 ملیۆن نوسراوە. بەلاّم بێگومان ژمارەی گەلی کورد زۆر لەوە زیاترە. چونکە بەشێک لە خەڵکی کوردستان نەیان وێراوە لە ترسی داگیرکەرانی کورردستان خۆیان بە کورد بنوسن، یان ئەوەی کە داگیر کەران بەزۆر بە تورک و عەرەب و فارسیان نوسیون. بەشێکی تریش لە ترسی ئەوەی کە پێیان نەڵێن تورکی شاخی و کێوی و یان وەک دوا کەوتو چاوییان لێ نەکەن، خۆیان بە کورد نەنوسیوە. بەشێک لە کوردەکان تەنانەت هیچ پێناسێکیان نیە تاکو سەرژمێری بکرێن.

لەو سەرژمێریانەی کە لە لایەن دەستگا کوردیەکانەوە کراون، دوا ژمارەی گەلی کورد لە نەورۆزی ساڵی 2001 زاینی دا بە 41 ملیۆن کەس لە قەڵەم دراوە. دیارە ئەم سەرژمێریە بە خەملاندن کراوە. چونکە ولاّتی کورردستان داگیر کراوە و گەلی کورد تەنانەت مافی ئەوەی نیە کە سەرژمێری خۆشی بکات. سەرژمێری کوردەکان لە سەرژمێریەکانی یەکیەتی ولاّتانی ئەوروپا دا لە ساڵی 2000 ی زاینی دا بە نزیکەی 30 ملیۆن کەس بەم جۆرە لە قەڵەم دراوە:

باكوری كوردستان و توركیه 14 ملیۆن كه س، ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان و ئێران 8 ملیۆن كه س، باشوری كوردستان و عێراق 4،5 ملیۆن كه س، باشوری بچوكی كوردستان و سوریه 1 ملیۆن كه س، كوردستانی سۆر و ولاتانی قه فقازیا و ڕوسیه 400 هه زار كه س، ئاڵمان 300 هه زار كه س، بریتانیا 100 هه زار كه س، فه ره نسه 60 هه زار كه س، لوبنان 50 هه زار كه س، هوڵه ند 40 هه زار كه س، ئاوستریا (نه مسا) 30 هه زار كه س، سوئیس 20 هه زار كه س،. سوئێد 20 هه زار كه س، ئیتالیا 15 هه زار كه س، دانمارك 13 هه زار كه س، یۆنان 12 هه زار كه س، بلژیك 10 هه زار كه س، نروێژ 10 هه زار كه س، قیبریس 4 هه زار كه س، فنلاند 2 هه زار كه س، ولاته یه كگرتوه كانی ئه مریكا 50 هه زار كه س،. ئوسترالیا 20 هه زار كه س، ولاتانی عه ره بی وه ک میسر، عه ره بستان، دوبه ی و كوه یت نزیكه ی 15 هه زار كه س، ئیسرائیل 100 هه زار كه س.

## 3.8- ڕێژه ی نه خوێنده واری له كوردستان

ئێستا ڕێژه ی نه خوێنده واری له كوردستان له ساڵی 2001 دا نزیک به له سه دا چل و چواره كه له هه موو ولاتانی ده ورو به ری خۆی زیاتره.

هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ژێر دەستە بوونی کوردستان و ئەوەی کە داگیرکەران بە ئەنقەست گرنگیان نەداوە بە خوێندەواری لەم ناوچەیە دا، چونکە نەیان ویستوە نەتەوەی کورد پێش بەکەوێت و ناسنامەی خۆی و مافە سەرەتایەکانی بناسێت. داگیرکەران دەیانەوێت کە کورد هەر لە نەخوێندەواری دا بێت و نەزان بێت، بۆ ئەوەی کە هەر لە ژێر دەستی ئەوان دا بمێنێتەوە.

تەنانەت خوێندن لە قوتابخانەکانی سەرەتایی لە هەموو جیهان دا بە زمانی زگماکیە (دایکیە)، بەلام لە زۆربەی چوارپارچەکەی کوردستان خوێندن بۆ قوتابیان هەر لە منداڵیەوە بە زمانی بێگانەیە. شایانی باسە کە تەنانەت بە زمانی بێگانەش هەموو کەس دەرفەتی خوێندنی پێ نادرێت. داگیرکەرانی کوردستان بە جێگای خوێندن و پێشکەوتن زۆرتر گرنگی دەدەن بە شەڕ و ئاڵۆزی ناوخۆی کوردستان و بە جێی تەکنۆلۆژیا و زانست هەر چەک و تانکَ و تۆپ و گوللە بۆ وێران کردنی کوردستان بەرهەم دێنن.

## 3.9- ڕووپێوی خاکی کوردستان

خاکی کوردستان 550 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە ، واتە بە قەدەرای خاکی وڵاتی فەرەنسە دەبێت. بەڵام بە داخەوە تەنیا لە 230 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی دا گەلی کورد دەژیت. سیاسەتی بە عەرب و تورک و فارس کردنی خەڵکی کوردستان و تواندنەوەی ئەو نەتەوەیە لە ڕێگەی ڕاگواستنی زۆرە ملیانەی و جێگیر کردنی خەڵکانی سەر بە نەتەوەکانی تر لە ناوچە و شارە گرنگەکانی کوردستان دا بۆ وێنە کەرکوک سیاسەتێکە کە ئیسرائیلی داگیرکەری فەلەستینیش لە داگیرکەرانی کوردستانەوە فێری بووە و بوەتە هۆی چۆڵ کردنی ئەو شوێنانە وەک هەوڵێک بۆ تواندنەوەی کورد و سڕینەوەی نەخشەی نیشتمانی کوردستان.

وڵاتی کوردستان لە 34پارێزگە و 216 شار پێک هاتوە، کە هەر وەکو ئاماژەمان پێ کرد لە هێندێک پارێزگاکانی کوردستان، داگیرکەران نەتەوەی کوردیان ڕاگواستوە و بە جێی ئەو نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارسیان بە کوتەک و بە پارە جێ نشین کردوە. دیارە ئەوە سیاسەت و پلانی داگیرکەرانە کە بەم شێوازە وڵاتێک کاول دەکەن و کەڵکی خۆیان لێ وەر دەگرن.

## 3.10- کشتوکاڵ

کوردستان لە بواری کشتوکاڵ دا دەوڵەمەندترین وڵاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە. هەموو جۆرە دانەوێڵەیەک وەکو گەنم، جۆ، برنج، نۆک، ماشە، نیسک، لوبیا و ... ی لێ بەرهەم دێت. لە میوە و سەوزیش دا زۆر دەوڵەمەندە و میوەی وەکو هەرمێ، سێو، ترێ، هەنار، قەیسی، ئاڵوباڵو و ... و سەوزی وەکو پیواز، تەماتە، سپیناغ، کەوەر، هاروێ و ... ی لێ شین دەبێت.

## 3.11- ئاژەڵ

کوردستان لە بواری ئاژەڵداری دا زۆر دەوڵەمەندە و زۆربەی ئاژەڵەکان وەک یەکسم (ئەسپ، گوێدرێژ، ئێستر و ...) و ماڵات ( مەڕ، بزن، مانگا، گامێش، وشتر و...) دەتوانن تێی دا بژین.

کوردستان پەلەوەریشی زۆرە وەکو مریشک، کەڵەشێر، مراوی، قاز، قەل، کۆتر و چوێلەکە و هتد.

## 3.12- چاڵە نەوتەکانی کوردستان

کوردستان لە بواری نەوتیشەوە یەکێک لە وڵاتانی دەوڵەمەندی جیهانە و تا ئێستا دەیان چاڵی نەوتی تێدا لێدراوە کە ناو و شوێنی ئەم چاڵە نەوتانە بەم جۆرەن:

چاڵی ڕامانش لە نزیک شاری باتمانە لە باکوری کوردستان کە لە ساڵی 1954 وە حکومەتی تورکیە نەوتی لێ دەردەخا و دەیدزێت و بە وڵاتانی ڕۆژئاوای دەفرۆشێت.

چاڵی سێرت لە نزیک شاری دیاربەکر لە باکوری کوردستانە

چاڵی قەرەشوک لە قەزای مالکیەیە لە باکوری کوردستانە

چاڵی سۆری لە باشوری چاڵە نەوتی قەرەشوک هەڵکەوتووە

چاڵی ڕۆمیلان لە نزیک چاڵی سۆریە

چاڵی حەینزالە لە باکوری ڕۆژئاوای شاری موسڵەوە هەڵ کەوتووە

چاڵی بێتمە لە نزیک شاری موسڵە

چاڵی باباگوڕگوڕ لە نزیک شاری کەرکوکە کە تا ئێستا 150 بیری نەوتی تێدا لێ دراوە

چاڵی بای حەسەن لە باکوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوکە

چاڵی زەنبوور لە باشوری ڕۆژهەلاتی کەرکوکە

چاڵی نەوتخانە لە باشوری شاری خانەقینە

چاڵی شێوەشۆک لە شارۆچکەی تەقتەقی سەر بە پارێزگەی هەولێرە

چاڵی ئاغا جارِی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە کە حکوومەتی ئێران بە بن زەوی دا بە لولە دەیدزێ و لە پاڵێوگەی ئابادان دەری دەخات کە بەرهەمی ڕۆژانەی زیاتر لە 100 هەزار بۆشکەیە

چاڵی پازنان لە سەر ڕێگەی نێوان شارەکانی بەهبەهان و ئاغا جاری دایە

چاڵی گەچساران کە لە شاری گەچسارانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەلکەوتووە

چاڵی مەسجید سولەیمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە

چاڵی نەوتی سپی لە باکوری ڕۆژئاوای شاری هەفتکۆل لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە

چاڵی نەوتی شا دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای دامێنی چیای زاگرۆس و لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە

چاڵی هەفتکۆل لە باشوری ڕۆژهەلاتی مەسجید سولەیمانە

چاڵەکانی ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی کە لە و سالانەی دوای دا دۆزراونەتەوە .

دیارە جگە لەم هەموو چاڵە نەوتە لێدراوە ناوبراوانەی سەرەوە بە سەدان چاڵە نەوتی دەرنەخراویش هەن کە بە داخەوە سود و قازانجیان دەڕژێتە کیسەی داگیرکەرانی چاوچنۆکی کوردستانەوە. بە داخەوە تەنانەت بە دراوی ئەو نەوتە دوژمنانی کورد چەک و تەقەمەنی دەکڕن کە بۆ کوشتنی ئەم گەلە و کاول کردنی نیشتمانەکەی بە کاری دێنن. ئەگەر لە سەدا پەنجای سودی ئەم نەوتە بۆ گەلی کورد بە کار هێندرابا ئەوە کوردستان دەیتوانی بەرانبەر بە وڵاتانی دەڵەمند و تەکنۆلۆژیای جیهانی ئیمرۆ خۆی هەڵ بسەنگێنێت.

## 3.13- کان

لە کوردستان بە سەدان کانی (مەعدەنی) جۆراوجۆر هەن کە داگیرکەران لە هەر چوارلاوە خەریکی دەرخستن و دزینی بەرهەمەکانیانن، بۆ وێنە کانەکانی مەڕمەڕ، ئاسن، زەڕینج، کرۆم، مەنگەنیز، گوگرد، ڕەساس، فوسفات، مس، یورانیۆم، زێڕ، زیو، ئالماس و هتد.

## 3.14- نەتەوەی کورد

نەتەوەی کورد بە کرمانج، سۆران، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران، زازا و هەورامی دەگوترێ. واتە ئەوانە هەموویان کوردن، ئەگەر چی زاراوەکانی کوردی بە هۆی پێش گرتنی داگیر کەران لە خوێندن و پێشخستنی زمانی کوردی و لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکان، بە داخەوە زۆر لێک دوور کەوتونەتەوە. دیارە لە ناو زۆربەی نەتەوەکان دا زاراوەی جۆراوجۆر هەن کە لە یەکتر تێ ناگەن بەلام زمانی خوێندن و زانستیان زمانێکی یەکگرتوە. لە ناو زۆر نەتەوەش دا پسپۆرانی زمان زان کۆبونەتەوە و زمانێکی یەکگرتوی نەتەوەیان پێک هێناوە. ئەو کارە بۆ کوردیش زۆر دەگونجێت و دەکرێت لە پێشە ڕۆژ دا کە سەر بە خۆیی ولاتی گرتە دەست، ئەو کاتە زمانێکی یەکگرتوی کوردی بۆ خوێندن و نوسین بە کار بهێندرێت.

بۆ شێوازی نوسین چونکە شێوازی لاتینی ناونەتەوەیی ترە و لەگەڵ ژیانی سەردەم دا گونجاو ترە بۆیە باشترە کە لە پێشەڕۆژ دا پیتی لاتینی واتە شێوازی کرمانجی بە کار بهێندرێت. لە لایەکی تریشەوە بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کورد بە کرمانجی دەدوێت و زاراوەی سەرەکی کوردیە. ئەگەر بە هەڵبژاردنیش بێت ئەوە کرمانجەکان دەیبەنەوە، هەر بۆیە وا باشە کە کورد لە ئێستاوە خۆی بۆ پیتی لاتینی ئامادە بکات. کورد بە شێوازی پیتی

لاتینی دەتوانێت خۆی زیاتر لە گەڵ گەلە پێشکەوتوخوزەکانی جیهان نزیک بکاتەوە، چونکە زانستی جیهانیش زیاتر بە لاتین نوسراوەتەوە تا بە عەرەبی.

لە کوردستان دا نەتەوەی ئاسوری و سوریانیش دەژین کە ئەوانیش خۆیان بە کوردستانی دەزانن و لە سەدا دووی دانیشتوانی کوردستان پێک دێنن.

## بەشی چوارەم

## 4- ئایینەکانی کوردستان

### 4.1- زەردوشت

ئایینی زەردوشتی لە کوردستان بە کۆنترین ئایینی نەتەوەی کورد دەناسرێت و سەرەتای پەیدابوونی بۆ 2000 ساڵ پێش ئایینی مەسیح دەگەڕێتەوە، واتە 4005 ساڵ پێش ئەمڕۆ. (ئێستا کە ساڵی 2005 زایینییە).

زەردوشت لە ناوچەی ورمێ لە شارێک کە ئەو کات ناوی ڕەقها بووە لە دایک بووە. ناوی بنەماڵەکەی سپی تاما بووە کە لە زمانی کوردی ئەو کات دا سپی تاما مانای تەواو سپی، تەواو ڕاستی، تەواو دروستی داوە. ئەو بنەماڵەیە ناوی کوڕەکەیان ناوە ئاشۆ زەردوشترا سپی تاما. وشەی ئاشۆ لە ئاشتیەوە هاتوە.

زەردوشت هەر لە منداڵیەوە زۆر تێگەیشتو بووە و لە تەمەنی 30 ساڵیەوە خۆی لە خەڵک دوور خستۆتەوە و خەریکی خۆپێگەیاندن و فێر بوون بووە. بە بیر کردنەوە و بە شکنجەی دەروونی خۆی، دەرسی بە خۆی داوە کە دەبێ ژیانی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی چۆن بێت و چۆن بەڕێوەی بەرێت.

زەردوشت لە تەمەنی 40 ساڵی دا لە گوێی کەناری ڕوباری دایئی پا کە بە ئاوی ئاراس دادەنرێت، خەڵکی بۆ سەر ئایینەکەی خۆی بانگ کردوە و موژدەی ئاهورامەزدایی بۆ گەلی مەدیا وەکو گاتا هێناوە. دوای ئەوەی کە خەڵک بڕوایان پێ هێناوە ناوبانگی دەر کردوە. لەو کات دا گەلی مەدیا (کورد) و پاشان گەلی پارسیش (فارس) باوەڕیان بە ئایینی زەردوشتی هێناوە. هەر بۆیە کە لە کاتی زەردوشت دا گەلانی کورد و فارس دۆستایەتیان هەبووە و زۆر تێکەڵاوی یەکتر بوونە.

زەردوشت لە ناوچەکانی کوردستان و ئێران دا ئایینەکەی خۆی بڵاو کردۆتەوە و ئینجا بۆ ناساندنی زیاتری ئایینەکەی ڕوی لە وڵاتی گشتاسب (یشتاسب) کردوە. پاشای گشتاسب ئایینی زەردوشتی قبوڵ کردوە. زەردوشت بەم شێوەیە لە سەر ناساندنی ئایینەکەی خۆی بەر دەوام بووە تاکو لە شەڕی نێوان ئەرجاسب پاشای وڵاتی تۆران و گشتاسب دا بەشداری کرد و لەم شەڕ دا بە دەستی ئەرجاسبی سەر دەستەی لەشکری نەتەوەی هیون و پاشای وڵاتی توران کوژراوە. زەردوشت دوای 37 ساڵ تێکۆشان بۆ بڵاو کردنەوە و ناساندنی ئایینەکەی لە تەمەنی 77 ساڵی دا کوژراوە و کۆتایی بە تەمەنی هێنراوە.

بە گوێرەی ئایینی زەردوشتی، جیهان دەبێ لە ڕوناکی و تاریکی پێک هاتبێ. ئەو دوو هێزانە بە بەردەوامی لە گەڵ یەکتر لە شەڕدان و جیهانیان لە نێوان خۆیان دا دابەش کردوە. سەرکردەکەی بەشی یەکەمیان ئاهۆرامزدایە کە بە دەست ڕوناکیەوەیە. بەشی دووەمیان ئەهریمەن پێشڕەوای دەکات کە لە ژێر دەسەڵاتی تاریکی دایە. ئاهورامزدا حەوت فریشتەی هەیە و ئەهریمەنیش تەنیا سێ فریشتە.

گیان لە ئایینی زەردوشتی دا لە ناو ناچێ و دوای مردن بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکات. ئینجا بەرەو ڕووی دادگا و لێپرسینەوە دەبێتەوە و لە بەر دەم سێ قازی دا دادگایی دەکرێت. لەم دادگایە دا چاکە و خراپەی مرۆڤ دەخرێتە تەرازووەوە و بڕیاری لە سەر دەدرێ. ئەگەر چاکەکانی مرۆڤ زیاتربن، ئەوە ڕوحی ئەوکەسە لە ڕوناکی و خۆشی دا دادەمێنێتەوە. ئەگەر خراپەی زیاتربن، ئەوە ڕوحی ئەو کەسە لە تاریکی و ناخۆشی دا دەمێنێتەوە. ئەگەر چاکە و خراپەی کەسێک وەکو یەک بن، ئەوە ڕوحی ئەو کەسە خۆشی و ناخۆشی دەبینێت.

لە ئایینی زەردوشتی دا بۆ ئەوەی گیان بە بەرزترین پلە و پایە بگات، دەبێ بە قۆناغی بیری چاک و وتەی چاک و کردەوەی چاک دا تێپەڕ ببێت.

شایانی باسە کە ئایینی هەموو نەتەوەی کورد لە سەرەتا دا زەردوشتی بووە بەڵام دوای داگیر کردنی کوردستان لە لایەن عەرەبەکانەوە، موسڵمانە عەرەبەکان بە شەڕ و کوتەک ئایینی خۆیان بە سەر نەتەوەی کورد دا داسەپاندوە.

هەر بۆیە کە ئێستا تەنیا لە سەدا یەکی نەتەوەی کورد زەردوشت ماون.

پەڕتوکی ئایینی زەردوشتیەکان ناوی ئاوێستایە، کە بە زمانی ئاوێستایی واتە زمانی کوردی ئەو کات کە لۆلۆیەکان قسەیان پێکردوە نوسراوە.

نوسراوەکانی ئاوێستا وەکو گاتا ناویان نراوە. گاتا لە وشەی گوتنەوە هاتوە، واتە گاتا کانی زەردوشت یانی گوتنەکانی زەردوشت.

ئەوەی کە لە ئایینی زەردوشتی دا گرنگە ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ هیچ شتێک سنور دار نەکراوە. لە چوارچێوەیەک دا نەبەستراوەتەوە و دەست و پێی بەند نەکراوە. زەردوشت ڕێگای پێشکەوتنی لە خەڵک نەگرتوە و ڕێنوێنی هیوا بەخشی بە باوەڕ پێکراوەکانی داوە.

پەڕتوکی ئایینی ئاوێستا هەرگیز باس ناکات کە چ بخۆ یا چ مەخۆ، چ دەبەر کە یا چ دەبەر مەکە و چ دروست بکە یا چ دروست مەکە.

کۆنترین بەنای ئاینی زەردوشتیەکان تەپکێکە بە ناوی تەپکی نەوشی گیان (نوشی جان تەپە) کە دەکەوێتە 60 کیلۆمەتری باشوری شاری هەمەدان و 20 کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شاری مەلایر. درێژایی ئەم تەپکە 80 مەتر و پانایی 30 مەتر و بڵێندایشی 37 مەتر دەبێت. ئەو بەنایە گرنگترین و کۆنترین بەنایەکە کە بە دەستی مەدیاکان (کوردەکان) دروست کراوە.

تەپکێکی تریش هەیە بە ناوی تەپکی بابە گیان (بابا جان) کە لە سەد کیلۆمەتری باشوری ڕۆژئاوای تەپکی نەوشی گیان هەڵکەوتوە. لە هەر دووک بەنایەکە دا بە دەیان شوێنی ئاگر کردنەوە دروست کراوە. چونکە ئاگر لە ئاینی زەردوشتی دا سونبولی پیرۆزی و جوانیە.



زردوشت

## 4.2- ئایینی جو

موسا پێغەمبەر لە چەرخی 14 ی پێش زاینەوە لە نێو خەڵکی شاری ئورشەلیم دەستی بە بڵاو کردنەوەی ئایینی جو کرد.

پاشان ئەبو خودنەسەر لە ساڵی 587 زاینیەوە، ژمارەیەک لە جولەکەکانی ئورشەلیمی بە دیل گرت و هەمووشیانی هێناوە بۆ بابل لەوێشەوە ژمارەیەک لەو جولەکانە هاتونەتە کوردستان و تێکەڵاوی ژیانی خەڵکی ناوچەکە بوونە. پاش دروست بوونی حکوومەتی ئیسرائیل بەشێکی زۆر لەو جولەکانەی کە لە کوردستان دەژیان و لە وێ لە دایک بو بوون، گەڕانەوە ئیسرائیل. گۆیا ئێستا نزیکەی سەد هەزار کوردی جولەکە هەن کە لە ئیسرائیل دەژین. بەشێکیان خۆیان بە کورد دەزانن و وڵاتی کوردستانیش بە وڵاتی خۆیان. ئەم کوردە جولەکانە بە داخەوە لە کردەوە دا تا ئێستا شتێکی گرنگیان بۆ کوردستان نەکردوە. شایانی باسە کە پەڕتوکی ئایینی جولەکەکان ناوی تەوڕاتە.

## 4.3- دیانەکان (مەسیحیەکان)

پێغەمبەر عیسای کوڕی مریەم 2005 ساڵ پێش ئەمڕۆ لە شاری بەیتوللەحم لە دایک بووە و لەسەر بڵاوکرنەوەی ئایینەکەی لە تەمەنی 33 ساڵی دا لە خاچ دراوە.

ئایینی مەسیحی لە ڕێگای خێڵی حەوارییەکانەوە لە کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە. بۆ وێنە لە شاری ڕوحا و شاری دیانان کە نێوەکەشیان لە ئایینکەوە هاتوە، ئەو ئایینە بڵاو بۆتەوە ولا یەنگری پەیدا کردوە.

پەڕتوکی مەسیحیەکان ناوی ئینجیلە کە لە زمانی کوردی دا واتای مزگێنی دەدات. نزیکەی 20 لە سەدی دانیشتوانی کوردستان مەسیحین. ئاسوری و سوریانەکانیش بەشێکن لە مەسیحیەکانی کوردستان.

## 4.4- ئیسلام

پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی شەشەم و حەوتەمی زاینی واتە ساڵی 593 تا 637 ی زاینی. ئەو کاتە سەرکردەی عەرەبەکان حەزرەتی محەممەد بۆ بازرگانی زیاتر پێویستی بە زێڕ و زێوی کوردستان بوو. ناو براو هێندێک بیری لێ کردەوە کە بە چ

بەهانەیەک و چۆن هێرش بکاتە سەر کوردستان. سەرەنجام بڕیاری دا و بە عەرەبەکانی تری گوت کە لە لایەن خواوە سوڕەی ئەنفالی بۆ هاتۆتە خوارێ کە لەم سوڕە دا خوا دەفەرموێ: " ئەی موسوڵمانانی عەرەب، هێرش بەرنە سەر فەرعونیەکان و کافرەکان و هەموویان بکوژن و سامانەکە و ژنەکانیشیان بۆ خۆتان بە غارەت و کەنیزە بگرن". بەم شێوەیە سوپای داگیرکەری عەرەب بۆ یەکەم جار هێرش دەکاتە سەر کوردستان و کوردەکانی ئەو سەردەم دەکوژن و وڵاتەکەشیان خاپوور دەکەن.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە حەزرەتی سەددام حوسێنیش هەمان سوڕەی ئەنفالی لە ساڵی 1988 دا لە لایەن خواوە بۆ هاتە خوارەوە و لە باشوری کوردستان زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار (182000) کوردی زیندە بە چاڵ کرد و سامانەکەشیانی بە تاڵان بۆ خۆی برد و لەوانەش دە هەزار کچی گەنجی جوانیشی بۆ سوکایەتی پێکردن وەک کەنیزە بۆ خۆی برد.

لە مێژووی کوردستان دا بە هەزاران شۆڕشگێڕی کورد هەبوونە کە شۆڕشگێڕانە لە دژی سوپای داگیرکەری عەرەب دا شەڕیان کردوە و سەربەرزانەش بۆ خاک و نیشتمانی کوردستان سەریان ناوەتەوە.

گەلی کوردستان بە خۆشی خۆی نەبووە کە ئایینی ئیسلام قبوڵ بکات یا خود نا، بەڵکو بە زەبری کوتەک و شەڕ و خوێن ڕشتن و قەتڵ و ترۆری کوردەکان بە دەستی عەرەبە داگیرکەرەکانی موسوڵمان بووە.

عەرەبەکان بۆ ئەوەی سەرمایە و دارایی کوردستان بە تاڵان بەرن هێرشیان کردە سەر کوردستان و قەتڵ و عامێکی زۆریان کرد و خەڵکێکی زۆری کوردیان کوشت و لە چاڵی زۆر گەورە دا بن زەویان کردن و کەڵەکیان لە سەر دروست کردن و کەڵەکەکانیان ناو نان کەڵەکی گاوران. بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی کوردستانیان بە دیل گرتن و بە نێوی کافر و گاور بەردبارانیان کردن و کەڵەکی گاوریان لە سەر تەرمەکەیان دروست کردن. واتە ئەو کەڵەکە گاورانەی کە ئەمڕۆش لە کوردستان هەن، گۆڕی شەهیدانی کوردی شۆڕشگێڕن کە لە بەرانبەر داگیرکەری عەرەب دا خۆیان بە دەستەوە نەداوە. ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوەیە کە ئەمڕۆش کاتێک کە ڕێبوارێکی موسوڵمانی ساوێلکەی کورد بە نزیک ئەو کەڵەکانە دا تێپەڕ دەبێت وەک ئەرکێکی ئایینی سێ بەردیان داوێتە سەر، چونکە پێی وایە کە ئەوانەی ژێر کەڵەکەکە، گاور و خرابکار بوونە.

بەڵام دەبێ کوردستانیان باش بزانن کە ئەو گاورانە شەرافەتمەندترین و شۆڕشگێڕترین کوردەکانی مێژووی ئەوسای کوردستان بوونە ، کە لە دژی داگیرکەری فاشیستی موسوڵمانی عەرەب دا شەڕیان کردوە و تەسلیم نەبوونە و شەهید کراون، بەڵام بە داخەوە ئێستاش بەشێکی زۆری کوردەکان ئەم ڕاستیانە بە باشی نازانن.

ئەو عەرەبانەی کە لە کاتی داگیرکردنی کوردستان لە شەڕ دا بە دەستی کوردەکان کوژراون، لە کوردستانیان ناشتونە و شاڵیان لە سەر هەڵداون و ناویان لێ ناون ئەسحابە و بە زۆری کردویانن بە زیارەتگا و مەرقەد بۆ کوردەکان. لە ڕاستی دا ئەو ئەسحابانە دوژمنانی باب و باپیرانمان بوونە و خوێنی نەتەوەی کوردیان لە سەر خاکی کوردستان ڕشتوە.

پێویستە کوردستانیان کەڵەکی بە ناو گاورەکان بکەنە زیارەتگا و قیبلەی خۆیان و زۆر خۆشیان کەن و هەر کەسێک کە چوو بۆ زیارەتیان سێ گوڵیان لە سەر شین بکات.

چونکە هۆی سەرەکی بەدبەختی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد کە پێش نەکەوتوین و وەک هەموو گەلەکانی تری جیهان نەبووینەتە خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ ئەوەیە کە عەرەبەکان کاتی خۆی واتە 1412 ساڵ پێش (ئێستا کە ساڵی

2005 ی زاینیه ) وڵاتی ئێمەیان داگیر کردوە و ئێمەیان بە سەر چەند شێخ و سەرۆک خێڵ دا دابەش دابەش کرد کە ئێستاش هەر لە دەستی ئەم دواکەوتویە دەناڵین. هەر بۆیە داگیرکەران توانیویانە بە سەرمان دا زاڵ بن و بمان چەوسێننەوە و هەر چی دارایی کوردستانە بیدزن و بۆ خۆیانی بکێشنەوە.

ئەگەرچی ئەمڕۆ بەشێکی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە زۆریش بێت بوونەتە موسوڵمان، بەڵام ئێستاش هیچ داراییەکی کوردستان نادرێتە دەستیان. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لە لایەکەوە داگیرکەران ناهێڵن کورد خۆیی و مێژووی وڵاتەکەی بە باشی و بە دروستی بناسێت و پێش بکەوێت، لە لایەکی تریشەوە کورد خۆی یەکگرتو نیە و نازانێت کە بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆی لە چی دایە. داگیرکەران زۆربەی گەلی کوردیان بەم شێوەیە لە دەریای ئایین دا گێژ کردوە و ویستی گەلی کوردیان ئەوەندە دابەزاندوە کە کوردان لە هەموو شتێک زیاتر بە کێشەی ئایینی سەرگەرم بن و داخوازی تریان نەبێت.

کوردستان ئەگەر لە ئاشتی دا بێت ئەوە بەهەشتی سەر جیهانە، بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ قازانج و خۆشیەکەی بۆ داگیرکەرانە و بەشی زۆربەی گەلی

کوردی بەستە زمانیش ئایینی ئیسلام و سەر دانواندن بە هیوای بە هەشتێکی نەدیارە.

سەرچاوەی ئەم بەدبەختیانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە هۆی لە پاش بوون و هەژار بوونی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە وڵاتەکەمان بۆ جاری یەکەم لە لایەن عەرەبەکانی موسوڵمان داگیر کرا و هەر ئەو عەرەبانەش بە زۆر ئایینی خۆیان بە سەر نەتەوەی کورد دا داسەپاند.

سوپای عەرەبەکان بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە کوردستان دا مایەوە تا کو بنکەی خۆی بە تەواوی لەم وڵاتەدا کردەوە. عەرەبەکان بە زۆری کوتەکیش بێت هێندێک جاش و جاسوسی خۆیان پەیدا کرد و ناویان نان سەیدی ئەولادی پێغەمبەر (کورد مەبە و عەرەب بە) و شێخ (سەرۆک جاشی ئەمڕۆ) نۆکەری شێخەکانیش نێویان نان دەروێش و سۆفی (سیخوڕەکان و جاسوسەکانی ئەمڕۆ).

شێخ و سەیدەکان تەنیا کاریان دەکرد بۆ عەرەبەکان و هەموو سامان و دارایی کوردستانیان کۆ دەکردوە و دە دەستی عەرەبەکانیان دەکرد.

کاتێک کە سوپای عەرەبەکان لە کوردستان بنکەی خۆی کردەوە و نیازیان بە لە کوردستان بوون نەما، هێندێک بەشەکانی کوردستانی بەجێ هێشت و

بەم شێوەیە شێخ و سەیدەکان بوون بە نۆکەر و داردەستی عەرەبە داگیرکەرەکانی کوردستان.

شایانی باسە کە وشەی ئیسلام یانی تەسلیم بوون، خۆبەدەستەوەدان و سەرشۆڕکردن. واتە عەرەبەکان داوایان لەنەتەوەکانی تر کردوە کە لە بەرانبەریان دا سەرشۆڕبکەن و هەرکەس سەری شۆڕ نەکردبێت، ئەوە کوشتویانە. لە ناو ئایینی ئیسلام دا ئەو بیر و ڕا جۆراوجۆرانەی خوارەوە هەن کە هەریەک لەوان خۆی پێ لەوەی تر باشترە و ئەوەی تر قبوڵ ناکات:

شافعی، حەنەفی، حەنبەلی، مالکی، ڕێبازی قادری، ڕێبازی نەقشبەندی، ڕێبازی حەققە، ڕێبازی ڕەفاعی، بەکتاشی، عەلی ئیلاهی، کاکەیی، شەبەک، قەڵەم حاجی، بەوەریەکان، عەلەوی و ئیسنا عەشەری.

لە گەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئایینێک بەلام ئەوانە تەنیا ڕاستی مێژوویی کوردستانن و نوسینی ڕاستیەکانیش زۆر گرنگە بە لای منەوە. هەر وەک پێشینیان گوتویانە: "قسەی هەق ڕەقە" جا بۆیە ئەم ڕاستیانەش بێگومان دڵی هێندێک کەس لە ترسان وە خورپە دێنن.

## 4.5- یەزیدی

ئایینی یەزیدی یەکێک لە ئایینەکانی تری گەلی کوردە. یەزیدیەکان بە کوردی دەدوێن و کوردی زمانی ئایینی ئەوانە و بڕواشیان وایە کە خوایەکەشیان بە کوردی دەدوێت. یەزیدیەکان هەمان کوردەکانی زەدوشتی ئایینن کە ئایینەکەی خۆیان بە هێندێک گوڕانکاری و بە ناوی یەزیدیەوە لە هێرش و قەتڵ و عامی موسوڵمانان پاراستوە.

یەزیدیەکان باوەڕیان بە یەک خوایە کە ناوی یەزدانە و بە دروست کەری ئەم گەردونە و حەوت فریشتە و ئادەمی دادەنێن، کە گەورەی فریشتەکان ناوی مەلەکە تاوسە. یەزیدیەکان بڕوایان وایە کە دوای مردن گیان لە بەر دەمی دادگایەکی ڕاست دا کە لە حەوت دادگەر پێک هاتوە دادگایی دەکرێت. ئەو کەسانەی شەڕیان لە خێر زیاترە دەکەونە تاریکیەوە.ئەو کەسانەی خێر و شەڕیان بەرانبەرە ئەوە دەیان خەنە شوێنێک بە ناوی زینەخ کە لە وێ دا خۆشی و ناخۆشی دەبینن. ئەوانەش کە خێریان زۆرترە دەچنە بەهەشتەوە.



قیبله ی یه زیدیه کان لالشه که له نزیک شاری موسڵی باشوری کوردستان هه ڵکه وتوه .

یه زیدیه کان له یه که م ڕۆژی مانگی ئۆکتۆبر دا ده چن بۆ لالش که له وێ گۆڕی پیر عوده زیاره ت بکه ن.

## 4.6 کەشتی نەوح(نۆوح)

لە زۆربەی پەڕتووکەکانی ئایینی دا باس لە کەشتیەکەی نەوح دا دەکرێت. نەوح کەسێک بووە کە داوای لە خەڵکانی ئەوسەردەم کردوە کە لە گەندەڵکاری واز بێنن، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە لە ئاشتی و تەبایی دا بێت و هەموو مرۆڤەکان وەک یەک بە ئاسودەی ژیان بەرنەسەر.
نەوح کە لە خەباتەکی دا سەرناکەوێت بۆ ئەوەی کە نەتەوەکی لە خەراپکار بسڕێتەوە، کەشتیەکی گەورە دروست دەکات و باوەڕپێکراوانی خۆی و لە هەر ئاژەڵێک نێر و مێیەک دەخاتە ناو ئەو کەشتییە. پاشان داوا لەخوا دەکات کە سێلاویکی جیهانی هەستێنیت کە هەموو گەندەڵکارەکان تێیدا بخنکێن. ئەو کشتیەی بۆماوەکی زۆر لە ناو ئاو دادەبێت و پاشان لەسەر چیای جوودی هەلکەوتوو لە باکوری کوردستان دا خۆدەگریتوە. بەم جۆرە خەڵکان لە دەست خەراپکاران ڕزگاریان دەبێت.
بەگوێرەی لێکۆلەرانی پسپۆڕ کەشتیەکەی نەوح کە دوزراوەتەوە، درێژایەکەی 170 و پانایەکەی 45 مەترە . زەویناسان مێژوویی ئەم کەشتیە دەگەڕێنەوە بۆ 100000 (سەد هەزار) ساڵ پێش.

گڵکۆی نەوح لە شاری جەزیری باکوری کوردستانە کە لە دامێنی چیای جوودیە. ئەگەر ئەم گڵکۆیە لە هەرشوێنکی جیهان بوایە، دەبوو بە گەورەترین پیرۆزگا بۆ هەموو خەڵکانی جیهان. بەڵام بەداخەوە داگیرکەرانی کوردستان نەیان هێشتەوە و نایان هەوێت کە شارێک لە

کوردستان ببێتە پیرۆزگایەکی گەررەتر لە مەککە و کەربەلا و ئورشەلیم. نەشیان توانیەوە کە چیای جوودی یان گڵکۆی نەوح بگوێزنەوە بۆ ناو وڵاتی خۆیان، دەنا دەیان کرد.



چیای جوودی ( شوێنی جێگیر بوونی کەشتی نەوح )



کەشتی نەوح

بەشی پێنجەم

## 5- چۆنیەتی داگیرکردنی کوردستان

کوردستان بۆ جاری یەکەم لە لایەن عەرەبەکانی دیکتاتۆری سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلام و بە بەهانەی هێنانی ئەم ئایینە و بە بڕیاری سەرکردەی عەرەبەکان حەزرەتی محەممەد و پاشان حەزرەتی عومەر داگیر کرا.

خراپکاری عەرەبەکانی ئەو سەردەم ئێستاش لە سەر نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان هەر ماوە و نەشۆردراوەتەوە. دوای عەرەبەکان ئیمپڕاتۆری عوسمانی (تورکەکان) و ئیمپڕاتۆری سەفەوی (فارسەکان) کە هەستیان بە دەوڵەمەند بوونی کوردستان کرد هاتن و بەشی خۆیان گرت و برد. ئەم ئیمپڕاتۆرانە حکوومەتی خۆیان لە کوردستان کردەوە و بەم شێوەیە داگیریان کرد. تا ساڵی 1639 کە بۆ یەکەم جار ئیمپراتۆرەکانی عوسمانی و سەفەوی لە شاری قەسری شیرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ بوونەوە و لە پەیمانێک دا کوردستانیان بە فەرمی کردە دوو پارچە. واتە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابەشی سەفەویەکان و بەشەکەی تری دابەشی عوسمانیەکان کرا. پاش

ڕوخانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی ئەو بەشەش لە 1923/7/24 ی زاینی لە شاری لۆزانی وڵاتی سوئیس دا بە سەر سێ وڵاتی تورکیە ، عێراق و سوریە دا دابەش کرا.

لە لایەکی تریش داگیرکەران فێڵیان لە کورد کرد و گوتیان ئێمە هەموو موسوڵمانین و جیاوازیمان نیە و بە یەکەوە دەژین. کوردستان پاش ئەو دابەش کردنانە بوو بە وڵاتی شەڕ و خوێن ڕشتن و وڵاتی بێ ناو و نەناسراو لە ناو جیهان دا.

## بەشی شەشەم

### 6- پێشکە و توخوازی و شارستانیەتی کوردستان

پێشکەوتن و شارستانیەت لە ناو گەلی کورد دا زۆر گرنگی پێنەدراوە کە گەلی کوردیش وەک گەلەکانی تری جیهان خاوەنی بوونی پێش کەوتن و زانست بێت. هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە گەلی کورد لەلایەن نەیارانیەوە رێگای پێشکەوتن و خۆپێگەیاندنی لێگیراوە. بۆیە کە گەلی کورد لە بواری ئابووری، سیاسی، فەلسەفی، کولتوری و کۆمەلاتیەوە وەک پێویستە پێش نەکەوتووە.

هەرکوردێک یان کوردانێک هەوڵیان دابێت کە لەبوارێک دا خۆیان یان کۆمەڵگای کوردەواری پێش بخەن، ئەوە ڕاستەو خۆ لەلایەن نەیارانی کۆنەپەرست و داگیر کەری کوردستانەوە سەرکوت کراون. جا یان دەست بەجێ بریاری کوشتنیان داون یان بۆ هەتا هەتایە بێسەرو شوێنیان کردون، یا خود بە پلانێکی چەپەڵ خستویاننە تە ناو بەندیخانەوە.

وێنەی ئەم شۆڕشگێڕانە و ئەم پێش کەوتوخوازانە یەکجار زۆرن کەلە نوسین نایەن، بەلام بۆ وێنە ئاماژە دەکەین بەچەند کەسایەتی و پێشەوای

کورستان کە لە ماوەی سەدەی ڕابردوو دا بۆ ستاندنی مافی گەلەکەیان خەباتیان کردوە بە لام بوونەتە قوربانی سیاسەتی نەیارانیان:

1- شێخ سەعیدی پیران لە ناوچەی پیرانی سەربە ئامەد کە ویستی گۆڕانکاریەک و پێشکەوتنێک لە ناوچەکە بۆ گەلی کورد پێک بێنێت، یەکسەر لەلایەن حکوومەتی فاشیستی تورکیەوە سەرکوت کراو و لەگەڵ هەڤالانی لە سێدارە درا.

2- شێخ مەحمودی بەرزەنجی لە ناوچەی سلێمانی باشوری کوردستان دا کە ویستی مافی گەلی کورد بە دەست بێنێت، نەتەنیا حکوومەتی داگیرکەری عێراق بەڵکو حکوومەتی بریتانیاش هێرشی کردە سەر و سەرکوتیان کرد.

3- پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی کە ویستیان بەدامەزراندنی کۆماری کوردستان ئاواتەکانی سەدان ساڵەی گەلی کورد بەدی بێنن، بەلام بەداخەوە هێشتا کۆماری تازە لەدایک بووی کوردستان ساوا بوو کە ڕژیمی داگیرکەری ئێران هەموویانی نامرمرۆڤانە لە سێدارە دا.

4- ئەحمەد تۆفیق و هاوڕێیانی کاتێک کە ویستیان بۆ ڕزگاری کوردستانی گەورە شۆڕشێکی سەرتاسەری و سەربەخۆ وەڕێبخەن، داگیرکەران و

خەیانەتکارانی کوردستان زۆر نامرۆڤانە پلانی کوشتنیان بۆ دارشتن و بۆ هەتا هەتایە بێ سەرو شوێنیان کردن.

5- عەبدوللا ئۆجەلان (ئاپۆ) هەرکە ویستی شۆرشێکی چوارپارچەی کوردستان ڕێک بخات و کورد بگەیێنیتە ئامانجەکانی خۆی، کەوتە بەر پلانی نەیارانی کورد و هەموو جیهانی دووڕوی بە ناو مرۆڤایەتی. هەموو حکوومەتانی جیهان لە پلانی بەند کردنی ئاپۆ دا یەکتریان گرتەوە و نامرۆڤانە ئاپۆیان خستە بەندیخانە و داخوازیەکانی مرۆڤایەتی نەتەوەی کوردیان ژێر پێ خست.

هەر ئەو نەیارانەی کوردستانن کە ناهێڵن گەلی کورد بگاتە ئامانجە لەمێژینەکانی خۆی کە وەک باقی گەلانی تری جیهان لە پێشکەوتویی و شارستنیەت و ئاشتی و ئارامی دا بژیت. جا بۆیە ئەگەر کوردیش پێش نەکەوتوە و نەخوێندەوار ماوەتەوە و ئێستاش خێلی جۆراوجۆری دواکەوتو تەنانەت پارتی بە ناو سیاسی دواکەوتوی هەیە، هۆیەکەی زیاتر دەگەرێتەوە سەر نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردستان.

دەبێ گەلی کورد بۆ خۆی ولاتەکەی بە ڕێوە بەرێت و خۆی بڕیار بدات لە سەر یاسا و گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان. کوردستان تا چوار پارچە بێت و گەلی کوردیش تا بە بیر و باوەڕ چوار هەزار پارچە بێت، ئیتر پێش ناکەوێت و هەر بەم جۆرە لە ژێر دەستی دا دەمێنێتەوە.

گەلی کوردستان دەبێ بۆ یەک ئامانج و یەک ئالا شۆڕش بکەن کە ئەویش ئامانجی ڕزگاری ولاتی کوردستانە و گەیشتنی گەلی کوردە بە مافە سەرەتایەکانی خۆی.

شۆڕشی گەلی کورد دەبێ بۆ بە دەست هێنانی زمانێکی یەکگرتوی نەتەوە، کولتوری یەکگرتوی نەتەوە، سیاسەتی یەکگرتوی نەتەوە،ولاتی یەکگرتوی نەتەوە، ژیانی یەکگرتوی نەتەوە، ئازادی بیر و ڕای نەتەوە و دابین کردنی ژیانێکی یەکسانی بۆ گشت نەتەوەی کورد خەبات بکات.

## بەشی هەوتەم

### 7- هۆیەکانی پێش نەکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری

کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنی کراوە و بەداخەوە داگیرکەرانی کوردستان قەت هەلیان نەداوەتە گەلی کورد کە خۆی پێش بخات و وەک هەموو نەتەوەکانی تر بە شێوازێکی پێشکەوتوخوازانە خۆی بە گشت جیهان بناسێنێت.

کۆمەڵگای کوردەواری هەموو ڕێگایەکانی پێشکەوتنی لێ گیراون، چونکە داگیرکەرانی کوردستان هەر لە سەرە تا دا زانیویانە کە ئەگەر کورد پێش بکەوێت ئیتر ئەوان ناتوانن کورد بە کەیفی خۆیان بچەوسێننەوە و سەرمایە و دارایی کوردستانیش بدزن و بۆخۆیانی بە کار بێنن و کۆی بکەنەوە.

دیارە گەلی کورد چەند جارێک هەلی باشی بۆ ڕەخساوە کە سەرکەوێت و بگات بە چارەسەریەک. ئەو هەلانە هێندێکیان هەلی بە نرخ و کاتی بوونە کە لە یەک ناوچەی کوردستان دا ڕەخساون بەلام بە داخەوە چەند فاکتەرێکی سەرەکی بوونەتە هۆی ئەوەی کە کورد ئەو هەلانە بە باشی

نه فۆزێته وه و تێیان دا سه ر نه که وێت. هۆیه کانی سه رنه که وتنی گه لی کورد به کورتی ده کرێت له چه ند خالێک دا شی بکه ینه وه :

1- نه بوونی ده ستگایه کی نه ته وه یی کوردی هه م له ناو نه ته وه ی کورد دا و هه م له ناو نه ته وه کانی تری جیهان دا. ئه و ده ستگا نه ته وه ییه که بتوانێت سه رکێشی ئاشتی کوردستان و ناساندنی ناسنامه ی کورد به کورد و نه ته وه کانی تری جیهان بێت. وه ک نوێنه ری هه موو گه لی کورد پشتگیری ناسنامه ی ئه م نه ته وه یه له جیهان دا بکات. واته له ناو گه لانی تری جیهان دا وه ک نوێنه ری که سایه تی نه ته وه ی کوردستان بێت.

له لایه کی تریش پشتگیری به ره و پێش چوون و لێک نزیک کردنه وه ی نه ته وه ی کورد و پارته سیاسیه کانی کوردستان بێت. به داخه وه ده ستگایه کی به م شێوه و به م کاریگه ریه مه زنه تا ئێستا نه بووه. به لام خۆ شبه ختانه له سالی 1999 وه کۆنگره ی نه ته وه ی کوردستان (ک.ن.ک) له ده ره وه ی ولات دامه زراوه که هێشتا ساوایه به لام تایبه تمانديه کانی ده ستگا نه ته وه ییه کوردستانیه که له خۆ دا ده بینێت. ئه گه ر چی له ڕاستی دا ئه و توانایيه ی که ده بێ هه ی بێت ئه مڕۆ نیه تی به لام جێگای خۆشحاليشه که ڕۆژ به ڕۆژ ڕوو له گه شه کردن و به ره و پێش چوونه. به ده ست گرتنی ئه م

توانایەش تەنیا لە لایەن پشتگیری کردنی نەتەوەی کوردە لەم دەستگا کوردیە. پێویستە کە کوردستانیان و پارتە سیاسیەکان خۆیان ئەم دەستگا کوردستانیە بە هێزتر و بە تواناتر بکەن، بۆ ئەوەی کە ک.ن.ک. بتوانێت هەم لە ناو کوردستان دا و هەم لە جیهان دا وەک دەستگایەکی بە هێزی نەتەوەیی کوردی دەور ببینێت.

2- نەبوونی یەکیەتی نەتەوەیی کورد یان نەبوونی تەبایی و ئاشتی لە نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان دا.

بە هۆی لێک دا پچڕاندنی گەلی کورد و دابەش کردنی کوردستان بە سەر چوار داگیرکەری دڕەندە دا، تا ئێستا یەکیەتیەکی بە هێزی نەتەوەی کورد پێک نەهاتوە کە وەڵام دەرەوەی ناسنامە و کەسەیەتی نەتەوەی کورد بیت. هەر ئەو لێک دا پچڕاندنە بۆتە هۆی دروست بوونی پارت و ڕێکخراوی جۆراوجۆری کوردستانی کە بە داخەوە هێندێکیان تەنیا بە ناو کوردستانین، ئەگینا بۆ چارەسەری کێشەی کورد هیچ ڕۆڵێکی باش ناگێڕن. لە لایەکی تر حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان هەر شەڕیان بە نەتەوەی کورد فرۆشتوە و بەم شێوەیە نەیان هێشتوە کە ئاشتی و ئارامی لە کوردستان دا سەقام گیر بێت.

3- سیاسه تی به رته سکی پارتایه تی و شه خسی له  ناو هێندێک پارته کانی كوردستان دا. لێک دا پچڕاندنی كوردستان و شه ڕی حکوومه ته کانی هه ریم له گه ڵ یه کتر و له  گه ڵ گه لی کورد بۆته  هۆی دروست بوونی پارت و رێکخراوی جۆراوجۆری کورد که  به  داخه وه  هێندێک له م پارتانه  ته نیا به  فکری به رژه وه ندی رۆژی و شه خسی خۆیانن و ته نیا له  بێکاری دا به  ناوی کوردایه تی بازرگانی ده که ن. ئه م پارتانه  نه  ته نیا کێشه ی کورد به ره و چاره سه ری نابه ن به ڵکو به هۆی هاوکاری و گرێدراویان به  یه کێک یان هێندێک له  حکوومه ته کانی داگیرکه ری کوردستانه وه ، بوونه ته  هۆی سه ره کی ئاڵۆزتر بوونی دۆزی کورد و نائارامی کوردستان. سیاسه تی ئه م جۆره پارتانه  سه ر ناکه وێت و پێویسته  سه رۆک و به ڕێوه به رانیان له  دواڕۆژی خۆیان باش بیر بکه نه وه  و بزانن که  گچکه ترین گوڕانکاری ناوچه که  به سه بۆ تواندنه وه یان.

له  مێژووی گه لی کورد دا نه بوونی سیاسه تێکی دروست و پاکی هێندێک پارت و رێکخراوی سیاسی له  به رانبه ر دۆزی کوردا، بۆته  مایه ی شکان و تێک چوون و بێ هێز بوونی ئه و پارتانه .

پێویستە کە هەر پارتێکی سیاسی و هەر ئەندامێک یا لایەنگری ئەو پارتانە بیر لە چارەسەری کێشەی کورد بکاتەوە و سیاسەتێکیش کە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دا نەبێت ڕەچاوی نەکات و وەدوای نەکەوێت. تەنانەت ئەگەر سەرکردەی پارتەکانیش هەڵەیەکی سیاسی بکەن، پێویستە ئەندامانی ئەو پارتانە ڕێنوێنی سەرکردەکانیان بکەن، یان لانی کەم دوای سیاسەتی چەوتی سەرکردەکانیان نەکەون و لەو پارتە و ئەو سیاسەتە دووری بکەن کە لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەی کوردە. بە تایبەت سیاسەتێک کە ببێتە هۆی شەڕی ناو خۆیی و کوشتنی کورد بە دەستی کورد، پێویستە چەکدارانی پارتەکان خۆیان دووری لێ بکەن و چەک لە دژی برا کوردەکانی خۆیان بە کار نەهێنن. چونکە دەبێ بزانین کە تەنیا خۆمان زەرەر دەکەین و هەر برای کوردمان لەم شەڕانە دا تێ دا دەچن و تەنیا دوژمنانمان پێمان خۆش دەبن.

چەکداری پارتێکی سیاسی ئەگەر خۆی سیاسی بێت دەبێ کاتێک کە پارتەکەی ئەو لە دژی پارتێکی تری کورد بڕیاری شەڕی دا، پێویستە ئەو چەکدارە وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری کورد، خۆی لە دژی ئەو بڕیارە هەڵوێست بگرێت و لە بە کار هێنانی چەک لە دژی برا کوردەکەی تری

دووری بکات. با چەکدارەکانی کورد جارێک باش بیر بکەنەوە کە تەنیا کوڕی کوردی لێ قەوماوە کەبە دەستی یەکتر دەکوژرێت. سەرکردەیەک کە دەستوری ئەو شەڕە دەدات چی بە سەر نایەت، بەڵکو بە کوشتنی کورد بە دەستی کورد زیاتر کاسپی و مامەڵە و بازرگانی پێوە دەکات. با بەس بێت شەڕی براکوژی و جارێک چەکدارانی پارتەکان کاتێک کە دەستوری شەڕی ناو خۆیان پێدرا، با لە دژی بڕیاری سەرکردەی خۆیان دەرکەون و وەڵامی شەڕی چەک بە سیاسی و ئاشتی بدەنەوە. ئەو کاتە سەرکردەکان ئیتر ناتوانن چیتر بازرگانی بە ڕشتنی خوێنی کوڕی کورد بە دەستی کورد بکەن.

4- جێگاو ڕێگای ستراتژی کوردستان و نەتەوەی کورد لە ناو سێ نەتەوەی تر، کە هەریەک لەو نەتەوانە ویستویەتی نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد بکات.

سێ نەتەوەی ناوچەکە واتە تورک و عەرەب و فارس، کوردستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕی مێژوویی خۆیان، هەم لە دژی یەکتر و هەم لە دژی گەلی کورد. شایانی باسە ئەم سێ نەتەوەیە لە مێژوو دا قەت وێکڕا تەبا نەبوونە. هۆیەکەشی دیارە دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتدارانی حکوومەتانی ئەو نەتەوانە. چونکە قەت لە مێژوو دا حکوومەتێکی ئازادی خواز و

پێشکەوتوخواز لە هیچ کامێکیان دا نەبووە. بۆیە هەردەم ویستی شەڕ و ئاژاوە و خوێن ڕشتنیان هەبووە.

لە لایەکی ترەوە ئەم نەتەوانەی داگیرکەری کوردستان، زۆر زوو هەستیان بە دەوڵەمەند بوونی خاکی کوردستان کردوە، بۆیە هەموویان هەوڵیان داوە کە زیاتریان پێ ببڕێت، چونکە زوو زانیویانە کە هەر چەند خاکی کوردستانت زیاتر بێت ئەوەندە دەوڵەمەندتری یان بە شێوەیەکی تر هەر چەند زیاتر خاکی کوردستان داگیر بکەیت، ئەوەندە لە ڕەقیبەکەی ترکە دەیەوێت ئەویش کوردستان بەشی خۆی داگیر بکات، بە هێزتری. ئەو سێ نەتەوانە ویستویانە نکۆڵی لە بوونی گەلی کورد و خاکی کوردستان بکەن و لە ناو خۆیان دا بیتوێننەوە و سەرمایەی کوردستانیش بۆ خۆیان بەرن. ئەم سیاسەتە هەڵەیەی ئەم حکوومەتانە تەنانەت بۆتە هۆی پێش نەکەوتنی نەتەوەکانی خۆشیان. چونکە هەردەم بانگەوازی شەڕیان کردوە و بیری نەتەوەکانی خۆشیان بە شەڕ خواز بار هێناوە تا ئاشتی خواز. ئەگەر نەتەوەکانی تری پێشکەوتوی جیهان واتە ولاتانی ڕۆژئاوا و ژاپۆنیەکان دەیانەوێت بیری پێشکەوتویی و تکنۆلۆژیا و زانست لە ناو خۆیان بە هێزتر بکەن، ئەوە بە داخەوە نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارس تەنیا بیری

چەک و شەڕ و خوێن ڕشتن دەکەنەوە. لەمەش خراپتر هەر ئەو بیرە نامرۆڤانەش فێری منداڵەکانیان و نەوەی دوا ڕۆژیان دەکەن.

ئەو نەتەوانە پێویستە کە تەنانەت بۆ پێشکەوتنی خۆشیان بێت ئاشتی و ئارامیەک لە ناوچەکە دا پێک بێنن. چونکە نەبوونی ئاشتی دەبێتە هۆی دواکەوتنی زیاتری ئەو نەتەوانە و هەڵبڕانی زیاتریان لە جیهانی پێشکەوتو و تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ.

لە لایەکی تریشەوە خەڵکانی ناوچەکە و تەنانەت بەڕێوەبەرانی حکوومەتەکانیش پسۆکۆلۆژیەکی ئارامتر و ژیانێکی خۆشتریان لە ئاشتی دا دەبێت تا لە شەڕ دا . شەڕ بۆتە مایەی ماڵوێرانی ناوچەکە و ئاشتیش دەبێتە هۆی ئارامی و پێشکەوتنی کولتور و تکنیک و زانستی نەتەوەکانی ناوچەکە . با جارێکیش گەلانی تورک و عەرەب و فارس لە ناو گەلانی تری جیهان دا شانازی بە ئازادیخواز بوون و پێشکەوتن خواز بوونیانەوە بکەن و با ئەوانیش ببنە خاوەنی تازەترین تەکنۆلۆژیا و زانست بۆ خزمەت بە خۆیان و بە گەلانی تری جیهان. بۆ گەیشتن بەو پێشکەوتن و ئارامیە پێویستە کە حکوومەتەکانی ناوچەکە توانای بوێرانە و لە خۆ بردوییان هەبێت. بۆ ئەوەی کێشەی ناوچەکە بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکرێت با هەنگاوی

ئاشتی خوازانە باوێن و دەرگای دیالۆگ لە گەڵ نەتەوەی کورد بکەنەوە.

ئەگەر کێشەی سیاسی و کولتوری ناوچەکە چارەسەر بکرێت لە کاتێکی کەم

دا ئاشتی و پێشکەوتوخوازی لەم ناوچەیە دا سەقام گیر دەبێت و ئەم ئاشتیە

دەبێتە شانازی هەموو گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بە هێز بوونیان لە ناو

گەلانی تری جیهان دا. ئەو کاتە گەلانی تری جیهانیش حیسابێکی باشتر لە

سەر گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکەن و بە قەدر و قیمەت تریان

دەبینن.

5- هەبوونی هەڵەی سیاسی هێندێک پارتی کوردستانی و دووبارە کردنەوەی

ئەو هەلانە لە لایەن خودی ئەم پارتانە یا خود پارتانێکی تری کوردەوە.

هێندێک پارتی کوردستانی هەن ئەوەندە بە توانا و سەر بە خۆ نین کە لە

پێناوی ئاشتی ناو کوردان دا هەنگاوی بوێرانە باوێن، واتە لە خۆبردوییان

نیە و سیاسەتێکی دروستیشیان لە هەمبەر دۆزی کورد دا نیە. تەنیا بیر لە

دەسەلات و لەسەرکار بوونی خۆیان دەکەنەوە و بیر لە دەوڵەمەند بوونیان

و بە هێزتر بوونی هێزی خێڵەکی و چەکداری خۆیان دەکەنەوە. جا بۆ ئەو

دەوڵەمەندیە و ئەو هێزە چەکداریە هەموو هەوڵێک دەدەن و تەنانەت

خوێنی مرۆڤی کوردیشی بە دەست مرۆڤی کورد تێ دا دەرێژن. پێویستە لە

هەنگاوی یەکەم دا سەرکردەکانی ئەم پارتانە باش بزانن کە کوردستان ماڵی هەموو کوردانە و ملکی کەسێک یان هی پارتێک نیە کە بیکاتە گۆڕەپانی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی یان شەخسی خۆی. ئەم جۆرە پارتانە لە هەڵە دان و پێویستە کە بە زوویی خۆیان لەم سیاسەتە هەڵەیە دوور بخەنەوە و با بەس بەهانە و هۆی بێ قازانج بگرنە دەستیان. با بە دروستی بیر لە چارەسەری کێشەی کورد بکەنەوە و بوێرانە و ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەنگاو بنێن.

پێویستە لە کاتی دەسەڵاتدارەتیان دا بە باشی کەڵک لە کات وەربگرن.

کاتێک کە پارتێکی سیاسی کوردی بوێرانە بۆ ئاشتی ناو خۆیی کوردستان هەنگاو باوێت، ئەو کاتە سەربەخۆ بوونی ئەو پارتە دەر دەکەوێت.

پارتەکانی کوردستان پێویستە بۆ بەژەوەندی نەتەوەیی، تەنانەت دەست لە بەرژەوەندی حیزبایەتیش هەڵ بگرن و پشتگیری هەر جۆرە ئاشتی ناو خۆ بکەن. چونکە بەرژەوەندی حیزبایەتی ساتی و کاتیە ، بەلام بەرژەوەندی نەتەوەیی هەمیشەییە و دەبێتە مایەی شانازی هەم پارت و هەم نەتەوە لە مێژووی پێشکەوتوخوازانەی گەلی کورد دا.

یەکێک لە هۆیەکانی تری پێش نەکەوتنی کۆمەڵگای کورد ەواری ئەوەیە کە کەسایەتی کورد هەستی نەتەوایەتی زۆر نزمە و بە کوردایەتی خۆی شەرمە . بەشەکی هەرە زۆری نەتەوەکانی جیهان سەربەخۆن و وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە و بە نەتەوەی خۆیان شانازی دەکەن. لە هەر شوێنێک یان هەر وڵاتێک دا بژین سەربەرزانە پشتگیری نەتەوەی خۆیان دەکەن.

هێندێک نەتەوەی بچوکیش هەن کە ئەگەر چی وڵاتی خۆیان نیە بەڵام خودی نەتەوەکە بە ناوی نەتەوەی خۆی سەربەرزە و لە سەر کێشە و گرفتەکانی نەتەوایەتی خۆی یەکترگرتوە. ئەو نەتەوانە کە هەستی نەتەوایەتیان زۆر بەرزە، لە نەتەوەکانی هەرە پێشکەوتو و بە توانای جیهانی ئیمڕۆن.

بەرز بوونی هەستی نەتەوایەتی لە ناو زۆربەی نەتەوەکان دا بۆتە هۆی پشتگەرمی و دەستی یەکتر گرتن و یەکیەتیەکی فراوان لە ناو ئەو نەتەوە دا، کە لە ئاکامیش دا بۆتە هۆی پێش کەوتنی کۆمەڵگای ئەو نەتەوەیە .

ئەگەرچی هەموو کێشەکانی ناو کۆمەڵگا و پێشکەوتنەکانی ناو کۆمەڵگا بە بەرز بوونی هەستی نەتەوایەتی چارەسەر ناکرێن، بەڵکو پێویستە مرۆڤانی ناو کۆمەڵگا ناونەتەوەیش بیر بکەنەوە. بەڵام هەر مرۆڤێکی زانا و تێگەیشتوی هەر کۆمەڵگایەک پێش هەر شتێک دەبێ بیر لە چارەسەری

کێشەی نەتەوەیی خۆی بکاتەوە، پاشان بیر لە ناو نەتەوەیی بوونیشی بکاتەوە. کێشەی هیچ نەتەوەیەکیش بێ یەکیەتی ئەو نەتەوەیە چارەسەر نەبووە و ناش بێت. تاکو هەستی نەتەوایەتیش بەرز نەبێت، ئەو نەتەوەیە ناگاتە ئاستی بە نەتەوەیی بوون و ناش توانێت لە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی خۆی دا سەر بکەوێت. سوێدیەکان و ژاپۆنیەکان و فەلەستینیەکان و ... هەر هەموویان سەربەرزن بە نەتەوە و ئاڵا و خاک و زمانی خۆیان. لە هەر کامێکاین بپرسی خەڵکی کوێی، ئەوە بە شانازیەوە وەڵام دەداتەوە کە سەر بەچ نەتەوەیەکە و خەڵکی کوێیە. بەڵام بە داخەوە ئێمەی کورد، هەستی نەتەوایەتیەکەمان ئەوەندە نزمە کە شەرم دەکەین بە بوونی نەتەوەی خۆمان. بەشێکی هەرە زۆری کوردەکان لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری دا و هەر وەها لە ناو کۆمەڵگای ناونەتەوەیش دا، خۆیان بە نەتەوەیەکی تر وەکو تورکیای و ئێرانی و عێراقی و سوریای دەناسێنن و شانازیشی پێوە دەکەن. هۆی ئەو کارە چیە و بۆ چی کورد توشی ئەم نەخۆشیە دەروونیە بووە کە تەنانەت ڕاستی لە گەڵ خۆی و لە گەڵ گەلانی تری جیهانیش دا نالێت. کێشەکە زۆر قوڵە و شیکردنەوەشی زۆر

قوڵتر لە کێشەکە، بەڵام بە کورتی چەند هۆی سەرەکی هەن کە لێرە دا باس لە هێندێکیان دەکەین.

نەتەوەکانی تری جیهان بۆ خۆیان، خۆیان فێر کردوە کە کێن و دەبێ کێ بن. هەر لە منداڵیەوە هەستی نەتەوایەتی بۆتە هۆی شانازیان، ئیتر ئەو هەستە گەشەی ستاندوە و بۆتە بەرز بوونی هەستی نەتەوایەتی ئەو گەلانە. بەڵام کورد کە هەر لە سەرەتای پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگای جیهانیەوە دەست بە سەر بووە، بۆیە دوژمنانی گەلی کورد چاک حیسابیان بۆ کردوە و زانایانە کوردیان بە گوێرەی ویستی خۆیان ڕا هێناوە و بیر و هۆشیان تێک داوە و لە ڕاست نەتەوەیی بوونی خۆی دا کوێریان کردوە.

کوردستان هەر دەم لە چوار لاوە بۆتە ئارمانجی هێرشی داگیرکەران و تاڵان کەران. هێرشی هەرە مەزن، هێرشی نەتەوایەتی بووە بۆ سەر منداڵانی کورد، کە لە منداڵیەوە کورد لە کورد بوونی خۆی حاشا بکات و تەنانەت نەشی ناسێت و لە دژیشی دەرکەوێت. بەم شێوەیە و بە وشەکانی تورک و تورکیایم، فارس و ئێرانیم، عەرەب و عێراقی و سوریاییم، بیر و هۆشی کوردیان شۆردۆتەوە. ئەم شتە کاریگەری ئەوەندە زۆر بووە لە سەر نەتەوەی کورد کە هێندێک لە کوردەکان لە کاتی مەزنیش دا هەر خۆیان

ناناسنەوە. منداڵیش چی بۆ بڵێی و چی فێر بکەی بەوە بار دێت. مامۆستای منداڵان کێ بێت، منداڵەکان خو و ڕەوشتی ئەو دەگرن. بۆیە نەیارانی کورد، کوردیان وا بار هێناوە کە لە پیریش دا هەر بیری نەیارانی خۆی لە مێشک دابێت. تەنانەت لە ناو کۆمەڵگای بە ناو ئازادی ئەورووپاش دا، بە داخەوە زۆر بەی کوردەکان هەر بەم بیر و باوەڕەش منداڵەکانی خۆیان بار دێنن و ئایدولۆژیای داگیرکەرانیان فێر دەکەن. بۆیە منداڵانی کورد کە گەورەش بوون ئیتر زۆر کەمیان لە دونیای منداڵی دەست هەڵدەگرن. دونیای منداڵی، دونیا یەکی تایبەتیەو زۆر بیرەوەری خۆشی ژیان لە پرۆسەی منداڵی دا بەدی دێن. بۆیە داگیرکەرانی کوردستان چاک حیسابیان بۆ گەلی کورد کردوە و هەر لە منداڵیەوە کوردیان بە داخوازی خۆیان بار هێناوە.

هەر لە وانەکانی نێو فێرگە و سرود و گۆرانی نەتەوەیی ناو قوتابخانەکانی داگیرکەرانی کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە بیرەوەری بەرنامەی کارتۆن و فیلم و شانۆکانیان لە تەلەڤیزۆن دا، هەر هەموو ئەوانەیان بە سەر منداڵی کورد دا داسە پاندوە. هەر ئەوەندەی کە مامۆستاکان لە کاتی وانە خوێندن دا دەیان جار لێیان دەپرسین کە وڵاتتان کوێیە و نەتەوەتان چیە. بە زۆر

وەڵامی ئەم پرسیارانەیان پێ لەبەر دەکردین و دەیان گوت ئەوانە گرنگن و پرسیاری تا قی کردنەوەن.

ئەو شتانە هەموویان بە زانا بوون کراون. بۆچی داگیرکەرانی کوردستان هێندەیان گرنگی بە نەتەوایەتی خۆیان داوە و مێژوو و جوگرافیا و ئایینی خۆیان هێندە بە گرنگ گرتوە، بەڵام لە سەر زمان و مێژووی نەتەوەی کورد و جوگرافیای کوردستان مرتەقیان نەکردوە و ئێستاش نایکەن. هۆی هەرە بنکەیی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە حیسابی تایبەتیان بۆ گەلی کورد کردوە، چونکە زانیویانە و دەزانن کە ئەگەر هەر لە منالّیەوە مێشک و بیری کورد تێک بدەن و هەستی نەتەوایەتی خۆیانی پێ بدەن، ئەو کاتە توانیویانە و دەتوانن بیری ئەو منداڵە کە گەورەش بوو بە گوێرەی خۆیان سودی لێ وەربگرن. لە سەدا نەوەدی گەنجی کورد کە خوێندنی ئامادەیی و تەنانەت کە زانستگاشی لە ماددەیەک دا و لە پلەیەک دا تەواو کرد، ئێستاش لە سەر مێژووی نەتەوەی خۆی کە کوردە و جوگرافیای وڵاتەکەی خۆی کە کوردستانە شتێک نازانێت و بەلایەوە بێگانەن. پاش ئەو هەموو خوێندنە، دیسان نەیارانی کورد بە ویستی خۆیان کوردەکان بە کار دێنن و کەڵکیان لێ وەردەگرن. تەنانەت ئەوانەی کە لە چوار چێوەی دەسەڵاتی

داگیرکەرانیش چونەتە دەر، جا بە هۆی سیاسی بێت یا خود هۆیەکی تر کە گەیشتونەتە ولاتە پێشکەوتوەکانی جیهان کە تێیان دا هەموو نەتەوەیەک سەربەستە و هەر کەس دەتوانێت شانازی بە نەتەوە و زمانی خۆی بکات. تەنانەت لە زۆر بەی پۆلەکان دا کە پەنابەران دەبێ بیان خوێنن، پێیان دەڵێن کە هەر کەس زمانی دایکی چی بێت ئەوە سەر بەو نەتەوەیە. بەلام بە داخەوە بەشێکی هەرە زۆری کورد لەو ولاتانەی کە تێشی دا ئازادە خۆی بە کورد و کوردستانی ناناسێنێت. بەڵکو کوردستانی بوونی خۆی پێ شەرمە و شانازی بە ئێرانی بوون و عێراقی بوون و ...دەکات. کاتێک کە لە کوردێک بپرسی خەڵکی کوێی، سەربەرزانە لە وەلام دا دەڵێت: ئێرانیم، عێراقیم، تورکیەیم یان سوریایم. بەڕاستی ئەوە نەخۆشیەکی گەلێک ترسناکە و ڤیروسی کورد کوژ و تەشەنەکەر و ئاوێتەکەرە کە لە نەوەکانی پێشترەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە. ئەم ڤیروسە بیر و هەستی هەرە زۆری گەلی کوردی کوشتوە. مرۆڤی کوردی شێت و ڕەوانی کردوە، هۆش و بیری کوردی ئەوەندە دوا خستوە کە لە دونیای بە ناو ئازادی ئەورووپا دا کوردێک بڵێت من سەر بە نەتەوەیەکی ترم و خەڵکی ولاتێکی ترم. ئەم شتە بۆ ئێمەی کورد زۆر ئاسانە و وەک ئاو خواردنەوە وایە. بەلام سەیری نەتەوەکانی تری جیهان

بکەین، هەرگیز تورک و عەرەب و فارسێک ناڵێن ئاڵمانیم ئەگەر تەنانەت لە ئاڵمانیش لە دایک بوبێت. واتە حاشا لە نەتەوەی خۆیان ناکەن، تەنانەت ئەگەر هیچ وڵاتی خۆیان نەدیبێت. ئەدی بۆچی ئێمەی کورد هێندە شانازی بە ناوی داگیرکەرانمانەوە دەکەین. ئەگەر ئەوە نەخۆشی نەبێت دەبێ ناوی بنێین چی؟ واتە ئێمە توشی نەخۆشی کراوین و نەخۆشین.

نەخۆشیەکەشمان کەم بوونی ڤیتامینی هەستی نەتەوایەتیە.

ئەگەر زوو چارەسەریەکی بۆ نەدۆزینەوە ئەوە نەوەی داهاتوشمان توشی هەمان نەخۆشی دەبێت. دەوای ئەم نەخۆشیە ئەوەیە کە کورد شێلگیرانە و بە دروستی بیر لە کێشە نەتەوایەتیەکەی خۆی بکاتەوە و ڕێگای چارەسەری ئەم کێشانە بدۆزێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات. ئیتر کوردیش فریوی نەیارانی نەخوات و خۆی لە سەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات.

بەشێک لە گەلی کورد بە شێوەیەکی تر توشی نەخۆشی هیپنۆتیزمی ڕەوانی کراون، ئەویش ئەوەیە کە کورد مافی بوونی هەستی نەتەوایەتی کوردی نیە. چونکە ئەوە داخوازیەکی ناسیۆنالیستانەیە. بەلام وەلام و دەوای ئەم نەخۆشیەش سەخت نیە. چونکە بۆ شەرم نیە کە کورد بلێت ئینتەر

ناسیۆنالیستی ئێرانیم، عێراقیم، تورکیایم یان سوریایم بۆ ناڵێت ئینتەر نایۆنالیستی کوردستانیم. بۆکە ناوی کوردستان هات مروڤ دەبێتە ناسیۆنالیست بەلام کە ناوەکانی تر هاتن مرۆڤ دەبێتە نێونەتەوەیی و مرۆڤ دۆست و ئینتەر ناسیۆنالیست. ئەمانە لە ڕاستی دا خەباتەکەیان لە سەر ناوی ئینتەر ناسیۆنالیستیە ، بەلام شێوازی هەڵس و کەوتیان لە کردەوە دا شۆڤینیستانەیە و تەنیا بۆ فریو دانی خەڵکی ساوێلکە و نەزانی کوردە کە ئەم ناوانە بە کار دێنن. ئەگینا ئەگەر هێندە مرۆڤ دوستن بۆچی بۆ گەلی کورد هیچ ناکەن، خۆ هەموویان کوردن و تەنیا سەرکردەکانیان لە نەتەوە داگیرکەرەکانن. بۆچی ئینتەر ناسیۆنالیستی کوردستان پێک ناهێنن و بۆ ولات و گەلی ژێر دەستەی خۆیان هەوڵ نادەن. تازە ناسیۆنالیستی بۆ خودی هەر نەتەوەیەک جێگای شانازیە . ناسیۆنالیستی بە مانای خۆشەویستی نەتەوەی خۆت و ولاتی خۆتە نەک بە مانای فاشیستیە ، کە لە ڕاستی دا زۆربەی لاف لێدەرانی ئینتەر ناسیۆنالیسمی ئێرانی و عێراقی و تورکیایی لە سەر گەلی کورد و خاکی کوردستان بیر و بۆچوونی شۆڤینیستانەیان هەیە . ئەم جۆرە کوردانە نەخۆشی ڕەوانیان هەیە و

هیپنۆتیزمی ڕەوانی کراون و وەخەبەر هاتن و وشیار بوون و چاک بوونەوەیان زۆر سەختە .

نەخۆشیەکی دیکەی هێندێک لە پارتەکانی کورد و هێندێک لە گەلی کوردی سەر بە حکوومەتەکانی داگیرکەر، نەخۆشی ڤیروسی خۆفرۆشی و برا کوژیە ، کە لە داگیرکەرانی کوردستان سەر چاوەی گرتوە و لە بیر و مێشک و خوێنی نەوەی پێشترمان دا ڕیشەی داکوتاوە و بلاو بۆتەوە، بە داخەوە پاش ماوەی بۆ نەوەکانی ئیمڕۆش بە جێ ماوە و هەر دێت و تەشەنە دەکات و گەشە دەستێنێت. ڤیروسی خۆفرۆشی و برا کوژی ئەگەر زوو چارەیەکی بۆ نەدۆزینەوە، ئەوە نەوەی داهاتوشمان توشی ئەم نەخۆشیە دەبێت.

نزمی هەستی نەتەوایەتی کورد و کز بوونی بیری ناسیۆنالیستی لە ناو کۆمەڵگای کورد دا بۆتە هۆی تەشەنە بوونی ئەم نەخۆشیە . تەنیا ڕێگای چارەسەریش ئەوەیە کە فێر کردن و زانست و هەستی نەتەوایەتی لە ناو کورد دا گەشە پێ بدەین، مێژووی کورد و جوگرافیای نەتەوەی کورد بە کورد و گەلانی تری جیهان بناسێنین، پشتگیری ئاشتی نێونەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی تری جیهان بکەین. دەرفەت نەدەین کە منداڵەکانمان توشی ئەو نەخۆشیە ببن کە بە سەر گەلی کورد دا سەپێندراون. با ئێمە وشیار بین

و زمان و کولتور و هەستی نەتەوایەتی کوردی فێری منداڵەکانمان بکەین کەنەوەی دواڕۆژمان لە ئێمە خوڵقێنەرتر و وشیارتر و خاک پەروەرتر بن.

بۆ پێش خستنی کۆمەڵگای کوردەواری پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەیە.

کۆمەڵگای مەدەنی بە کۆمەڵگایەک دەگوترێت کە خەڵکانی مەدەنی لە ناو ئەم کۆمەڵگایە دا حاکم و سەردار بن. واتە بەڕێوبەرایەتی یاسا و دەستگاکانی ئەم کۆمەڵگایە لە ژێر چاوەدێری خەڵکی مەدەنی دا کار بکەن.

داخوازیەکانی خەڵک لە لایەن بەرپرسیاران و بەڕێوبەرانی ئەم کۆمەڵگایەوە بە جێ بهێندرێت.

بۆچی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە و چۆن کۆمەڵگای مەدەنی بەدەست دێت و ڕۆڵی خەڵک لە بەڕێوەبەرایەتی ئەم کۆمەڵگایە دا چیە؟ کۆمەڵگای مەدەنی لە ناو کوردەواری دا کەی و چۆن بەدی دێت و کورد بۆ گەیشتن بەم کۆمەڵگا مەدەنیە لە کام پلەی کۆمەڵایەتی دا وەستاوە؟ ئەمانە هەموویان پرسیارەکانی سەرەتاین کە لە باس کردنی کۆمەڵگای مەدەنی دا دێنە ئاراوە. دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە ناو یەک کۆمەڵگا دا، یانی پێویستی ئازادی مافە سەرەتایەکانی ئەو نەتەوەیە لە ناو ئەو کۆمەڵگایە

دا. بۆ بە دەست هێنان و بە ڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگایە ، کۆمەلانی خەڵک پێویستە کە ڕێکخستنی مەدەنی پێک بێنن. ڕوناکبیرانی ئەو کۆمەڵگایە دەبی هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن و لە پێک هێنانی ئەو کۆمەڵگایە دا ڕێبەرایەتی ڕێکخستنەکانی مەدەنی بگرنە دەست. ڕوناکبیران دەبێ بۆ پێک هێنانی یەکیەتی گەل و بەرز کردنەوەی داخوازیەکانیان بەرانبەر بە حکوومەتەکەیان، خەڵکانی ناو کۆمەڵگا هان بدەن. کاتێک کە ڕادەی وشیاری ئەو خەڵکانە لە ناو کۆمەڵگایەکە دا ئەوەندە بەرز بوو کە بتوانن و بزانن داخوزیەکانی خۆیان بە ڕێگایەکی ئاشتی خوازانە و مرۆڤ دۆستانە بە ڕوی بە ڕێوبەرانی کۆمەڵگایەکە دا بەرز بکەنەوە، ئەو کاتە بە مەرجێک خەڵکانی کۆمەڵگا هەموویان یەکگرتوانە لە سەر داخوازیەکانی خۆیان ڕاوەستن، ئەوە دەتوانن حکوومەتی دەسەلات دار بە چۆک دا بێنن و داخوزیەکانی خۆیان بەسەر حکوومەتەکە دا بسەپێنن و خوازیاری گۆڕانی حکوومەتەکە بن. واتە هەڵبژاردنی گشتی پێک بێنن و نوێنەرانی کۆمەڵگایەکە لە ناو خودی خەڵک دا بە ئازادی هەڵبژێردرێنن و پاشان لە ناو حکوومەتی نوێ دا کە بە داخوازی خەڵکانی مەدەنی پێک هاتوە، جێ بگرن و ڕێبەرایەتی ئەو کۆمەڵگایە بگرنە دەست. ئەو کاتەش پێویستە

حكوومەتێک کە لە لایەن خەڵکەوە پێک هاتوە بەر لە هەر شتێک داخوزیەکانی گەل لە پرۆسەکی کەم خایەن دا جێ بە جێ بکات.

داخوازیەکانی هەرە سەرەتایی وەکو ئازادی بیرو را، ئازادی راگەیاندن، ئازادی هات و چۆ، ئازادی پێک هێنانی رێکخستنی سەر بە خۆی ئاشتیخواز دەبێ هەر لە رۆژی یەکەمەوە لە لایەن حكوومەتەوە رابگەێندرێن. ئەگەر حکوومەتیش ئەو ئازادیانە رانەگەێنێت دەبێ خەڵک وشیار بن و هەر لە یەکەم هەنگاو دا خوازیاری ئەو ئازادیانە بن کە شایەنیانە و هیچ برو بیانوی ئیمرۆ و سپەینێ لە حکوومەت قبوڵ نەکەن. باش کردنی باری ئابوری ژیانی خەڵک و پێش خستنی زانست و تەکنۆلۆژیا دەبێ لە پرۆسەیەکی کەم خایەن دا جێ بە جێ بکرێت. بەلام تەنیا پێک هێنانی حکوومەتێکی مەدەنی لە لایەن خەڵکانی روناکبیرەوە بەس نیە ، بەڵکو خەڵکانی ناو کۆمەڵگا دەبێ هەر دەم ئاگاداری چۆنیەتی بەرێوەبردنی حکوومەت بن و داخوازی رۆژانەی خۆیان بخەنە بەر دەست کاربەدەستانەوە . حکوومەتی کۆمەڵگای مەدەنی یانی حکوومەتێک کە داخوازیەکانی رۆژانەی خەڵک لە ناو ئەو کۆمەڵگایە دا بە جێ دەگەێنێت. بەرێوبەرانی حکوومەتی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ بە پێی داخوازیەکانی گەل دا کار بکەن و ئەگەر توشی هەڵەیەکی

سیاسیش بوون، پێویستە ڕێنوێنیەکانی گەل قبوڵ بکەن. ئەگەر بەڕێوبەرانی حکوومەت داخوزیەکانی گەل پێک نەهێنن، دەبێ تواناى گەل ئەوەندە بە هێز بێت کە هەرکاتێک پێوست بێت، بتوانێت گۆڕانکاری لە ناو حکوومەت و یاسا دا پێک بهێنێت.

بە دەست هێنانی ئەو کۆمەڵگا مەدەنیە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری دا هێندێک تەنگ و چەڵەمەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو کۆسپ و تەگەرانەش بەستراونەتەوە بە دابەش کردن و لێک دا پچڕاندنی کۆمەڵگای کورد، نە تەنیا لە ناو چوار حکوومەتی نەیاری کورد دا، بەڵکو لە ناو هەر یەک لە بەشەکانیش دا گەلی کورد بە چین و توێژی کۆمەڵایەتی جۆرا و جۆری وەک سەرۆک خێڵ، ئاغا، شێخ، سەید و کرمانج دابەش کراوە. دیارە ئەم دابەش کردنانە هیچ کامێکیان بە داخوازی خودی کورد نەبووە بەڵام زل هێزەکانی جیهان بەشی کوردیان خواردوە و ئەویان توشی ئەو گیر و گرفتانەی ڕۆژگارە کردوە کە دەرباز بوون و ڕزگار بوونی لە چەنگ نەیارانی کورد زۆر سەختە، بەڵام خۆشبەختانە محاڵ نیە.

کورد بۆ گەیشتن بە دوا ترۆپکی ئازادی و سەربەخۆیی، ڕێگایەکی دوور و درێژی پڕ لە هەوراز و نشێوی لە پێشە کە ڕێبوارانێکی ڕوناکبیر و شۆڕشگێڕی

ماندوویی نه‌ناسی ده‌وێت. بۆ پێک هێنانی حکوومه‌تی مه‌ده‌نی له کوردستان دا ده‌بێ هه‌ستی نه‌ته‌وه‌ی کورد زۆر به‌رز بێت و گه‌لی کوردستان مافه سه‌ره‌تایه‌کانی خۆی واته زمانی نه‌ته‌وه، ولاتی نه‌ته‌وه و ئازادی نه‌ته‌وه بناسێت. پاش ناسینی داخوازیه‌کانی، پێویسته گیر و گرفته‌کانی ناو خۆ وه‌ک خێڵ و ئاغا و ده‌ره‌به‌گ و شێخ و مه‌لا چاره‌سه‌ر بکات. واته له ناو کۆمه‌ڵگای پێشکه‌وتوخواز دا ئیتر پێویست به سه‌رۆک عه‌شیره و ئاغا و شێخ و سه‌ید و جاش نیه. ده‌بێ گه‌لی پێشکه‌وتوخواز و ڕوناکبیر و شۆڕشگێڕ ئیتر ده‌ست له‌و شێوازه کۆنانه هه‌ڵ بگرن و شێوازی ژیانی نوێی مرۆڤایه‌تی بۆ خۆیان هه‌ڵبژێرن، که له ناو ئه‌م شێوازه نوێیه دا گه‌لانی کوردستان ئیتر دابه‌ش ناکرێن به چه‌ند تیره و چین، به‌ڵکو هه‌موویان یه‌ک پله و پایه‌ی یه‌کسانیان ده‌بێت.

گه‌لی کورد تا ئه‌و گۆڕانکاریه له ناو خۆی دا پێک نه‌هێنێت ئیتر هه‌ر له پاش که‌وتویی دا ده‌مێنێته‌وه. پێویسته به تایبه‌ت گه‌نجان و خوێندکارانی کورد هه‌ڵه‌کانی ڕابردووی باب و باپیرانیان دوپات نه‌که‌نه‌وه و ئیتر بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن له گه‌ڵ جیهانی پێشکه‌وتو دا ژیان بکه‌ن ده‌بێ ڕێگای دروستی مرۆڤایه‌تی و پێشکه‌وتوخوازی بگرنه به‌ر.

کوردان پێویستە بیری کوردستانیان هەبێت و ئیتر بیری ناوچە گەرایی لە مێشکیان دەربخەن. کاتێک کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران یەکگرتو بن، ئەو کاتە دەتوانن حکوومەتی مەدەنی خۆیان لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری دا بە هەڵبژاردنێکی ئازاد بە دەست بێنن. دیارە گیر و گرفتی نەیارانی کوردستان هەر دەم لە ئارا دایە، بەڵام ئەگەر هەموو گەلی کورد یەک بگرن ئەو کاتە نەیارانی کورد خۆیان لە کوردستان پاشەکشە دەکەن و بۆ کوردی بە جێ دێڵن. چونکە هێزی یەکگرتوی گەلە کە دەتوانێت کێو لە بن بێنێت و ئاگر دروست بکات و ئاو وەڕێ بخات.

## بەشی هەشتەم

### 8- کوردایەتی و مافەکانی ڕەوای گەلی کورد

کوردایەتی بە مانای ڕاستی خۆی یانی خەباتێکی دروست و ڕاستەقینە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی ڕەوای گەلی کورد. مافەکانی گەلی کورد بە مانای ئەو مافە سەرەتایە مرۆڤایەتیانەن کە نەیارانی داگیرکەری کوردستان زۆر نامرۆڤانە لە گەلی کوردیان زەوت کردوون. دیارە گەلی کورد لە هەموو مافەکانی ژیان کە مرۆڤانی تری ئەم سەر زەویە هەیانە بێ بەش کراوە.

واتە مرۆڤی کورد وەکو نەتەوەی کورد و کەسایەتی کوردستانی مافی بوون و بەرگری کردن لە خۆی پێ نەدراوە. کەسایەتی بێگانەی وەکو تورکی، ئێرانی، عێراقی و سوریەیان بە سەر دا سەپاندوە. هەموو ئەو ناهەقیانەی کە لە گەلی کورد کراون، بە زانایانە و بە بەرنامە لە لایەن نەیارانی داگیرکەری کوردستانەوە کراون، بۆ ئەوەی کە کورد نەبێتە خاوەنی کیان و وڵات و حکوومەتی خۆی.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ڕێگریانەی کە نەیارانی کورد بۆ کوردیان هەبوونە و هەیانن، دیسانیش کورد نەک خۆی بە دەستەوە نەداوە بەڵکو شێرانە

هاتۆتە مەیدان و خەباتی سەدانساڵەی خۆی هەر درێژە پێداوە، بۆ ئەوەی کە ئابڕو و شەرافەتی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێت و بە نەیارانی خۆی بسەلمێنێت کە کوردیش هەیە و دەبێ حیسابی چاکی بۆ بکرێت و وەک کەسایەتیەکی کوردستانی بە ڕەسمی بناسرێت.

ئەوانەی بۆ ئەم ڕێگا پیرۆزە خەباتێکی بێ وچانیان کردوە و لەم ڕێگا پیرۆزە دا گیانیان بەخت کردوە، ئەوە هەر دەم لە ناو دڵی کوردستان پەروەران دا جێگایان هەیە و ڕێزیان هەر دەمێنێتەوە.

ڕێگای ئەو نیشتمان پەروەرانە بە درێژە پێدانی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان ڕێزی لێ دەگیرێت، تا دەگاتە دوا ئامانجی خۆی کە بوونی مافەکانی گەلی کوردە لە وڵاتێکی سەربە خۆی ئازادیخواز و یەکسانی خوازی کوردستان دا.

کوردایەتیش پێویستە بە مانای دروستی خۆی و بە ئامانجە پیرۆزەکەی خۆی بە کار بهێندرێت و کەڵکی لێ وەربگیرێت.

## بەشی نۆهەم

### 9- کولتۆری نەتەوەی کورد

هەر نەتەوەیەک کولتوری تایبەت بە خۆی هەیە و بەو کولتورەشەوە داب و نەریتی رۆژانەی تێپەڕ دەکات و پێیەوە ژیان دەکات. هەموو نەتەوەکانی جیهانیش زیاتر لە هەر شتێک بە کولتوری خۆیان لە ناو گەلانی تری جیهان دا دەناسرێن. نەتەوەی کوردیش یەکێک لە نەتەوەکانی سەر گۆی زەویە جا بۆیەوەکو ئەرکێکی گرنگ پێویستە کە هەر کوردێک هەم کولتوری نەتەوەیی خۆی بناسێت و هەم لایەنە باشەکانی ئەم کولتورە وەک ناسنامەی کەسایەتی خۆی بە گەلانی تری جیهانیش بناسێنێت.

کولتوری یەک نەتەوە یانی بوونی خوو و ڕەوشتی رۆژانەی ئەو نەتەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە دا.

کولتوری نەتەوەی کورد لە چەند خاڵێک دا دەکرێت بە کورتی شیبکەینەوە. واتە ئەم بابەتانەی خوارەوە لە ناو هەر نەتەوەیەک دا بۆ ناساندنی کولتوری ئەو نەتەوەیە گرنگی بنچینەیان هەیە :

## 9.1- زمان

گرنگترین و سەرەتایی ترین خاڵی لێک نزیک کردنەوەی یەک نەتەوە، زمانی ئەو نەتەوەیەیە . هەر بەو زمانەشە کە نەتەوەیەک دەتوانێت کولتور و بوونی ناسنامەی خۆی بە جیهان بناسێنێت. واتە زمانی کوردی بۆ گەلی کورد ناسنامەی نەتەوایەتیەتی. گرنگترین شتێک کە نەتەوەی کورد لە نەتەوەکانی دراوسێی جیا دەکاتەوە زمانەکەیەتی کە پێی دەدوێت و پێی دەنوسێت. جا ئەگەر کوردێک بە کوردی قسە نەکات و بە کوردی نەنوسێت یا خود ئەوەندەی گرنگی پێ نەدات و هەوڵی بۆ نەدات کە فێری بێت، ئەوە کورد نیە و موردە و لە بواری هەستی نەتەوایەتی دا مردوە.

زمانی کوردی بە چەند زاراوە دابەش دەبێت:

- کوردی ژوروو (کرمانجی،شکاکی، بادینی) کە نزیکەی سەدا چل و پێنجی گەلی کورد بەم زاراوە دەپەیڤن. زاراوەی کوردی ژوروو لە ناوچەکانی باکوری کوردستان، باشوری بچوک یان ڕۆژئاوای کوردستان، بادینانی باشوری کوردستان، شکاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کوردستانی سۆر، کوردەکانی ئاوارەبووی ئەرمەنستان، گورجستان، قەزاقستان و کوردەکانی لوبنان دا قسەی پێ دەکرێت.

- کوردی ناوەندی (سۆرانی) کە نزیکەی لە سەدا سی گەلی کورد بەم زاراوە دەپەیڤن.

زاراوەی کوردی ناوەندی لە ناوچەکانی ئەردەڵان، موکریان و پیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سۆران و بابانی باشوری کوردستان دا قسەی پێ دەکرێت.

- کوردی ژێرین (لوڕ، کەڵهوڕ) کە نزیکەی لە سەدا پازدەی گەلی کورد لە هەرێمەکانی کرماشان و لۆرستان دا بەم زاراوە دەپەیڤن.

- زازا (زازاکی، دیملکی، کرمانجکی) کە نزیکەی لە سەدا پێنجی گەلی کورد لە ناوچەکانی دەوروبەری دەرسیم، ڕوحا و دەوروبەری ڕوباری فورات دا پێی دەپەیڤن.

- گۆران (هەورامی، گۆرانی) کە نزیکەی لە سەدا پێنجی گەلی کورد لە ناوچەکانی هەورامان واتە دەوروبەری شارەکانی پاوە و هەڵەبجە دا پێی دەپەیڤن.

زازا و گۆران لە سەرەتا دا یەک زاراوە بوونە بە ڵام بە هۆی دا بەش بوونی کوردستان کەمێک لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە.

پیتی (تیپی) نوسینی کوردی ژوروو بە لاتین یەکەم جار لە لایەن جەلادەت بەدرخانەوە نوسراوە، کە ئەلف و بێتکەکانی 31 تیپن و لەوانیش 8 یان دەنگدار و 23 یان بێدەنگن و بەم شێوەیە دەنوسرێن:

A-a ئا-ا , B-b ب , C-c ج , Ç-ç چ , D-d د , E-e ئە , Ê-ê ێ ,

F-f ف , G-g گ , H-h ه , I-i ی , Î-î ئی , J-j ژ , K-k ک , L-l ل ,

M-m م , N-n ن , O-o ۆ , P-p پ , Q-q ق , R-r ر , S-s س , Ş-ş

ش , T-t ت , U-u وو , Û-û ئو , V-v ڤ , W-w و , X-x خ , Y-y یا

, Z-z ز

بەڵام لە ناو کوردی ژوروو دا پیتەکانی (ڕ، ڵ، غ) و لە سەرەتا دا دانەندراون، بەڵام ئیمڕۆ نوسەران بەم شێوازە بە کاریان دێنن:

G- g ، Ł-ł ، ڵ Ŕ-ŕ ڕ

بۆ زازا نوسینیش هەر لە پیتی کوردی ژوروو کەڵک وەردەگیرێت.

پیتی نوسینی کوردی ناوەندی، کوردی ژێرین و گۆرانی بە پیتی سانسکریتی نوسراوە کە ئەلف و بێتکەکانی 30 دانەنە و بەم شێوەیەن:

ا (ئا) ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، غ ، ف ، ق ، ڤ ، ک ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، ۆ ، ە ، ی ، ێ

بەڵام لە ناو کوردی ناوەندی و ژێرین دا پیتی عەرەبی (ع) بە جێی (ح) بە کار هێندراوە ، ئەگەر چی (ع) پیتێکی کوردی نیە بەڵام لە ناو نوسینی کوردی دا جێی خۆی گرتوە .

شایانی ئاماژە پێکردنە کە کرمانجی و سۆرانی و زازاکی و هەورامی زمان نین بەڵکو زاراوەن. پێویستە کە گەلی کورد ئەمانە بەهەڵە وەک زمان نەناسێنێت، بەڵکو کوردی زمانی گەلی کوردە .

## 9.2- خو و ڕەوشت

هەستان و دانیشتن و هات و چۆی نەتەوەیەک ، هونەر و سەرگەرمی و خواردن و شێوازی ژیان کردنی ئەوان ، خو و ڕەوشتی ئەو نەتەوەیە پێک دێنن.

کورد زیاتر لە ناو گەلانی تری جیهان دا بە میوان دارییەتی دەناسرێت.

کوردەکان زیاتر لە تەمەنی گەنجی واتە کەمتر لە 20 ساڵ دا زەماوەند دەکەن و پاشان منداڵان زۆر و زوو دروست دەکەن. بنەماڵەی کوردەکان زۆر

گەورەنە و لە زۆر بنەماڵە دا سێ پشت واتە منداڵ و باوک و باپیر بەیەکەوە دەژین. گەورە پیاوان و گەورە ژنان لە ناو بنەماڵە دا ڕێزیان لێ دەگیرێت و بە بەرپرسی بنەماڵە دەناسرێن.

لە تایبتمەندیە خراپەکانی زۆربەی گەلی کورد ئەوەن کە کورد زۆر خۆپێ زۆرە لەگەڵ هاو نەتەوەیەکەی خۆی. هەر کوردێک لە بواری سیاسی دا خۆی پێ ڕابەری سەرەکی گەلی کوردە و لە بواری زاستیش دا خۆی پێ پسپۆڕ و مامۆستایە لە سەر خەڵکی کورد، بەلام لە هەمان کات دا بە نۆکەری داگیر کەران و نە یارانی کورد سەربەرزە و پێی قانعە. لە ناو کوردان دا کەم کەس هەیە کە بیر و ڕای کوردێکی تر قبولّ بکات. بەلام زۆربەی کورد چونکە وەک نەتەوە یەک گرتوو نیە هەربۆیە بیر و ڕای داگیرکەرانی زۆر بە ئاسانی بۆ قبولّ دەکرێت.

کورد زۆربەی لە خەیاڵ دا دەژیت و بوونی ئایینی زۆر لا گرنگە ، جا ئەگەر هیچیشی لێ تێنەگات زۆری پێ قانعەو خۆی پێوە سەرگەرم دەکات. زۆربەی خەڵکی کورد هەموو تەمەنی تێپەڕ دەبێت، بێ ئەوەی کە سەرەدەرێک لەم جیهانە دەربکات و بەنەزانی سەر دەنێتەوە. هەر وەک لە ناو کورد دا باوە :

"پاڵ وەماڵی خوا بدە و ڕوو لە ئاسمان شەو ڕۆژ داوای بەخشش بکە لە خوای خۆت" بێ ئەوەی کە هیچ تاوانێکت دەر هەق بە خودا یا خود کەس کرابێت. دیارە ئەوە نەخۆشی نەتەوەکانی دراوسێی کوردە کە ئاوێتەی کورد بووە و لە ناو کوردیش دا تەشەنەی کردوە، ئەگینا کورد لە زگماکیەوە نەخۆش نەبووە.داگیرکەرانی کوردستان کوردیان وا بار هێناوە کە کورد بیر لە وڵاتەکەی و تەنانەت خۆشیەکانی ئەم دونیایە نەکاتەوە و هیچ بەلایەوە گرنگَ نەبێت، تەنیا بیر لە دونیای ئاخرەت بکاتەوە و ترسی ئاگری جهەنەمی هەبێت و بەو تاسەیەوە بژیت کە لە ئاخرەت دا مافە ڕەواکانی پێ بدرێت، ئەوەی بەسەو بەشی دەکات.

بوختان کردن، درۆکردن و زمانی شڕ بەکارهێنان کاری شەو و ڕۆژانەی هێندێک لە گەلی کوردە. لای هێندێک کورد زۆر ئاساییە کە کەسێک یا خود لایەنێکی خۆش نەوێت، بوختانی پێ بکات و تا بتوانێت زمانی ناحەز لەدژی بەکار بێنێت.

هێندێک لەکوردان بەداخەوە زۆر وەخت نەناسن و زۆر جار کاتژمێری کوردی خۆی لە بەرەک دەکێشێتەوە و هەر کاتژمێرەی بە قەدەرای چوار پێنج کاتژمێری ئیستاندارد دەبێت.

بە داخەوە کورد بۆ خۆ خۆری لە جیهان دا یەکەمە و هیچ نەتەوەیەک تای ناکات. خۆفرۆشی لە ناو خوێن و دەمارەکانی هێندێک لە خەڵکی کورد دا ڕەگی داکوتاوە. بۆ وێنە لە کوردستان هەمیشەی ژمارەی جاش و سیخوڕان دەقات زیاتر بووە لە پارتیزانانی پێشمەرگە و گریلای شۆڕشگێڕی کورد. دیارە کە کورد ئەم تایبەتمەندیانەی لە زگماکیەوە نیە بە ڵکو جێگای داخە کە لە نەیاران و داگیر کەرانی کوردستانەوە فێر دەبێت.

شایانی باسەکە داگیرکەرانی کوردستان ژیانی ئابوری نەتەوەی کوردیان ئەوەندە دابەزاندوە کە زۆربەی گەلی کورد شەو و ڕۆژ بە بیری بەدەست هێنانی نانی زگی ڕۆژانە و تێر کردنی منداڵەکانیانن. هەر بۆیە کوردەکان بەشێکیان تەنانەت ئەوەندە داخوازیان هاتۆتە خوارەوە کە بیری شتێکی تر جگە لە ژیانی ئابوری خۆیان ناکەنەوە و بەشێکیش تەنانەت وەختیان نیە کە بیری لێبکەنەوە، چونکە بەشێک لە کوردەکان بە هۆی ناخۆشی ژیانی ئابوری و نەبوونی کار لە کوردستان بۆ ئەوەی کە نانی زگیان بە دەست بێنن لە ناچاری دا ڕو دەکەنە شارەکانی تری وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

بەم جۆرە بە دەست هێنانی نان، بە ناچاری داخوازی گەلی کوردی دابەزاندوە و هەر بۆیەشە کە کورد نەتەنیا لە بواری کولتوری دا پێش

نەكەوتوە بەڵكو بەهۆی ڕێگرتنی داگیركەران لە خوێندن و زانستیش دا بە پێی پێویست پێش نەكەوتوە.

بۆ وێنە زۆربەی گەلی كورد لە بواری یەكسانی مافەكانی ژن و پیاو دا زۆر نامرۆڤانە بیر دەكاتەوە. ژن لە ناو كۆمەڵگای كوردەواری و پیاوسالاری دا زیاتر وەك بەردەیەك، خزمەتكارێكی ماڵ، كاڵای بازاڕی مامەلە، نیوەمرۆڤ و ژێر دەستەیەك چاوی لێ دەكرێت. بۆ وێنە زۆر جار كێشەی ناو خێڵە كوردەكان كە پیاوانی كورد پێكی دێنن، بەڵام بەداخەوە مەسلەتەكەی بە بەخشینی كچێك یا خود مەلۆتكەیەكی كچی سەر لانكە چارەسەری دەكرێت.

"بۆچی پیاوێكی كورد قەت كێشەیەك بە بەخشینی كوڕەكەی چارەسەر ناكات، خۆ كچ و كوڕ هەردووكیان منالی خۆنی و گۆیا لە خوێنی خۆنی. ئەم كارەی هێندێك لە گەلی كورد زۆر نامرۆڤانەیەو جێگای مەحكووم كردن و شەرمەزرای كردنە.

تەنانەت زۆربەی ژنانی كورد هەرلە منالیەوە بە ناوی سوننەت كردن ئەتك دەكرێن، بۆ ئەوەی كە لە كاتی گەنجیان دا وەكو پێویست نەتوانن هەستی گەنجایەتی و ژنایەتی خۆیان هەبێت. تەنانەت لەم كارە نادروستە دا دەستی دایكانی كوردیشی تێدایە كە شایانی باسە بە نەزانی وەك ئەركێكی

ئایینی ئەم کارە دەکەن و ئاگاداری زیانەکانی ئەم کارە لە بواری مرۆڤایەتی و تەشەنەکردنی ئەم کارە لە بواری پزشکی دا نین. ئەم کارە جێگای شەرمەزاری کردنەو پێویستە کە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری دا کوتای پێ بهێندرێت. دیارە سەرچاوەی هەموو ئەم کارە نارەوایانە دەگەڕێنەوە سەر ئاییینی داسەپاوی بەسەر گەلی کورد دا.

لە تایبەتمەندیەکی یەکگرتووی کوردەکان ئەوەیە کە جێژنی نەورۆز واتە ڕۆژی 21 مانگی ئادار بە جێژنی نەتەوەیی خۆیان دەزانن. ئەم ڕۆژە لە بەر سێ هۆی سەرەکی بۆ نەتەوەی کورد گرنگە :

1- لە نەورۆز دا ساڵی کوردی تازە دەبێتەوە و کوردان یادی شۆڕشکەی کاوەی ئاسنگەر دەکەنەوە. ساڵی کوردی 700 ساڵ لە پێش ساڵی زاینی دایە. واتە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە کاوەی ئاسنگەر سەرکەوتنی گەلی کوردی بە سەر داگیرکەر و زۆرداری زوحاک دا بە دەست هێناوە.

2- هۆی تر ئەوەیە کە لە کوردستان وەرزی زستان تەواو دەبێت و وەرزی بەهار دەست پێ دەکات و گشت خاکی کوردستان وەک بەهەشتێکی پڕ لە سەوزایی و گوڵ دەڕازێتەوە. بۆنی گوڵانی کوردستان و دەنگی خۆشی بولبولانی ژیانێکی تازە دەداتە مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە.

3- لە نەورۆز دا درێژای شەو و ڕۆژ لە کوردستان بەقەدەرای یەکیان لێ دێت و یەکسانی لە ناو ڕوناکی و تاریکی دا پێک دێت.

## بەشی دەهەم

10- چەند ڕوداوی دڵتەزێن و پڕ لە ژانی گەلی کورد و نیشتمانی کوردستان

ڕوداوی 8 ساڵ بۆمبارانی باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانی ئێران و عێراقەوە (ڕوداوەکانی سامناکی ئەنفال و هەڵەبجە)

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و گەلی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە زستانی 1979 دا و دوای خۆ داسەپاندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەر گەلی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، حکوومەتی عێراق بە هاوکاری حکوومەتی ئەمریکا هێرشی بردە سەر ئێران و ناوچەی شاری خوڕڕەمشاری داگیر کرد. بەم جۆرە شەڕێکی قورس لە نێوان ئەو دوو حکوومەتە دا دەستی پێ کرد. پاشان لەو ماوەیە دا لە هەموو کەس زیاتر گەلی چەوساوەی کورد قەتڵ و عام کرا و وڵاتی کوردستان زۆر لە ئێران و عێراق زیاتر بۆمباران و کاول کرا.

حکوومەتی عێراق شارەکانی پیرانشار، سەردەشت، بانە، بۆکان، مەهاباد، کرماشان و ناوچەکانی تری ڕۆژهەلاتی کوردستانی بۆمباران دەکرد.

حکوومەتی ئێرانیش لە وەڵام دا شارەکانی باشوری کوردستانی وەک قەڵادزێ، دیانان، هەڵەبجە، دوکان و ناوچەی حاجیەمەران و ناوچەکانی تری ڕۆژانە بۆمباران دەکرد.

ئەم دوو حکوومەتە هەردووکیان تا وەڕەز بوون کوردیان کوشت و کوردستانیشیان کاول کرد. فڕۆکەکانی حکوومەتی عێراق لە 1985/3/8 دا شاری پیرانشاریان بۆمباران کرد کە تێیدا زیاتر 500 کەس کوژران و 5000 کەسیش پەک کەوتو بوون و بە هەزاران خانوبەرەش خاپور کران. لە ماوەی 2/22 تا 1988/9/6 دا حکوومەتی عێراق دەستی کرد بە گرتن و کوشتن و بە پۆل زیندە بە چاڵ کردنی گەلی کورد کە تێیدا نزیک بە 182 هەزار کەس خەڵکی بێ تاوانی کوردی بە ناوی ئەنفال کردن برد کە تا ئێستاش بێ سەر و شوێنن.

(ئەنفال ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی عەرەبە کە لە کاتی داگیر کردنی کوردستان و قەتڵ و عام کردنی گەلی کورد لە لایەن سەر کردەی عەرەب حەزرەتی محەممەدەوە گوتراوە. گۆیا لە خەیاڵی حەزرەتی محەممەد دا خوای عەرەب ئەو ئایەتەی بۆ ناردوە و مۆڵەتی داوە و دەستوری پێ داوە کە نەتەوەی عەرەب هێرش بکاتە سەر نەتەوەی کورد و بە ناوی کافر و

گاور بوون قەتڵ و عامیان بکات و هەرچی دارایی و کچی جوانی کوردی هەیە بیدزێت و بە ناوی غارەت و کۆیلە بۆ خۆش ڕابواردنی خۆی بیان بات.

سەرلەشکری عەرەب کوردستانیان بە ناوی ئەنفالەوە داگیر کرد و بە دەیان هەزار کوردیان بە شمشێر سەر بڕی. کوردستانیان کاول و تالان کرد و بە ناوی موسوڵمان و کافرەوە دوو بەرەکایەتیان خستە ناو گەلی کوردەوە کە ئێستاش گەلی کورد جێگای خۆی نەگرتۆتەوە. ئەو برینە براکوژیە گەورەیەی کە ئیسلام بە دیاری بۆ گەلی کوردی هێناوە هەروا گەورەتر و قوڵتر دەبێتەوە. ئیسلام بیر و هۆشی کوردایەتی شۆردۆتەوە و بۆ ماوەی هەزاران ساڵ کوردی لە جیهانی پێش کەوتن دوور خستۆتەوە. هێزەکانی کوردی لە دژی یەکتر بە شەڕ داوە و شێخ و سەید و مەلا و جاشی لە ناو کوردستان دا دروست کردوە. بەم شێوەیە توانا و هێزی نەتەوەی کوردی بێکاریگەر کردوە و تا ڕددەیەکی زۆر تواندویەتەوە.)

حەزرەتی سەددام حوسێنیش بە ناوی ئەنفال کردن هەمان کاری حەزرەتی محەممەدی لەم سەردەمەیە دا دووپات کردەوە و زیاتر لە 182 هەزار کەسی کوشت و زیاتر لە دە هەزار کچی جوانی کوردی بۆ خۆش ڕابواردنی خۆی و قەرەواشی و سوکایەتی پێ کردن وەک کەنیزە برد.

حکوومەتی عێراق بەوەش ڕازی نەبوو و دەستی کرد بە بۆمبارانی کیمیاوی ناوچەکانی باشوری کوردستان کە تەنانەت لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی خۆی دابوون. بەم جۆرە لە مانگی نیسانی بەهاری 1987 دا حکوومەتی عێراق 24 گوندی باشوری کوردستانی لە ماوەی 48 کاتژمێر دا دوو جار کیمیا باران کرد. ناوچەکانی شێخ وەسان، کانی بەرد، پاسیان و کۆتیمان کەوتنە بەر کیمیا بارانی حکوومەتی عێراق و لە ئاکام دا 130 کەس کوژران و 5000 کەسیش پەک کەوتو بوون کە بۆ هەموو ژیانیان شوێنەواری چەکی کیمیاویان لە سەر لەشیان دەمێنێتەوە. هەر لەو سەر دەمە دا شاری سەردەشت لە لایەن فڕۆکە جەنگیەکانی حکوومەتی عێراقەوە کیمیا باران کرا و لە ئاکام دا 150 کەس بە گازی کیمیاوی ژیانیان لە دەست دا و بە هەزارانیش پەک کەوتو بوون و بۆ هەموو ژیانیان ئازاری ئەم گازەیان لە سەر جەستەیان دەمێنێتەوە.

پاشان حکوومەتی عێراق بەمەش ڕازی نەبوو و لە 17 و 18 /1988/3 لە کاتی پاشە کشە کردنی لە شاری هەڵەبجە دا کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە هێرشی کرا بۆ سەر، فڕۆکە جەنگیەکانی حکوومەتی عێراق دەستیان کرد بە قەتڵ و عامی گەلی کورد و بۆمبای کیمیاویان بە سەر خەڵکی بێ

تاوان و سڤیلی شاری هه ڵه بجه دا باراند. له ئاکامی ئه و وه حشیگه ریه ی حکوومه تی عێراق دا زیاتر له 5000 که سی بێ تاوان گیانیان به خت کرد و به ده یان هه زار که سیش بۆ هه موو ژیانیان په ک که وتو بوون و ئازار و شوێنه واری ئه م گازه کیمیاویه له سه ر جه سته یان د ه مێنێته وه . شایانی باسه که کاریگه ری ئه م گازه له سه ر نه وه کانی دوارۆژی ئه م په ک که وتوانه ش د ه مێنێته وه .

له و کاره ساته دا جیهانی به ناو مرۆڤ دۆستی له ڕاستی دا درۆزن و دوو ڕوو مرته قی نه هات و تاوانه که ی حکوومه تی عێراقی شارده وه . بۆمباکانی کیمیاوی که له دژی شاری هه ڵه بجه به کار هێندران له لایه ن حکوومه تی ئاڵمانیاوه بۆ یه که مین تاقی کردنه وه له سه ر له شی مرۆڤ، به دیاری به حکوومه تی عێراق درابوون.





جنایەتی حکوومەتی عێراق لە هەڵەبجە

## بەشی یازدەهەم

## 11- چەند کەسایەتی شۆڕشگێڕی کورد و کوردستان دۆست

### 11.1- ئەحمەدی خانی

ئەحمەدی خانی نوسەری چیرۆکی مەم و زین کە لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی 1695 لە شاری جزیر دا ڕوی داوە لە گەورە پیاوانی پرسیوە و پاشان نوسیوێتەوە. مەم و زین ئاشق و شەیدای یەک دەبن بەڵام بە داخەوە بە یەک ناگەن. زین کە کچە میری جزیر دەبێت و خوشکێکی لە خۆی گەورەتری دەبێت. مەم کە کوڕە هەژار و کرمانجە برایەکی لە خۆی مەزنتری دەبێت. مەم ئاشقی زین دەبێت و پاشان برا گەورەی مەم ئاشقی خوشکە گەورەی زین دەبێت. باوکی مەم بەم شتە دەزانێت و هەموو سامانی خۆی دادەنێت کە کچەکانی میر بۆ کوڕەکانی خۆی بخوازێت. پێشتر برا گەورە و خوشکە گەورە زەماوەند دەکەن و قەرار بوو پاشان مەم و زینیش بە یەکەوە زەماوەند بکەن. بەڵام نۆکەرێکی میر بۆ ئەوەی کە میر زین نەداتە مەم لە نێوانیان دا جاسوسی و دووزمانی دەکات. دواى ساڵێک مەم لە تاوی زین شێت و نەخۆش دەبێت و میر مەم زیندانی دەکات و مۆڵەتی نادات کە زین ببینێت. پاشان

زینیش لە تاوی مەم نەخۆش دەبێت. مەم لە زیندانی میر دا بە دەستی نۆکەری میر دەرمانداو دەکرێت و دەمرێت. پاشان کە زین مەرگی مەم دەبینێ، دەچێتە سەر چیایێک و لە وێوە لە تاوی مەم خۆی دەخاتە ناو چۆمەوە. ئینجا میر لە کارەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و مەم و زین بە یەکەوە لە یەک گۆڕ دا دەنێژێت. پاشان برا گەورەی مەم لە پێش چاوی میر نۆکەرە جاسوسەکەی بە خەنجەر دەکوژێت. دەڵێن هەموو ساڵێک لە سەر گۆڕی مەم و زین دوو گوڵی سور شین دەبن و لە هەموو وەرزی بەهار دا ئەو گوڵانە وەک یەک و بە درێژایی یەک ژیان دەکەن. گۆڕی مەم و زین لە شاری جزیری باکوری کوردستانە .



ئەحمەدی خانی

## 11.2- میقداد مەدعەت بەدرخان

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بووە کە بۆ یەکەمین جار لە لایەن میقداد مەدعەت بەدرخانەوە لە 1898/4/22 ی زاینی دا لە شاری قاهیرە نوسراوە. میقداد لە بنەماڵەی بەدر خانیەکانی باکوری کوردستان بووە کە لە ناچاری توشی پەنابەری بووە و لە ئاوارەیی دا لە سەر نەتەوەی خۆی ڕۆژنامەی دەر کردوە.



میقداد مەدعەت بەدرخان

## 11.3- حاجی قادری کۆیە

حاجی قادری کۆیە شاعیر و مامۆستایەکی گەورەی کوردستان بووە کە بەدەیان هەڵبەستی شۆڕشگێڕانەی نوسیوە و هەستی نەتەوایەتی خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە.

## 11.4- یونیس ڕەئوف دیلدار

هەڵبەستوانی تێکۆشەری کورد مامۆستا دیلدار لە کاتیک دا کە بەندیخانەی حکوومەتی عێراق دا بووە، هۆنراوەی ئەی ڕەقیبی نوسیوە، کە پاشان بوو بە سرودی نیشتمانی گەلی کورد.



(1948 /12/11 - 1918/ 20/02) مامۆستا دیلدار

## 11.5- ماموستا جگەر خوێن ( شێخ موسی کوڕی حەسەن )

جگەر خوێن لە ساڵی 1903 ی زاینی دا لە شاری ماردین و لە گوندی حەساڕێ لە دایک بووە. پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی 1914 دا ئاوارەی گوندی ئامودێ دەبێت. لە 11 ساڵەیەوە لە قوتابخانەکانی کوردستان دا دەست بە خوێندن دەکات. خوێندنی ئایینی مەلایەتی تەواو دەکات بەڵام مەلایەتی ناکات و لە سەرگەلی کورد دەست دەکات بە خوێندن و نوسینی هەڵبەست و مێژووی گەلی کورد. جگەر خوێن بە درێژای ژیانی خزمەتێکی گەورەی بە گەلی کورد و ئەدەبیاتی کوردی کرد. بە دەیان هەڵبەستی شۆڕشگێڕانەی نوسیوە و بەڵام پاشان لە ناچاری توشی ئاوارەیی بووە و لە باکوری کوردستانەوە چۆتە وڵاتی سوئێد و لە شاری ستۆکهۆڵم لە ساڵی 1984 دا کۆچی دوایی کردوە. گڵکۆی ماموستا جگەر خوێن لە شاری قامیشلوی باشوری بچوکی کوردستانە.

## 11.6 - لەیلا قاسم

لەیلا قاسم حەسەن لەدایک بووی شاری خانەقین بووە و لە زانستگای بەغدا لە بەشی ئەدەبیات دا خوێندویەتی و هاوکات ئەندامێکی چالاکی یەکیەتی

خوێندکارانی کوردستان بووە. لەیلا لە 1974/4/28 دا لە گەڵ جەوادی هاوسەری و سێ هەڤاڵی تری لە لایەن حکوومەتی داگیرکەری عێراقەوە لە شاری بەغدا دا گیران و لە 1974/7/13 دا لە سێدارە دران. لەیلا یەکەم کچە گیان بەختکەری سیاسەتمەداری کوردی سەردەمی خۆی بووە کە لە داگیرکەر نەترسا وە و لە کاتی لەسێدارەدانی دا سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبی وتوە.



لەیلا قاسم



مامۆستا جگەرخوێن (1903 - 1984)

## 11.7 - مه ستوره ی شاسواری (ته وار)

**مه ستوره یه که م کچه گیان به خت که ری پێشمه رگه ی ڕۆرهه لاتی کوردستان بووه که له سالّی 1979 دا له شه ڕی ناو شاری سنه به ده ستی سوپای داگیرکه ری ئێران بریندار کراوه و به برینداری که وتۆته ده ستی حکوومه تی فاشیستی ئێران. پاشان خالّخالّی داوای خۆبه ده سته وه دان له مه ستوره ده کات به لام مه ستوره له وه لام دا تف ده کاته ڕوی خالّخالّیه وه. هه ر ئه وه بوو که خالّخالّی جنایه تکار ده ستوری له سێداره دانی مه ستوره ی شاسواری دا. مه ستوره پێشمه رگه یه کی تێکۆشه ر و کادرێکی به توانای کۆمه لّه ی یه کسانی کوردستان بوو.**

## 11.8- مامۆستا هێمن موکریانی

**مامۆستا هێمن موکریانی شاعیرێکی به توانای ناوچه ی موکریان بووه که به ده یان هه لّبه ستی شۆڕشگێڕانه ی نوسیوه. ئه مانه دوو دیوانن له گرنگترین په ڕتوکه کانی ناوبراو: تاریک و ڕوون و ناله ی جودایی. له سالّی** 1921 له مهاباد لەدایک بووه و له سالّی 1986 **له شاری** ورمێ کۆچی دوای کردوه.

## 11.9 - موسا حه نته ر (ئاپێ موسا)

موسا حه نته ر خه ڵكی باكوری كوردستان بوو كه هه موو ژیانی بۆ نوسین له سه ر مافه كانی گه لی چه وساوه ی كورد ته رخان كردبوو. به تایبه ت له باكوری كوردستان دا له بواری ڕۆژنامه وانی كوردی دا ڕۆڵی سه ره كی ده گێڕا. له فێر كردن و ده رس دانی لاوانی باكوری كوردستان دا ڕۆڵێكی گه وره ی هه بوو.

موسا حه نته ر یه كه مین كه س بوو كه فه رهه نگی زمانی كوردی - توركی نوسیوه و له خزمه ت كردن و پێش خستنی زمان و ئه ده بیاتی كوردی دا ڕۆڵێكی بێ وێنه ی هه بووه .

هه ر بۆیه كه داگیركه ری توركیه ته حه مولی موسا حه نته ری نه كرد و له 1992/9/20 دا پلانی كوشتنی بۆ دارێشت. موسا حه نته ر له ماڵه كه ی خۆی له شاری ئامه د به ده ست ڕێژی گولله بارانێک له لایه ن به كرێ گیراوه كانی حكوومه تی توركیه وه كوژرا و كۆتایی به ژیانی ئه م شۆڕشگێڕه هێندرا. به م شێوه یه موسا حه نته ریش چوه ناو ڕیزی كاروانی له پسان نه هاتوی شه هیدانی كوردستان.

## 11.10 - ماموستا ئیسماعیل بەشکچی

دوکتور ئیسمائیل بەشکچی خەلکی شاری چرومی تورکیە و بو خوی تورکە بەلام هەموو ژیانی بو نوسینی راستی رووداوەکانی گەلی کورد و ولاتی کوردستان تەرخان کردوە. بەشکچی کە دوکتورای سوسیولوژی هەیە و لە زانستگاکانی تورکیە دا بو ماوەی چەندین سال ماموستایەتی کردوە بەلام بە داخەوە لە سەر بیر و باوەرەکەی و نوسروەکانی تاوانی 111 سال زیندانی پی دراوە. بەلام تەنیا 18 سال لە زیندانەکانی تورکیە دا گیرا و لە کوتایی سالی 1999 دا ئازاد کرا. بەشکچی دەیان نوسراوەی بەنرخی لەسەر گەلی کورد نوسیوە کە بە نرخترنیان پەرتوکیکە بەناوی کوردستان کولونی ناو دەولەتانە.


دوکتور ئیسمائیل بەشکچی


ماموستا موسا حەنتەر

## بەشی دوازده

### 12- کۆتایی

لەسەدەی بیست ویەکەم دا کە باس لە ئاشتی و یەکسانی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، زۆرینەی نەتەوەکانی جیهان کیانیک و وڵاتێکیان هەیە کە بەناوی نەتەوەیی خۆیانە. شەرمێکی مەزنە بۆ هەموو مرۆڤایەتی کە کورد یەکیکە لە گەورەترین نەتەوە، کە کیانەکەی بەڕەسمی لە لایەن ناونەتەوەییەوە دانی پێدانەهێندراوە وناسنامەی نەتەوایەتی قبوڵ نەکراوە.

ئەرکێکی مێژوویە لەسەر مرۆڤ دۆستان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و هەموو خاوەن هەستێک، کە لە پێناوڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە جیهان، لێپرسیەکی گشتی (ڕفراندۆم) لە سەر کیانی کوردستان دا پێک بێنن بۆ ناساندنی ناسنامەی کورد کە کوردستانی بوونیەتی.

کورد هەردەم وەک کەمینە نەتەوە لەناو وڵاتەکەی خۆی دا ناوبراوە. نەتەوەیەک کە خاوەنی زمانی جیاواز، بەرهەنگی جیاواز، خاکێکی جیاوازە، ئەوە نەتەوەکی جیاوازە و کەمینە نییە لە وڵاتێکی تردا. کەس ناتوانێت بڵێت کە لە بریتانیا دا خەڵکانی سکۆتلەندی و وەڵشی کەمینە نەتەوەنە. چونکە هەم فەرهەنگ، زمان و کێانی خۆیان هەیە کە

جیاوازە لەگەڵ ئینگلیسیەکان. جابۆیە کە پێویستە ناوبردنی کورد وەک کەمینە نەتەوە، قەت لە لایەن کوردەوە قبوڵ نەکرێت.

خاڵە گرینگەکانی شێکراوەی باس کراو لە هەموو بەشەکانی ئەم پەڕتوکە، سەلمێنەری هەبوونی نەتەوەیەکن کە ناوی کوردە و لە سەرکیانێک دەژیت ناوی کوردستانە و ئەوکیانەش ماڵی خۆیەتی و لە کەس داگیری نەکردوە. نەتەوەی کورد زمان، فەرهەنگ و تەنانەت ئایینە سەرە کیە کە شی لە گەڵ هەموو نەتەوەکانی تورک و عەڕەب و فارس جیاوازە، هەربۆیەشە پێویستە کە کورد بوێرانە بێتە مەیدان و دان بە هەبوونی خۆی دابنێت وجیرانەکان و کۆمەڵگەی ناونەتەوەیش وادار بەوە بکات کە دانی پێدابنێن. هەر وەک وتوویان ماف نادرێت و دەبێ بستێندرێت. نەتەوەکانی تریش بە سەرهەڵدان و گوشاری ناودەوڵەتی توانیویانە کە هەبوونیان بە جیهان بسەلمێنن.
بەهیوای کوردستانێکی ئازاد و ژیانێکی یەکسانی خواز بۆ هەموو مرۆڤانی جیهان.

سەرچاوەکان

1- جوگرافیای کوردستان، نوسراوەی عەبدوڵلا غەفور

2- سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک)، نوسراوەی محەممەد ڕەسوڵ هاوار 1995

3- کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی لە بەر ڕۆشنایی ستراتیژی بزوتنەوەی کوردایەتی دا، نوسراوەی حوسێن محەممەد عەزیز 1996

4- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، نوسراوەی هەڤاڵ جومعە 1996

5- کوردستان تایمز، نوسراوەی مستەفا ئاڵ قەرەداغی 1992

6- شرفنامە، تاریخ مفصل کردستان، نوسراوەی شەرەفخانی بدلیسی، بەرگی ولادیمێر ویلیا مینۆف زرنۆف 1596

7- دین زرتشت و نقش آن در جامعە ساسانیان، نوسراوەی فرشتە عەبدوڵلاهی 1990

8- تاریخ اجتماعی ایران، نوسراوەی مورتەزا راوندی 1996

9- لە قەندیلەوە بڕوانە ڕاستیەکان، لە بیرەوەریەکان و ژیاننامەی سیاسی شۆڕشگێڕانەی حەولای مەلا عوسمانی (شەهید مامۆستا قەندیل) 1982

10- وتو وێژێک لە گەڵ مامۆستا خدر قادر (خدر کوردستانی)، 2000

11- وتو وێژێک لە گەڵ پرۆفسۆر عیززەت شەریف وانلی، 2001

# Kurdistan Nasnamei Min



## كوردستانی بوون ناسنامەی هەر مرۆڤێکی کوردە